
# خەڵك بەچی دەژی؟

تۆلستۆی

و. عەزیز گەردی



# خەڵک بە چی دەژی

نووسینی: تۆلستۆی

وەرگێڕانی: عەزیز گەردی

کتێبی: خەڵک بە چی دەژی

بابەت: چیرۆک

نووسینی: تۆڵستۆی

وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە: عەزیز گەردی

نەخشەی بەرگ و ڕێکخستنی لاپەڕەکان: ژیکان صابر

چاپی یەکەم: هەولێر / ۲۰۱۷

ژمارەی سپاردن: (۱۵۰ / ۲۰۱۷)

ژمارەی دانە: ۱۰۰۰

نرخی: ۵۰۰۰ دینار

بڵاوکردنەوەی: کتێبخانەی کامبریج، ژمارە ٤

مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە بۆ وەرگێڕ

# ناوەرۆک


(١) خەڵک بە چی دەژی؟ ........................ ٧

(٢) دوو پیرەمێرد ........................ ٤٥

(٣) ئاگر هەڵگیرسا، دانامرکێتەوە ........................ ٨١

(٤) کوڕاوەمۆر ........................ ١٠٧

(٥) ماڵاشاو ئاکولینا ........................ ١٣٧

(٦) خۆشەویستی لە کوێ بێ، خوا لەوێیە ........................ ١٤١

(٧) شەمالۆک ........................ ١٦٣

(٨) گوناهکاری تۆبەکار ........................ ١٨١

(٩) یەکەم دڵۆپێن ........................ ١٨٧

(١٠) سێ پیر ........................ ١٩٣

# (١)

# خەڵک بە چی دەژی؟

# ١٨٨٥-١٨٨١

(دەزانین ئێمە لە مردنەوە هاتووین بۆ ژیان چونکە براکانی خۆمان خۆش دەوێ. ئەوەی برای خۆی خۆش نەوێ، لە مردندا دەمێنێ.) یۆحەننا ٣: ١٤.

(ئەوەی خێراتی دونیای هەبێ‌و ببینێ برای موحتاجەو دڵی خۆی بەرامبەر دابخا، چۆن خۆشەویستی خوای تێدا دەچەسپێ؟) یۆحەننا: ٣: ١٧

(رۆڵەکانم، ئێمە خۆشەویستی بە قسەو بە زمان ناکەین بەڵکە بە کردەوەو بە هەق دەیکەین.) یۆحەننا ٣: ١٨

(خۆشەویستان، با یەکترمان خۆش بوێ، چونکە خۆشەویستی لە خواوەیە. ئەوەی خۆشەویستیی هەبێ، لە خواوە بووەو خوا دەناسێ.) یۆحەننا ٤: ٧

( ئەوەی خۆشەویستی نەبێ، خوای نەناسیوە چونکە خوا خۆشەویستییە.) یۆحەننا ٤: ٨

(خوا، هەرگیز کەس نەیدیوە. ئەگەر یەکترمان خۆش بوێ، خودا لەناوماندا دەچەسپێ‌و خۆشەویستیی ویمان تێدا تەواو دەبێ.) یۆحەننا: ١٢

*(ئێمە ئەو خۆشەویستییەمان زانیوەو باوەڕمان پێ هێناوە کە بۆ خودایەو لە ئێمەدایە. خودا خۆشەویستییەو ئەوەی لە خۆشەویستیدا بچەسپێ ، لە خودادا دەچەسپێو خودا بەو دەچەسپێ.) یۆحەننا ٤: ١٦*

*(ئەگەر یەکێ گوتی: خوام خۆش دەوێو رقی لە برای خۆی بووەوە، درۆزنە. چونکە ئەوەی برای خۆی خۆش نەوێ کە دیویەتی، چۆن دەکارێ خوای خۆش بوێ کە نەیدیوە.) یۆحەننا ٤: ٢٠*

I

پینەدۆزێك لەگەڵ ژنو منداڵەکانی لە ژوورێك دەژیا لە جوتیارێکی بە کرێ گرتبوو، چونکە خۆی نە خانووی هەبوو، نە زەوی. بە پینەدوزیی ماڵو عەیالی بەڕێوە دەبرد. نان گران بوو، کرێی ئیش کەم بوو. کارەکەی هەر بخۆو برۆ بوو. بە خۆو بە ژنەوە هیچیان نەبوو، تەنیا یەك فەروەیان هەبوو. ئەویش خەریك بوو دەدڕا. پینەدۆزەکە دوو ساڵ بوو، هەوڵی دەدا هەندێ کەوڵە بەرخ بکڕێ بۆ ئەوەی بیکا بە فەروەیەکی نوێ.

سەروبەندی پایز بوو، دیتی هەندێ پارەی هەیە: سێ روبلی کاغەزی لە ناو باوڵی ژنەکەی هەبوو، پێنج روبڵو بیست کوبیکیشی قەرز لەسەر جوتیارانی دێ هەبوو.

سبەینەیەك، پینەدۆز بڕیاری دا بچێتە شارو فەروەیەك بۆ خۆی بکڕێ. کورتەکی بە لۆکەی ژنەکەی کردە بەرو کەوای چۆخی لەسەر لەبەر

کردو سێ ڕۆبلەکەی نایە تەنکەی باخەڵیو دەستی دایە داردەستەکەیو دوای ناشتا، بۆی دەرچوو.

پینەدۆزەکە بیری کردەوە: (پێنج روبلەکە لە جوتیارەکان وەردەگرمەوە. بە پارەکەو بەو سێ روبلەی پێمە، دەتوانم بای فەروەیەك کەوڵە مەڕ بکڕم.

کە گەیشتە گوند، چووە ماڵی جوتیارێکی قەرزاری، جوتیارەکە لە ماڵەوە نەبوو. ژنەکەی بەڵێنی پێدا لەو حەفتەیە پارەکەی بۆ رەوانە بکا بەڵام هیچی نەدایە. جوتیارێکی تر سوێندی بۆ خوارد هیچی نییە بیداتیو تەنیا بیست کوبیکی دا بۆ چاکردنەوەی بنی پێڵاوی.

پینەدۆزەکە بیری کردەوە کەوڵ بە قەرز بکڕێ بەڵام بازرگانەکە رازی نەبوو. پێیگوت:

- پارە بێنە، چیت دەوێ ببە. چونکە ئێمە دەزانین خەڵك چەند بە زەحمەت قەرزەکانمان دەدەنەوە.

پینەدۆزەکە هیچی کۆنەکردەوە. جگە لەو بیست کوبیکەی بۆ چاکردنەوە بنی پێڵاوێك وەری گرت، تەنیا پێڵاوێکی وەرگرت بۆ چاکردنەوەی بنەکەی.

پینەدۆز کەوتە بن بارەکی غەمان. چووە مەیخانەو بای بیست کوبیك خواردییەوەو بە بێ کەوڵە بەرخ گەڕایەوە. بەیانی کە چوو، بە درێژایی ڕێگا سەرمای بوو، بەڵام لە گەڕانەوەدا، هەرچەندە بێ فەروە بوو، سەرمای نەبوو چونکە خواردبوویەوە. بە سووکی دەڕۆیشت، بە

دەستێك، داردەستی لە زەوی شەختەبەند دەداو بە دەستەکەی تر، پێڵاوەکەی با دەدا. لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

- (من بە بێ فەروەیش سەرمام نییە، بادەیەکی بچووکم خواردۆتەوەو خوێنم پڕ بووە لە ئاوی ژیان. فەروە بە چ کەلك دێ؟ من ڕۆیشتمو دەردەسەری خۆم لە بیر کرد. من ئاوام! چ باکم بە شتی وایە!؟ دەتوانم بە بێ فەروە بژیم. تا ماوم لە بەری ناکەم. بەڵام ژنەکەم حەز ناکا. ڕاستیش ئەمە هۆی خۆی هەیە! ئێمە ئیشیان بۆ دەکەینو ناچارمان دەکەن لە دوویان ڕابکەین... نەختێ چاوەڕێ دەکەم، ڕازی نابێ پارەکەمم بداتێ... لە ئەدەب دەردەچم، سوێندت بۆ دەخۆم وا دەکەم...ڕەوشتێکی خراپە. بیست کوبیك حیساب دەدەن!...چ لە بیست کوبیك بکەین؟! لە مەیخانە بە خواردنەوەی دەدەین، ئەوەندەیەو بڕایەوە.)

بەردەوام بوو لەبەر خۆیەوە دەدوا:

(کلۆڵی! کلۆڵی!...کلۆڵی من! تۆ خۆت ماڵو ماڵاتو شتی ترت هەیە، بەڵام من تەنیا خۆمم هەیە. تۆ نانی زەوی خۆت دەخۆی، بەڵام من نان دەکڕم. حەفتەی بای سێ (٣) ڕوبل نان دەکڕمو دەگەڕێمەوە ماڵێ، دەبینم نانەکە خوراوەو دەبێ ڕوبلو نیوێکی تر خەرج بکەم. دە کەواتە چ قەرزی منت لە سەرە، بمدەوە!)

پینەدۆز بەم جۆرە گەیشتە نزیك کلێسە، لای پێچی ڕێگا. شتێکی سپی لە پشت کلێسە بینی. ڕۆژ لە سەر ئاوابوون بوو، پینەدۆز بە باشی نەیدەدی.

(ئەوە چییە لەوێ؟ هیچ بەردی سپی لێرە نەبووە. ئایا ئەمە مانگایە؟ نا. وێ ناچێ مانگا بێ. لە سەرییەوە هەر لە بنیادەم دەکا. بەلام بۆچی وا سپییە؟و لێرە چ دەکا؟

نزیك کەوتەوە. شتی باشتر لێك دەکردەوە. ئای عاجباتی پڕ بە وراتی!! خۆ ئەوە بە راستی بنیادەمە! ئایا زیندووە، یان مردووە؟ دانیشتووە، رووت‌و قووتە، بە بێ جوولە پشتی بە دیواری کلێسەوە داوە. پینەدۆز سامی لێ نیشت‌و بیری کردەوە: (ئەوە کابرایەکە کوژراوەو لێرە فڕێدراوە! ئەگەر نزیکی بکەومەوە، دونیایەك دەردەسەری بۆ خۆم دەنێمەوە!)

رۆیشت‌و بە دەوری کلێسەدا سووڕایەوە. دوای چەند چرکەیەك، ئاوڕی دایەوە، دیتی کابرا لە پاڵ دیوار لاکەوت. جوولایەوە. دەتگوت چاوی بڕیوەتە ئەم. پینەدۆز زەندەقی چوو. بیری کردەوە: (ئایا بگەڕێمەوە؟ یان رابکەم؟ ئەگەر بچمە لایەوە، خۆم تووشی بەلا دەکەم. ئاخۆ دەتوانم بزانم ئەمە چ جۆرە بنیادەمێکە؟! بە لای منەوە، بوونی لێرە شتێکی بەرشکە. دەستم لە خنخنۆك دەنێ‌و رەنگە لە دەستی دەرباز نەبم. گرێمان نەیخنکاندم، لە سەر کەمترین شت لێمان دەبێ بە کێشە! جگە لەوە چ لە بنیادەمێکی وا رووت‌و قووت بکەم؟! ناتوانم جلم دابکەنم‌و لەبەر ئەوی بکەم. تاکە جلی خۆمی بدەمێ. خوایە لەم تەنگانەیە نەجاتم بدە!)

لە کلێسە تێپەڕی، بەلام ویژدانی ئازاری دا. لە چەقی رێگا وەستاو لەبەر خۆیەوە گوتی: (ئەوە تۆ چ دەکەی، (سیمۆن)، چ دەکەی؟!

مرۆڤێك بە بێ پشتو پەنا دەمرێو تۆیش دەترسیو رادەکەی؟! ئایا تۆ دەوڵەمەندی؟ دەترسی پارەکەت لێ بە تالان ببەن؟ ئاخ (سیمۆن)، شتی وا باش نییە.!)

٢

(سیمون) نزیك کەوتەوەو تەماشای کرد. گەنجێکی بە وەجی بینی. هیچ دەوسی لێدانو توندو تیژی بە جەستەوە دیار نەبوو. بەڵام لە سەرمان چرکو هۆڕ دەلەرزی. سەرمای پێوە دیار بوو. دانیشتبوو، پشتی دابووە دیوار. تەماشای (سیمۆن)ی نەدەکرد. پێیەوە دیار بوو شەکەت بێ. نەیدەتوانی پێلووی بلند بکا.

(سیمون) زیاتر چووە پێش، داهاتەوە سەر کابرا. کابرا لە پڕ بووژایەوەو سەری وەرسووڕاندو چاوی کردەوەو سەرنجێکی لێدا. (سیمون)، کە ئەو سەرنجەی بینی، خۆشەویستی کابرای کەوتە دڵ. پێڵاوی داکەندو زوناری کردەوەو فڕێی دایە سەر پێڵاوەکەو کەوای لەبەر کردەوەو گوتی:

– پێویست بە حەفتو هەشت ناکا، بگرە. زوو لە بەر کە!

(سیمۆن) بن هەنگڵی کابرای گرتو هەڵیساندەوەو لە سەر پێی خۆی رایگرت. لەشی ناسكو لەڕو پاکی بینی، بازوو و قاچە ساغەکانی بینی، رووی نەرمو نیانی بینی. کەواکەی بە پشتی دادا، بەڵام کابرا نەیتوانی دەستەکانی لە قۆڵی کەواکە رابکا. (سیمۆن) یارمەتی داو دەستی لە ناو قۆڵی کەواکە راکردو دوگمەکانی

داخستو زوونارى بۆ بەست. ویستی کڵاوەکەی لە سەر بکاتەوەو ئەویش لە سەری کابرا بنێ بەڵام هەستی کرد سەری سارد بوو. بیری کردەوە: (من تەواو هەویژو سەرتاسم کەچی ئەو قژێکی درێژو بە گروازەی هەیە.) کڵاوەکەی بۆ خۆی هێشتەوەو لە دڵی خۆیدا گوتی: (وا چاکە پێڵاوەکەی لە پێ بکەم.)

(سیمۆن) لەبەردەم کابرا هەڵتزووشکا. پۆتینی کردە پێی. ئینجا پێی گوت:

– برا، یاڵلا! نەختێ خۆت راوەشینەو خۆت گەرم کەوە! چ ئیشمان لێرە نەما. دەتوانی برۆی؟

کابرا لە جێی خۆی وەستا، هیچ قسەی نەکرد. بە نەرمی تەماشای (سیمۆن)ی کرد.

– بۆ قسە ناکەی؟ خۆ ئەو زستانە هەمووی لێرە نابین! دەبێ بچینەوە. یاڵلا دەستە دە داردەستەکەم،. ئەگەر تاقەتت نەماوە خۆت بە سەر داردەستەکە دادە. یاڵلا برۆ!

کابرا زۆر بە سانایی رۆیشت. نەکەوتە دواوە. مل بە ملی یەك رۆیشتن. (سیمۆن) لێی پرسی:

– تۆ خەڵکی کوێی؟

– خەڵکی ئێرە نیم.

– من هەموو خەڵکی ئەم ناوە دەناسم. تۆ چۆن کەوتیتە ئەو پشت کلێسەیە؟

– ناتوانم پێت بڵێم!

- ڕەنگە یەکێ خراپەی لەگەڵ کردبێت؟

- نا. کەس خراپەی لەگەڵ نەکردووم. خوا سزای داوم.

- بێ شک هەموو شتێ بە دەست خوایە!...بەڵام بە هەر حاڵ پیاو دەبێ بچێتە جێگایەك. تۆ دەچیتە کوێ؟

- بە لای منەوە هەمووی یەکە.

(سیمۆن) سەری سوڕما. لەوە ناکا، کابرا ئێسك گران بێ. قسەی خۆشە. بەڵام هیچ باسی خۆی ناکا. (سیمۆن) ئەمەی هەموو بەلاوە زۆر نائاسایی بوو. بە کابرای گوت:

- باشە. وەرە ماڵی ئێمە. نەختێ لای ئێمە خۆت گەرم کەوە.

(سیمۆن) گەیشتە نزیك حەوشەی ماڵی خۆیان. برادەرەکەی لە تەك دەڕۆیشت. بای هاتو کراسی (سیمۆن)ی دڕاند.

(سیمۆن)، سەرخۆشیی نەما. لە سەرمان چرکو هۆڕ دەلەرزی. کورتەکەکەی لە خۆی توند کرد. بیری کردەوە: ئای حاڵم چەند شڕە!. بە ڕاستی تەنگانەیە. چووم فەروە بکڕم، بەبێ کەوا هاتمەوە. سەرباری ئەوە، کابرایەکی ڕووتیشم هێنا. (ماترۆنا) ئەممەم لێ پەسند ناکاو ئافەرینم لێ ناکا.

(سیمۆن)، کە بیری لە ژنەکەی کردەوە، غەم دایگرت. تەماشای کابرای کردو ئەو سەرنجەی بیر کەوتەوە کە کابرا لە پشت کلێسە تێی بڕی، لە خۆشییان دڵی کەوتە سەما.

## ٣

ژنی (سیمۆن) زوو کاری ماڵەوەی تەواو کرد: داری سووتانی شکاند، چووە سراوێ ئاوی هێنا، منداڵی دامەزراندن. تێشتی خوارد. ئینجا بیری لە نان کردەوە. ئاخۆ ئەمڕۆ نان بکا، یان بەیانی؟ هێشتا نانێکی گەورە لە سەر تریان ماوە.

لە دڵی خۆیدا بیری کردەوە: (...(سیمۆن) لە گوند فراوینی خواردووە، ئەگەر ئەمڕۆ ئێوارێ نان نەخوا. بای سبەی نیوەڕۆ نانمان دەمێنێ.) چەند جارێك نانەکەی هەڵگێڕو وەرگێڕ کرد.

– ( ئەمڕۆ نان ناپێژم. تەنیا بای یەك نان ئاردمان ماوە، تا هەینی دەبێ رایبکێشین.)

(ماتریۆنا) نانەکەی شاردەوە. لە تەك پەنجەرە دانیشت بۆ ئەوەی جلی مێردی چاك بکاتەوە. دورمانی دەکردو بیری لە مێردی دەکردەوە کە چوو کەوڵە بەرخێك بکڕێ بۆ ئەوەی فەروەیەکی لێ دروست بکا: (دەبێ بازرگانەکە قوڵی نەبڕێ!! مێردەکەم پیاوێکی ساویلکەیە...کەس تەفرە نادا، بەڵام منداڵێك دەتوانێ بیخاپێنێ.. هەشت روبل پارەیەکی زۆرە! فەروەیەکی باشی پێدێ، بێ شك فەروەیەکی سادە. بەڵام بە هەر حاڵ فەروەیە! پار زستانێ، زۆر تووش بوو. ناتوانم بێ فەروە بچمە سەر کانی، یان هەر شوێنێکی تر. ئاوها رۆیشتو چی هەبوو هەمووی لەبەر کردو هیچی نەهێشتەوە من بە پشتی خۆمی دا بدەم... ئای چەند تاخیر بوو! دەبوایە تا ئێستا بهاتایەتەوە.. لەوانەیە لە مەیخانەیەك گیر بوو بێ. مێردی من!)

(ماتریۆنا) بیری لەم شتانە دەکردەوە، سبرەی پایەکانی کۆسپەی دەرگا هات. یەکێ هاتە ژوورەوە. وازی لە کارەکەی هێناو چووە پێشخان. دیتی دوو پیاو هاتنە ژوورەوە: (سیمۆن)و جوتیارێکی تری سەرکۆت، پۆتینێکی لبادی لە پێ بوو.

(ماتریۆنا) لە هەناسەی (سیمۆن) زانی خواردوویەتییەوە. لە دڵی خۆیدا گوتی: (بە مسۆگەری دەمزانی! خواردوویەتییەوە! . کە بە بێ کەواو بە دەست بە تاڵیو کپو بە دڵتەنگی بینی، بەسەزمانە رووخا. (پارەکەی بە خواردنەوە داوە. لەگەڵ ئەو چەتوونە چۆتە مەیخانەو ئەوە لەگەڵ خۆیشی هێناویەتەوە.)

(ماترۆنا) رێی دان بێنە ژوورەوە بۆ ناو کووخە دارەکەیان. بە بێدەنگی کەوتە شوێنیانەوە. کابرای لایەدی گەنجێکی لەڕ بوو کەوای مێردی ئەمی لەبەر بوو، هیچ کراسی لە بن کەوا لەبەر نەبوو. کڵاویشی لەسەر نەبوو. کابرا، کە هاتە ژوورەوە، رەق راوەستا. چاوی شۆڕ کرد. (ماتریۆنا) لە دڵی خۆیدا گوتی: (ئەمە کوڕێکی گەندەڵە! دەشترسێ!)

(ماتریۆنا) بە مرووز گرژی رووی کردە ئاگردان، چاوەڕێی کرد بزانێ چ روو دەدا.

(سیمۆن) کڵاوەکەی لەسەر کردەوە وەکوو مێردێکی چاکو خزمەتگوزار لە سەر کورسی دانیشتو گوتی:

– (ماتریۆنا)، دە شێومان بۆ بێنە!

(ماتریۆنا) کردی بە منگە منگ. بە بێ جوولە لە بەر ئاگردان وەستاو جارێ، تەماشای ئەمی دەکردو تاوێ، سەیری ئەو. (سیمۆن)، کە بینی ژنەکەی وڕووژاوە_ چ بکا _ خۆی لە گێلی دا. دەستی کابرای لایدەی گرتو پێی گوت:

– دانیشە با شێو بخۆین!

کابرا لە سەر کورسی دانیشت.

– ئەمڕۆ ئێوارێ، نانت نەکردووە؟

– (ماترۆنا) دەهری بوو:

– نانم کرد بەڵام بۆ تۆ نا. چووی خواردوتتەوەو سەرخۆش بووی. (چوو فەروە بکڕێ، بە بێ کەوا هاتەوە. سەرەڕای ئەمەیش بەرەڵلایەکی رووتەڵەی لەگەڵ خۆی هێناوە. ) شێوم بۆ دوو سەرخۆشی وەکوو ئێوە نییە.

– (ماتریۆنا) بەسی کە! بەس زمانت بە قسەی گێلانە بگەڕێ! وا چاکە یەکەم جار لێم بپرسی: ئەم پیاوە کێیە؟

ژنەکە دەستی پێکردەوە:

– پێش هەموو شتێ پێم بڵێ، پارەکەت چ لێکرد؟

(سیمۆن) دەستی بۆ گیرفانی بردو روبلەکانی دەرهێنا.

ئەوەتە پارەکە! (تریفۆنۆڤ) پارەی نەدا، هەرێی دا بەیانی بیدا.

(ماتریۆنا) شێتگیر بوو: فەروەی نییە. یەك تاکە کەوای هەبوو ئەویشی بە سەر پشتی ئەم بەرەڵلا رووتەڵەیە داداوە کە لەگەڵ خۆی هێناوە!

سەرباری ئەمەیش، پارەکەت بردو چووی بۆ ئەوەی خەرجی بکەی. ئینجا گوتی:

- شێوم نییە. ئێمە ناتوانین هەر سەرخۆشێکی رووتەڵە هات، خواردنی بدەینێ.

- واز لەوە بێنە، (ماتریۆنا)، زمانت بگرە! گوێ بگرە چت پێ دەڵێم.

- گوێم گرتووە لە قسەی گێلانەی ئەو گەوجەی خواردووتییەوە. ئاخ! چەند هەقم بوو کە رازی نەدەبووم شووت پێ بکەم! هەی سەرخۆش! دایکم شتێکی پێدام، چووی بە خواردنەوەت دا. ئینجا چووی فەروە بکڕی پارەکەت بە خواردنەوە دا.

(سیمۆن) ویستی تێی بگەیەنێ تەنیا بیست کوبیکی لە مەیخانە خەرج کردووەو ویستی بە ژنەکەی بڵێ چۆن لەو پیاوە راست هات، بەڵام (ماتریۆنا) رێگای نەدا یەك وشەی تر بڵێ. لە جێی هەر وشەیەك، دوو وشەی تێ دەکوتا. بەسەرهاتی دەساڵی، بە چاوی دادایەوە. هەر قسەی کردو قسەی کرد. ئینجا قۆڵی کورتەکی (سیمۆن)ی گرت:

- کورتەکەکەم بدەوە. هەر ئەوەندەم هەیە. ئەویشت لێ وەرگرتم. ئەوەتا لە بەرتە. هەی سەگی پیس. دەك خوا لێت هەڵنەگرێ!!

(سیمۆن) ویستی کورتەکەکە لەبەر بکاتەوە. ژنەکە رایکێشاو قەیتانی پسا. ئاخیری کورتەکەکەی وەرگرتەوەو لەبەری کردو رووی کردە دەرگا. ویستی بڕوا. بەڵام لە هیکەوە راوەستا. زۆر تووڕەو هارو

هاچ بوو. ویستی رقی خۆی بەسەر یەکێ دا بڕێژێ. لە هەمان کاتدا ئاگری گرتبوو بزانێ ئەو کابرایە کێیە؟!

٤

(ماتریۆنا) لە سەر کۆسپەی دەرگا وەستاو گوتی:

– ئەگەر پیاوێکی شەریف بوایە، رووت نەدەبوو. چاو دێ کراسی نییە. ئەگەر خێرت تێدا بوایە، پێت دەگوتم ئەو پیاوە قۆزەت لە کوێ هێنا.

– ئەوە پیت دەڵێم.: بە لای کلێسەدا تێپەڕیم. ئەم گەنجەم دی رووت بوو. وەخت بوو بقەسرێ. هاوین نییە..خوا منی بۆ نارد ئەگەر نا، ئەم شەو دەمرد. چار چییە؟ شت دێ. هەڵمساندەوەو جلم کردە بەرو هێنامە ئێرە. ئارام بەرەوە! (ماتریۆنا)، شتی وا گوناحە! دونیا مەرگ‌و مردنە!

(ماتریۆنا) ویستی وەڵامی بداتەوە، بەڵام سەرنجێکی لە کابرای لایدە داو بێدەنگ بوو. کابرا بە بێ جوولە، لە سەر کورسی دانیشتبوو. دەستی وەکوو خاچ لەسەر زرانی، لە یەك تێپەڕاند بوو، سەری کەوتبووە سەر سینگی. خنە خنی بوو، دەتگوت دەیخنکێنن. (ماتریۆنا) بێدەنگ بوو. (سیمۆن) پێی گوت:

– ئەوە خوا دڵی مراندووی؟ چییە؟

لەگەڵ ئەو قسانەدا، (ماتریۆنا) جارێکی تر لە کابرای لایدە ورد بووەوە. دڵی نەرم بوو. سەرکۆسپەی جێ هێشت‌و رووی کردە

ئاگردان بۆ ئەوەی شێو ئامادە بکا. قاپی لە سەر سفرە داناو شەرابی تێکرد. دوا نانو کەوچكو چەنگاڵی هێناو گوتی:

- فەرموون، بخۆن.

(سیمۆن) کابرای بردە سەر سفرەو گوتی:

- وەرە پێش، گەنجۆ!

نانەکەی کەرت کردو رشاندی. دەستیان بە خواردن کرد. (ماتریۆنا) لە لایەکی سفرە دانیشتو مشتی دایە بەر چەناگەیو تەماشای کابرای لایدەی کرد.

زۆری بەزەیی پێداهاتەوەو ئەویش دڵی کەوتە سەر کابرا. کابرای لایدا کەیفی ساز بوو، سەری هەڵبڕیو بزەیەکی بۆ (ماتریۆنا) کرد. شێو خورا. (ماتریۆنا) ئامانەکانی هەڵگرتو گوتی:

- تۆ خەڵکی کوێی؟

- خەڵکی ئێرە نیم.

- ئەی چۆن کەوتیتە ئێرە؟

- ناتوانم پێت بڵێم.

کێ جلی لێ سەندووی؟

- خوا سزای داوم!

- بۆیە رووتی؟

- بەڵێ. ئەوا رووت بووم. وەخت بوو بقەسرم. (سیمۆن) منی بینیو سکی پێسووتام، کەواکەی خۆی کردە بەرمو داوای لێکردم شوێنی

کەوم. تۆیش بەزەییت پێمدا هاتەوە. خواردنو خواردنەوەت پێشکەش کردم. خوا خێرت بنووسێ.

(ماتریۆنا) هەستا. کراسی (سیمۆن)ی لە لای پەنجەرە هێنا. هەڵیگرت دایە کابرای لایدە. شەرواڵێکیشی دایەو پێی گوت:

- بگرە! دەبینم کراست لەبەر نییە. لەبەری کە. لە کوێت دەوێ، لەوێ بخەوە: لە سەر کورسی؟ لەبەر ئاگردان؟

کابرای لایدە کەواکەی داکەندو کراسو شەرواڵەکەی لەبەر کرد. لە سەر کورسی راکشا. (ماتریۆنا) چرای کوژاندەوە، دەستی دایە کەواکەو چووە بەر ئاگردان، لای مێردی راکشاو لایەکی کەواکەی بە سەر خۆی دادا. بەڵام خەوی لێنەکەوت. مێشکی بە کابرای لایدەوە خەریك بوو. بیری لەوەیش کردەوە کە چی نان مابوو هەموویان خوارد. بەیانی نانیان نییە. ئەوەتا کراسو شەرواڵی (سیمۆن)یشی دایە کابرا. غەم دایگرت، بەڵام خەندەی کابرای لایدەی بیر کەوتەوەو لە خۆشییان دڵی کەوتە سەما.

(ماتریۆنا) هەر بە خەبەر بوو. (سیمۆن)یش نەخەوت. هەر کەواکەی بۆ لای خۆی رادەکێشا.

- (سیمۆن)!

- چییە؟

هەموو نانەکەمان خوارد. ئەمڕۆ نانم نەکردووە. بەیانی چ بکەم؟ ئایا سۆزی، بچم داوا لە (میلانیا) بکەم هەندێ نانم بە قەرز پێ بدا؟

- ئەگەر نەمرین، شتێك هەر دەبێ بیخۆین.

کەمێ بێدەنگ بوون.

- ئەو کابرایە بێ دەچێ پیاوێکی باش بێ. بۆچی هیچ باسی خۆی ناکا؟

- بێ شك دیارە ناتوانێ.

- (سیمۆن)؟!

- چییە؟

- ئێمە شت بە خەڵك دەدەین، ئەی بۆچی کەس شت بە ئێمە نادا؟

(سیمۆن) نەیزانی چۆن وەڵام بداتەوە. پشتی وەرگێڕاو گوتی:

- با بەس قسە بکەین.؟

نووست.

٥

- (سیمۆن) زوو بە خەبەر هات. منداڵ هێشتا خەوتبوون. ژنەکەی چووە دەرەوە بۆ ئەوەی نانێك لە ماڵە جیرانان بە قەرز بێنێ. کابرای لایەدی دوێنێ، بە کراس و شەڵواری کون لە سەر کورسی دانیشتبوو. چاوی بڕیبووە ئاسمان. ڕووی ڕوون و گەشتر بوو.

(سیمۆن) گوتی:

- برا، ورگ خواردنی دەوێ و لەش بەرگ. پێویستە مرۆڤ خۆی خەمی خۆی بخوا. خواردن پەیدا بکا. ئایا تۆ دەتوانی کار بکەی؟

- هیچ نازانم.

(سیمۆن) مێزەی کردو گوتی:

- ئەگەر نیازت باش بێ، خەڵك هەموو شتێكت فێر دەكەن.

- هەموو كەس كار دەكا. منیش وەكوو ئەوان دەكەم.

- ناوت چییە؟

- (میشێل).

- باشە. (میشێل)، تۆ ناتەوێ هیچ باسی خۆت بكەی. ئەمە رای خۆتە. بەڵام ئێمە دەبێ خواردن بخۆین. ئەگەر من چی دەڵێم، تۆ وا بكەی ، خواردنت لە سەر من.

- خوا خێرت بنووسێ. فێرم بكە. پێم بڵێ چ بكەم؟

(سیمۆن) داوێكی هێناو سەرێكی خۆش كردو ئامادەی كرد.

- ئەم ئیشە گران نییە. سەح كێ!

- (میشێل) تەماشای كرد. ئەویش دەستی دایە داوێك‌و سەرەكەی خۆش كردو ئامادەی كرد. (سیمۆن) فێری كرد چۆن شەمێ لە داوەكە بداو چۆن لەگەڵ مووی ئەستووری بەراز بای بدا. (میشێل) لەگەڵ سەرنجی یەكەمدا تێگەیشت. ئینجا وەستا پێشانی دا چۆن شت بدوورێ، (میشێل) هەر زوو لەوەیش گەیشت.

لە رۆژی سێیەمەوە، (سیمۆن) هەر كارێكی پێشان بدایە، (میشێل) یەكسەر بە چاكی دەیكرد. زۆر بە وردی كاری دەكرد. ئەوەی بیدیبایە، وایدەزانی بە درێژایی ژیانی هەر پێڵاوی دروست كردووە. یەك خولەك كاتی بە فیڕۆ نەدەدا. خواردنی كەم بوو. كە دەستی لە كار هەڵدەگرت، لە قوژبنێك كروشمەی دەكردو بێ ئەوەی هیچ قسە بكا، چاوی دەبڕییەوە ئاسمان

قەت نەدەچووە دەرەوەو گالتەو حەنەکی نەدەکردو پێنەدەکەنی.
قەت نەیاندی بگرژێتەوە ، تەنیا یەك جار نەبێ: ئێوارەی یەکەم کە
ژنی (سیمۆن) خواردنی پێشکەش کرد.

٦

رۆژ بە رۆژو حەفتە بە حەفتە، ساڵێك رابرد. (میشێل) هەر خەریك
بوو لای (سیمۆن) کاری دەکردو هەر لای ئەویش دەژیا. شاگرد
ناوبانگی دەرکرد. هیچ کەس وەکوو (میشێل)ی شاگردی (سیمۆن)
پێڵاوی رێكو پتەوی دروست نەدەکرد..لە هەموو لایەکی
ناوچەکەوە خەڵك دەهاتنو پێڵاویان لای (سیمۆن) بە کردن دەدا.
(سیمۆن) گوزەرانی خۆش بوو.

رۆژێکی زستان، (سیمۆن)و (میشێل) بە یەکەوە کاریان دەکرد،
گوێیان لە دەنگی گالیسکەیەك بوو سێ ئەسپی زەنگوڵ لە مل
رایاندەکێشا. لە پەنجەرە تەماشایان کرد. گالیسکەکە لە بەردەم
کووخەکە وەستا. خزمەتکارێك لە سەر گالیسکەکە بازی هەڵدایە
دەرەوەو دەرگای گالیسکەکەی کردەوە، ئاغایەکی فەروە لەبەر لە
گالیسکەکە هاتە خوارەوە، رووی کردە ماڵی (سیمۆن)و لە پایەی
بەر دەرگا سەرکەوت. (ماتریۆنا) دەرگای خستە سەر پشت. ئاغا
داهاتەوە. هاتە ژوورەوەو خۆی قیت کردەوە. وەخت بوو سەری بە
سایتە بکەوێ بە تەنیا خۆی لایەکی ژوورەوەی پڕ کردەوە.

(سیمۆن) هەستا. بە سەرسامی بە خێر هاتنی کابرای کرد. قەت پیاوی وەکوو ئەو پیاوەی نەدیبوو. (سیمۆن) خۆی قوتەو قەڵەو بوو، (میشێل) لەڕو لاواز بوو، (ماتریۆنا) دەتگوت تەختەداری وشکە! کەچی ئەو کابرایە دەتگوت لە دونیایەکی ترەوە هاتووە. بە رووی سوورفلی پڕو ملی وەك ملی گای دەتگوت لە تووج دروست کراوە.

فوویەکی توندی کردو فەروەکەی فڕێ داو لەسەر کورسی دانیشتو گوتی:

- ئێوە، کامەتان پینەدۆزی وەستان؟

(سیمۆن) چووە پێش‌و گوتی:

- من. ئەی خاوەن شکۆ!

ئاغا بانگی خزمەتکارەکەی کرد:

- (فیدکا)، چەرمەکە بێنە.

خزمەتکارەکە هەر ڕایکرد چوو، هاتەوە سەبەتەیەکی پێ بوو. ئاغا سەبەتەکەی وەرگرت‌و لە سەر مێزی داناو گوتی:

- سەبەتەکە بکەوە!

خزمەتکارەکە کردییەوە.

ئاغا چەرمەکەی پێشانی (سیمۆن) داو گوتی:

- گوێت لێ بێ، پینەدۆز، ئەم چەرمەت دیوە؟

- بەڵێ، خاوەن شکۆ!

- دەزانی چ جۆرە چەرمێکە؟

(سیمۆن) دەستی لە چەرمەکە داو گوتی:

- چەرمێکی زۆر باشە.

- بەڵێ، باشە! کەودەن! تۆ قەت شتی وات نەدیوە. ئەمە چەرمی ئەڵمانییە، گوێت لێیە؟ ئەم چەرمە بای بیست روبڵە!

(سیمۆن) بە ترسەوە وەڵامی دایەوە:

- ئێمە، ئەم شتانە لە کوێ دەبینین؟

- بێ شك دەتوانی جووتە پێڵاوێکم بۆ لەم چەرمە دروست بکەی.

- بە چاوان، خاوەن شکۆ!

ئاغا هاواری کرد:

- بە چاوان! باش بزانە لێنش بۆ کێ دەکەی‌و بە چ کەرەستەیەك؟ پۆتینێکم بۆ دروست دەکەی سالێك دەوام بکا. بتوانم ساڵێك لە پێی بکەم بێ ئەوەی خوار بێتەوە، یان بدڕێ. ئەگەر دەتوانی شتی وا بکەی، چەرمەکە وەربگرەو بیبڕە، ئەگەر نا، وەر مەگرە. لە ئێستاوە پێت دەڵێم ئەگەر پێڵاوەکە پێش ساڵێك بدڕێ، فرێت دەدەمە بەندیخانە. ئەگەر پێڵاوەکەیش ساڵێکی کرد، دە روبڵ دەسەنی.

(سیمۆن) لەرزی پێدا هات. نەیزانی چی وەڵام بداتەوە. تەماشای (میشێل)ی کردو ئانیشکێکی تێ وەژەندو بە چپە پێی گوت:

-وەربگرم؟

(میشێل) گوتی:

- کارەکە وەرگرە

(سیمۆن) به قسەی (میشێل)ی کرد. چەرمەکەی وەرگرت و گفتی دا پۆتینێکی وای بۆ بکا بە یەك ساڵی تەواو، نە خوار بێتەوەو نە بدڕێ.
ئاغا بانگی خزمەتکارەکەی کرد. فەرمانی پێکرد پێڵاوی پێی چەپەی لە پێ بکاتەوە. قاچی درێژ کردو بە (سیمۆن)ی گوت:
– باشە. پێوانەکە وەربگرە.
(سیمۆن) پارچە کاغەزێکی هێناو چەند جارێك نووشتاندییەوەو چۆکی دادا. دەستەکانی بە بەروانکەکەی سڕییەوە بۆ ئەوەی گۆرەوییەکانی ئاغا پیس نەکا. دەستی بە وەرگرتنی پێوەرەکەی کرد. بنی پێ‌و گۆزینگی پێوا، پووزی پێوا، بەڵام کاغەزەکە بای ئەوەی نەکرد لێی بئاڵێنێ. قاچی ئەستوور بوو دەتگوت پردێکی دارە.
– بۆ خۆت ئاگادار بە! لە بەڵەکی قاچ تەنگتری نەکەی.
(سیمۆن) کاغەزێکی بۆ زیاد کرد. ئاغا دانیشتبوو پێی خۆی لە ناو گۆرەوی دەجووڵاندەوەو تەماشای ئامادەبووانی دەکرد.
(میشێل)ی بینی. پرسی:
– ئەمە کێیە؟
(سیمۆن) وەڵامی دایەوە:
– ئەمە شاگردی منە. ئەو، پۆتینەکە دروست دەکا.
ئاغا رووی کردە (میشێل)، گوتی:
– ئاگادار بە! دەبێ ساڵێك دەوام بکا!

(سیمۆن) چاوی بۆ (میشێل) هەڵبڕی، دیتی تەماشای ئاغا ناکا. تەماشای سەرەوەو پشتەوەی دەکا وەك ئەوەی یەکێکی دیبێ. هەر تەماشای کردو تەماشای کرد. ئاخیری بە ئارامی بزەی هاتێ.

– بە چ پێدەکەنی؟ کەودەن؟ ئاگادار بە پێڵاوەکە لە کاتی خۆیدا ئامادە بێ.

(میشێل) وەڵامی دایەوە:

– لە کاتی خۆیدا پێڵاوەکەت ئامادە دەبێ.

– باشە.

ئاغا پێڵاوی خۆی کردەوە پێو فەروەکەی لە خۆی لوول داو رووی کردە دەرگا، بەڵام لە بیری کرد دابێتەوە. نێوچەوانی بە سەردەرەی دەرگا کەوت. دەستی بە کفر کردو دەستی بە سەری داهێنا. ئینجا سواری گالیسکەکەی بوو، رۆیشت.

کە ئاغا رۆیشت، (سیمۆن) گوتی:

– ئەوەندە رەقە دەڵێی بەردە. سەردەرەی دەرگای شکاندو هەر ئاگایشی لێ نەبوو.

(ماتریۆنا) رای خۆی دا:

– چۆن رەق نابێ؟ کە ئەو جۆرە ژیانە بژی؟ وا زوو نامرێ. وەك دەبیین دەڵێی لە تووج دارِژاوە.

(سیمۆن) دەمی قسەی کردە (میشێل):

– ئەم ئیشەمان وەرگرت، ئەگەر گێچەڵمان بۆ پەیدا نەکا، باشە!!. چەرمەکە گرانەو ئاغا توندو تووشە. نابێ هەڵە بکەین. تۆ، چاوت لە من تیژترو دەستت لە من توندترە. ببە. ئەمە پێوانەکەیە.! ئەم پێڵاوەم بۆ هەڵبڕە، من خۆم دەیدوورم!.

(میشێل) بە قسەی کرد. چەرمەکەی وەرگرتو لە سەر مێز پانی کردەوەو نووشتاندییەوەو دەستی دایە چەقۆو دەستی بە هەڵبڕینی کرد. (ماتریۆنا) چووە لایەوەو تەماشای کارەکەی کرد. سەری لە کارەکەی سوڕما. دیتی بۆ پۆتین هەڵنابڕێ، بۆ سۆل هەڵدەبڕێ.

ویستی قسە بکا بەڵام بیری کردەوە: (بێ شك من تێنەگەیشتووم ئاغا چ جۆر پێڵاوێکی دەوێ. (میشێل) خۆی لە من باشتر دەزانێ چ دەکا. دەست لە کاری ئەو وەرنادەم!)

(میشێل) پێڵاوەکەی هەڵبڕی. دەستی دایە پارچەکانو دەستی بە دوورینی کرد. نەك لە دوو لاوە، بەڵکو وەکوو دوورینی سۆل، لە یەك لاوە. (ماتریۆنا) سەری لەم کارە سوڕما. بەڵام نەیویست قسە بکا. (میشێل) خەریکی دورمان بوو. کاتی نان خواردن هات. (سیمۆن) دەستی لە کارەکەی هەڵگرتو دیتی (میشێل) سۆل لە چەرمەکە دروست دەکا، نەك پۆتین. ئاخێکی هەڵکێشاو بیری کردەوە: (شتی وا چۆن دەبێ؟ ئەوە ساڵێکی تەواوە (میشێل) هیچ هەڵەی نەکردووە....ئێستا ئەو گێچەڵە چییە تووش بووین؟!

کەرەستەکەی عەدەم کردووە؟ چ بە ئاغا بڵێم؟ کەرەستەی وامان لە کوێ دەست دەکەوێ؟!)

بە (میشێل)ی گوت:

- ئەوە تۆ چت کرد؟! برام. ماڵت کاول کردم. ئاغا داوای پۆتینی کرد بوو، ئەتۆ چت کردووە؟!

لەو کاتەدا، زۆر بە توندی لە دەرگا درا. لە پەنجەرە تەماشایان کرد. دیتیان کابرایەك ئەسپەکەی دەبەستەوە. دەرگا کرایەوەو خزمەتکاری ئاغاکە هاتە ژوورەوە.

- ئێوارە باش. وەستا!

- ئێوارە باش. فەرموو چت دەوێ؟

- خانم بۆ مەسەلەی پۆتینەکە ناردوومی.

- پۆتین؟بۆچی؟

- ئاغا پێویستی بە پۆتین نەما. مرد.

- قەت نەبێ!!

بەڵێ. بە زیندوویی نەگەیشتەوە ماڵێ. لە ناو گالیسکە مرد. کە گەیشتینە جێ،و دەرگا کرایەوە، دیتم لە ناو گالیسکە رەق هەڵاتووە. بە خورتی پێمان دەرهات. خانم منی رەوانەی لای تۆ کردووە گوتی: (برۆ بە پینەدۆزەکە بڵێ لە باتی پۆتین، سۆلێك بۆ ئاغا دروست بکا. بۆ ئەوە هاتووم.

(میشێل) سۆلەکەو ئەو چەرمەی مابووەوە هێنای. جوان پێچای،و سەبەتەکەی دایە خزمەتکارەکە کە چاوەڕێی دەکرد.

- خوا حافیز، هاوڕێیان، هەر خۆش بە!

٨

یەك دوو ساڵ پێچوو، ئەوە بوو بە شەش ساڵ (میشێل) لای (سیمۆن) دەژی. هیچ نەگۆڕاوە: هەرگیز دەرناچێ، کەم قسە دەکا، دوو جار نەبێ، بزەی نەهاتوەتێ: جاری یەکەم، کاتێ (ماتریۆنا) خواردنی دایەو جاری دووەم، کە ئاغاکە هاتە سەردانیان.

(سیمۆن) بەردەوام مێشکی بە شاگردەکەیەوە خەریك بوو. ئێستا لێی ناپرسێ خەڵکی کوێیە؟ تەنیا لە یەك شت دەترسێ ئەویش ئەوەیە قسە ناکا.

ڕۆژێ، هەموو لە ماڵەوە بوون. خانمی ماڵێ هیرباری هەڵدەگرت، منداڵ بە سەر کورسییەکان دەکەوتن‌و لە پەنجەرەوە تەماشای دەرەوەیان دەکرد. (سیمۆن) لەبەر پەنجەرەیەك درێشەی لێدەداو لە لای پەنجەرەیەکی تر، (میشێل) پاژنەیەکی تەواو دەکرد.

یەکێ لە منداڵەکان چووە سەر شانی (میشێل)و لە پەنجەرەوە تەماشای کردو گوتی:

- سەیر کە! مام (میشێل)، سەیری ئەو ژن‌و ئەو دوو کچە بکە. دەڵێی بۆ لای ئێمە دێن. یەکێ لە کچەکان شەلەیە.

کە (میشێل) گوێی لەو قسەیە بوو، ئیشەکەی ڕاگرت‌و لە پەنجەرەوە تەماشای دەرەوەی کرد.

(سیمۆن) سەری سوڕما، (میشێل) قەت تەماشای دەرەوەی نەکردووە. کەچی ئەوەتە چاوی بە مینای پەنجەرەوە ناوەو لە شتێ ورد بۆتەوە. (سیمۆن)یش بە دەوری خۆیەوە، لە پەنجەرەوە تەماشای کرد. بە راستی ژنێکی دی جلی پاكو خاوێن بوو. دەستی دوو کچی بچکۆلەی رادەکێشا. یەکەو فەروەی بچووکیان لەبەر بوو، هەر یەکە چارۆکەیەکی خوری لە سەر بوو. بەرەو ماڵی ئەم دەهاتن. دوو کچەکە زۆر بە یەك چوون. ئەستەم بوو لە یەکیان جیا بکەیتەوە. ئەوەندە هەبوو یەکێکیان پێی چەپەی دەشەلی.

ژنەکە لەبەر دەرگا وەستا. شمشێرەی هەڵگرت. دوو کچەکەی بە پێش خۆی داو چووە ژوورەوە.

– رۆژتان باش، هاوڕێیان.

– رۆژ باش. فەرموو چت دەوێ؟

ژنەکە لای مێز دانیشت. دوو کچەکە خۆیان بە دایکیانەوە نووساند. لە پیاوەکان دەترسان.

– دوو پێڵاوم دەوێ بۆ کچەکانم، بۆ بەهارێ.

– ئاه. ئاسانە! ئێمە قەت پێڵاوی وا بچووکمان دروست نەکردووە، بەڵام دەتوانین بۆت دروست بکەین. هەوڵ دەدەین. دەتەوێ بە لێوار بن، یان ناویان قوماش بێ.(میشێل)ی شاگردمان لەو شتانە زۆر شارەزایە.

(سیمۆن) ئاوڕی دایەوە، دیتی (میشێل) دوو کچەکەی بە سەرنج هەڵدەلووشی. (سیمۆن) سەری سوڕما. بێ شك دوو کچەکە جوان

بوون، چاو رەش‌و ڕوومەت سوورا. گومانیشی تێدا نییە فەرووەو چارۆکەکانیشیان جوان‌و ناسك بوون. بەڵام تێنەگەیشت بۆچی (میشێل) ئاوا بە بایەخەوە تەماشایان دەکا، دەڵێی دەیانناسێ. (سیمۆن) کە بە دەم وەرگرتنی پێوانەوە قسەی دەکرد، سەری سوڕمابوو.

ژنەکە کچە شەلەکەی لە سەر کۆشی خۆی داناو گوتی:

- دوو پێوەر بۆ ئەمە وەربگرە: لنگە پێڵاوێك بۆ پێیە شەلەکەو سێ لنگیش بۆ پێیەکەی تر. پێیان یەکە. جمکن.

(سیمۆن) پێوانەکەی وەرگرت. پەنجەی بۆ کچە شەلەکە درێژ کردو گوتی:

- ئەم کچە جوانە، بۆچی وا لە دایك بووە؟

- ئەمە دایکی شێواندوویەتی.

(ماتریۆنا) چووە ناو قسەکان. مەراقی گرت بزانێ ئەو ژنە کێیەو ئەو دوو کچۆڵەیە کێن. گوتی:

- تۆ دایکیان نیت؟

- نەخێر. نە دایکیانم‌و نەخزمیان. خوشکێ، من گرتوومنەتە خۆم.

- لە خوێنی خۆت نین‌و ئاوایش نازیان هەڵدەگری؟

- چۆن نازیان هەڵناگرم! هەردووکیانم بە شیری خۆم گەورە کردووە. کوڕێکیشم هەبوو. بەڵام خوا بۆ خۆی بردەوە. بە قەد ئەمانە نازم نەدەکێشا.

- ئەی ئەمانە کچی کێن؟!

٩

ژنەکە کە زمانی کرابووەو هەژدەر هەژدەر قسەی دەکرد. گێڕایەوە گوتی:

– ئەمانە ئەوە چەند ساڵە هەتیون. سیٚ شەممە بوو باوکیان مرد، بۆ ڕۆژی هەینیش دایکیان عەمری خوای کرد. کە باوکیان مرد، ئەوان هێشتا نەبوبوون. دایکیشیان کە ئەمانەی بوو، یەك ڕۆژی تر نەژیا. ئەو کاتە من لەگەڵ مێردەکەم ماڵمان لە گوند بوو. لەگەڵ ئەوانە دراوسێی ماڵ بە ماڵێوە بووین. باوکیان ڕۆژێ بە تەنیا لە لێڕ کاری دەکرد، درەختێکی بە سەردا بەر بووەوە. هەناوی دەرهێنا. کە گەڕایەوە ئەمری هەقی بە جیٚ گەیاند. سیٚ ڕۆژیش دوای ئەوە، ژنەکەی ئەو دوو کچۆڵەیەی بوو. لەبەر ئەوەی ژنێکی هەژارو دەستکورت بوو، کەس نەبوو لە کاتی منداڵبووندا بە دەمییەوە بچیٚ. بە تەنیا منداڵەکانی بوو. خۆی ئێوە خۆش!

سەر لە بەیانی چووم ببینم. چوومە ژوورەوە، دیتم بە سەزمان لاشەیەکی ساردو سڕە. لە کاتی مردندا بەر بوبووەوە سەر ئەو بچکۆڵەیەو شێواندبووی. خەڵك کۆبوونەوە، مردووەکەیان شووشتو کفنیان کرد، لە ناو تابووتیان ناو ناشتیان.

دراوسیٚ هەموو مرۆڤی چاك بوون. دوو کچۆڵەکە بێکەس مانەوە. چییان لیٚ بکەن؟ ئەو کاتە جوتیارەکان کۆبوونەوە. قسەیان کردو بیریان کردەوە چییان لیٚ بکەن؟ با پێتان بڵێم چییان بە من گوت. پێیان گوتم:

- (ماری)، تۆ منداڵەکان بەخێو کە، شیری خۆتیان بدەری‌و بوەستە تا رێك دەکەوین چییان لیٚ بکەین.

مەمکم دایە یەکێکیان بەڵام مەمکم نەدایە ئەوەی تر کە شێوا بوو. پێم وا نەبوو دەژی. بەڵام پاشان سەرکۆنەی خۆمم کرد. واقە واقێکی دەکرد دڵی دەتواندەوە. بۆچی ئەو فریشتە بچووکە ئازار بخوا؟ شیرم دایە. شیرم دایە هەر سیٚ منداڵەکە: کوڕەکەم‌و ئەم دوو کچە. ئەوسا جحێلٚ بووم. لەسەر شەنگ‌و تاقەتی خۆم بووم. خواردنم زۆر دەخوارد. شیرم زۆر تێدا بوو. خوایش یارمەتی دام. شیرم دەدایە دوو منداڵ‌و سێیەم چاوەڕێی دەکرد. کە ئەوان یەکێکیان تێر دەبوو، شیرم دەدایە سێیەم. خوا بەرەکەتی خستبووەماڵم بۆ پەردوەردە کردنیان. دوای دوو ساڵ کوڕەکەم مرد. دوای ئەوە خوا هیچ منداڵی نەدامیٚ. لەو ماوەیەدا، هەندیٚ پارەمان هاتە دەست. لە ناو ئاش دەژیاین، لای بازرگانەکە. کرێی خۆمان هەبوو، گوزەرانمان باش بوو. بەڵام منداڵم نەبوو. ئەگەر ئەو دوو کچەم نەبوایە، چم دەکرد؟ چۆن خۆشم ناوێن‌و نازیان ناکێشم؟ ئەمانە سێبووری دڵ‌و شادی ژیانمن.

ژنەکە دوو کچەکەی بە سنگی خۆیەوە نووساندو شەلەکەی ماچ کرد. چاوە پڕ رۆندکەکانی ماچ کرد.

(ماتریۆنا) هەنسکێکی هەڵکێشاو گوتی:

- مرۆڤ بە بیٚ دایك‌و باوك دەژی، بەڵام بەبیٚ خودا ناژی.

بەم جۆرە قسەیان دەکرد، ژوور هەمووی رووناك بووەوە. دەتگوت برووسکەیەك لەو گۆشەیەوە هات کە (میشێل)ی لیٚ دانیشتبوو.

هەموو ئاوڕیان لەولا دایەوە. دیتیان (میشێل) دانیشتووە، دەستەکانی وەکوو خاچ لە سەر چۆکی لە یەك تێپەڕاندووەو چاوی بڕیوەتە ئاسمان. بزەی دەهاتێ.

١٠

ژنەکەو دوو کچۆڵەکە ڕۆیشتن. (میشێل) لەسەر کورسییەکەی هەستا. بەروانکەو کەرەستەکانی داناو سڵاوی لە ژنومێردی خاوەن ماڵ کردو پێی گوتن:

- بمبوورن! خانەخوێکانم! خوا لێی بوردووم، ئێوەیش لێم ببوورن.

خانەخوێکان دیتیان (میشێل) نووری لێ هەڵدەستا. (سیمۆن) هات سەلامی لێ وەرگرتەوەو گوتی:

- (میشێل)، دەبینم تۆ وەکوو مرۆڤێکی ئاسایی نیت. ناتوانم لای خۆم ڕاتبگرمو هیچ پرسیارت لێ بکەم. تەنیا پێم بڵێ کاتێ تۆم بینیو تۆم هێنایەوە ماڵێ، بۆچی ڕووت گرژ بوو و ترسای؟ بۆچی کاتێ ژنەکەم خواردنی پێشکەش کردی، دڵت ئارام بووەوە؟ بزەت هاتێو خاترجەمتر بووی. کاتێ، پاشدان، ئاغا بە عەیانەکەیش هات، پۆتینی بە کردن دا، جارێکی تر بزەت هاتێو دڵت لە پێشوو ئارامتر بووەوە. ئەمڕۆیش، کاتێ ئەو ژنە، ئەو دوو منداڵەی هێنا، بۆ جاری سێیەم بزەت هاتێو ڕووت گەش بووەوە. (میشێل)، پێم بڵێ بۆچی ئەو نوورەت لێ هەستاو لەبەرچی سێ جار بزەت هاتێ؟

(میشێل) گوتی:

- بۆیە نوورم لێ هەستا چونکە سزا درابووم‌و ئێستا خوا لێم خۆش بوو. سێ جار بزەم هاتێ چونکە دەبوایە سێ وشە بزانم. ئێستا ئەوەتا سێ وشەکەم زانی: ئەو کاتە وشەی یەکەمم زانی، کە ئەم ژنە بەزەیی پێدا هاتمەوە، دووەم ئەو کاتە فێر بووم کە کابرای دەوڵەمەند هات پۆتینێکی بە کردن داو ئێستایش بە بینینی دوو کچەکە وشەی سێیەم‌و دوا وشەم زانی‌و بۆ جاری سێیەم بزەم هاتێ.

(سیمۆن) گوتی:

- (میشێل)، پێم بڵێ، خودا بۆچی سزای دایت؟و وشەکانت چین؟ بۆ ئەوەی منیش بیانزانم.

(میشێل) وەڵامی دایەوە:

- خوا بۆیە سزای دام چونکە بە گوێم نەکرد. من فریشتە بووم لە ئاسمان‌و سەرپێچیم کرد. فریشتە بووم لە ئاسمان‌و خوا ناردمییە سەر زەوی بۆ ئەوەی رۆحێك، رۆحی ژنێك بکێشم. هاتمە خوارەوە بۆ سەر زەوی. دیم ژنەکە راکشاوە، نەساخە، تازە دوو کچی بووە، لە تەك دایکیان دەواقێنن. دایکیان تاقەتی نەبوو شیریان بداتێ.

ژنەکە، کە منی بینی، تێگەیشت خوا دەیەوێ رۆحی بکێشم. گریاو پاڕایەوە: (ئەی فریشتەی خوا، ئەمانە، سێ رۆژ بەر لە ئێستا، باوکیان لە لێڕ درەختێکی بە سەردا بەربووەوەو مرد. هیچ خوشك‌و پوورو داپیرم نییە. ئەو دوو هەتیوە تەنیا منیان هەیە.! رۆحی کلۆڵم مەبە! لێمگەڕێ دوو منداڵەکەم بە خێو بکەم تا بە سەر پێ دەکەون. منداڵ ناتوانێ بە بێ دایك‌و باوك بژی.

گوێم لە ژنەکە گرت. هەر منداڵێکم لە سەر مەمکێکی داناو گەڕامەوە ئاسمان. چوومە حزوور خواو پێم گوت:

– نەمتوانی رۆحی ئەو ژنە زەیستانە بکێشم. باوکە لە بن درەختێك مردووە. ژنە دوو منداڵی جمکی بووە. لێم پاڕایەوە لێی بگەڕێمو رۆحی نەکێشم.

خودا وەڵامی دامەوە:

– برۆ رۆحی ئەو ژنەم بۆ بێنە! پاشان رۆژێ دێ سێ وشەی خوایی دەزانی، دەزانی خەڵك لە چیدان؟و چ هەیە بۆ مرۆڤ نەهاتووە بیزانی؟و خەڵك بە چی دەژی؟ ئەگەر ئەو سێ وشە فێر بووی، دێیتەوە ئاسمان.

گەڕامەوە سەر زەویو رۆحی ژنە کلۆڵەکەم برد. دوو کچەکە لە سەر سینگی دایکیان لاکەوتن. لاشەی دایکیان بەربووەوەو قاچی یەکێ لە کچەکانی هاڕی.

کە لە سەر گوند بەرز بوومەوە بۆ ئەوەی رۆحی بۆ خوا ببەم، باهۆزێك لێیدام. باڵەکانم قورس بوونو کەوتم. رۆحەکە بە تەنیا بەرز بووەوە بۆ لای خوا. منیش کەوتمە سەر زەویو لە دەم رێگا راکشام.

## ١١

ئەو کاتە (سیمۆن)و (ماتریۆنا) زانیان جلیان داوەتە کێو خواردنیان دەرخوارد کێ داوەو کێ بوو لە ماڵیان دەژیا. لە ترسانو لە خۆشییان گریان.

فریشتەکە بەردەوام بوو گوتی:

– بە تەنیا لە سەر ڕێگا مامەوە. تەنیاو رووتو قووت تا ئەو ساتە هیچم لە بارەی کلۆڵیی بنیادەم نەدەزانی: نە سەرماو نە برسێتی!! بووم بە بنیادەم. برسی بوومو سەرمام بوو. نەمدەزانی چیم بە سەر دێ. کلێسەیەکم دی بۆ خواپەرستی تەرخان کرا بوو. ویستم پەنای بۆ ببەم. دەرگا قوفڵ درا بوو. ڕێگای چوونە ژوورەوە نەبوو. ئەوسا لەسەر کۆسپەی دەرگا دانیشتم. ویستم خۆم لە (با) بپارێزم. ئێوارە داهات، برسی بوومو سەرمام بوو. ئازارم هەبوو. لە هیکەوە گوێم لە دەنگی هەنگاوی یەکێ بوو لەسەر ڕێگا. ئەم کابرایە هات، پۆتینێکی لە پێ بوو. لەبەر خۆیەوە قسەی دەکرد. لەوەتی ببووم بە بنیادەم، یەکەم جار بوو رووی بنیادەمی مردەنیم بینی. لەو رووە ترسام، رووم لێ وەرگێڕا. گوێم لێ بوو، لە بەر خۆیەوە دەیگوت: (چۆن خواردن بۆ ژنو منداڵەکانم پەیدا بکەم؟ چۆن زستان خۆمان گەرم بکەینەوە؟) بیرم کردەوە: (لە برسانو لە سەرمان دەمرم. ئەوەتا ئەو کابرایەی بێرەدا دەڕوا تەنیا بیر لە پەیدا کردنی فەروەو نان دەکاتەوە بۆ خۆیو بۆ ماڵو عەیاڵی. کەواتە ناتوانێ خواردن دەرخواردنی من بدا.)

کابرا منی بینی، برۆی هێنایەوە یەکو ترسناك دەرکەوت. ڕۆیشت... نائومێد بووم. لە پڕ گوێم لێ بوو هاتەوە. تەماشام کرد، نەمناسییەوە. مەرگی لە سەر دەمو چاو نەما بوو، زیندوو ببووەوە، وێنەی خوام لە دەمو چاویدا دی. لێم نزیك کەوتەوە. جلی خۆی دامێ، لەبەرم کرد. دەستی گرتمو بردمییەوە ماڵی خۆی. کە گەیشتینە ماڵیان،

ژنەکەی بە پیرمانەوە هات‌و قسەی کرد. ژنەکە لە کابرا ترسناکتر بوو. هەناسەی مەرگی لە دەم دەهاتە دەرەوەو کزەی مەرگ لە قسەکانی هەناسەی بڕیم‌و هێزی لەبەر داچۆڕاندم. ویستی بەو سەرمایە دەرم کاتە دەرەوە، دەمزانی دەرم بکا، خۆیشی دەمرێ.

لە پڕ مێردەکەی باسی خودای بۆ کردو ژنەکە گۆڕا. کە خواردنی پێشکەش کردم، تەماشای دەکردم. چاوم هەڵبڕی‌و تەماشام کرد: مردووەکە زیندوو بوبووەوە. خودام لە سەر دەم‌و چاویدا دی. ئەوسا وشەی یەکەمی خوام بیر کەوتەوە: (دەزانی دڵی خەڵك چی تێدایە.) بەم جۆرە زانیم دڵی خەڵك چی تێدایە: (خۆشەویستی!). لە گەرمەی دۆزینەوەی وشەیەکی خوایی، بۆ یەکەم جار بزەم هاتێ. بەڵام هەموو شتێکم بە یەك جار بۆ دەرنەکەوت. هێشتا ئەوەم نەدەزانی (کە بۆ مرۆڤ نەهاتووە بیزانی)و نەمدەزانی (خەڵك بە چی دەژی؟)

ساڵێك بوو لە ماڵی ئێوە دەژیام، ئەو کابرایە هات کە پۆتینێکی بە کردن دا، پۆتینێك یەك ساڵ دەوام بکا بێ ئەوەی خوار بێتەوە، یان بدڕێ. تەماشام کرد، یەکێکم لە هاوڕێیانی خۆم، لە تەکدا بینی پێمێردم بینی. هەر من دیم‌و کەسی تر نەیدی. من دەمناسی. دەشمزانی کابرای دەوڵەمەند پێش ڕۆژئاوا گیانی دەردەچێ. بیرم کردەوە: (ئەو کابرایە بیر لە یەك ساڵ دەکاتەوە، نازانێ پێش ڕۆژئاوا دەمرێ.) وشەی دووەمی خودام بیر کەوتەوە: (شتێ دەزانی کە بۆ مرۆڤ نەهاتووە بیزانی!).

پێشتر زانیم دڵی مرۆڤ چی تێدایەو ئێستایش ئەوەم زانی کە بۆ مرۆڤ نەهاتووە بیزانێ. بۆ مرۆڤ نەهاتووە پێویستی لەشی خۆی بزانێ. بۆ جاری دووەم بزەم هاتێ. بەختەوەر بووم کە فریشتە هاورێکەمم بینیو خودا وشەی دووەمی بۆ ئاشکرا کردم. بەڵام هێشتا نەمدەزانی خەڵك بە چی دەژی؟ چاوەڕێی ئاشکرا بوونی وشەی سێیەمی خودام کرد.ساڵی شەشەم، ژنەکە هات دوو منداڵە جمکەکەی هێنا. منداڵەکانم ناسیو هەموو شتێکم زانیو بیرم کردەوە: (ژنەکە بۆ منداڵەکانی دەپاڕایەوە. وام دەزانی ئەو دوو کچە بە بێ دایباب دەمرن. کەچی ئەوەتا ژنێکی بیانی دەیانگرێتە خۆیو خواردنیان دەرخوارد دەدا.

کە ئەم ژنە لە میهرەبانی خۆیەوە گریا، کاتێ باسی ئەو دوو کچە بێگانانەی کرد کە نازی دەگرتنو دەیلاواندنەوە، وێنەی خودام تێدا دیو زانیم خەڵك بە چی دەژی؟و زانیم خودا وشەی سێیەمی بۆ ئاشکرا کردمو لێم خۆش بوو. بۆ جاری سێیەم بزەم هاتێ.)

١٢

فریشتەکە لەشی رووت بووەوە. کەوتە ناو نوورێك. بریسکەی نوورەکە ئاوی چاوی بنیادەمی دەبرد. دەنگی بەرز بووەوە، دەتگوت لە ئاسمانەوە دێ، نەك لە دەمی خۆی. فریشتەکە گوتی:

– زانیم مرۆڤ بە پێویستییەکانی خۆی ناژی بەڵکو بە (خۆشەویستی) دەژی، دایکە (بۆی نەهاتبوو بزانێ منداڵەکانی چۆن دەژین.). کابرای

دەوڵەمەند (بۆی نەهاتبوو بزانێ پێویستی بە چ هەیە.) کابرا بۆی نەهاتبوو بزانێ ئاخۆ ئێوارێ هێشتا زیندووەو پێویستی بە پۆتین دەبێ، یان بۆ ئێوارێ دەمرێو پێویستی بە سۆل دەبێ

دوای ئەوەی بووم بە بنیادەم، بە زیندوویی مام، نەك لەبەر ئەوەی توانیم پێویستی مرۆڤانەی خۆم پێك بێنم، بەڵکو لەبەر ئەوەی ڕێدارێك هەبوو بە خۆیو بە ژنەکەیەوە دڵیان پڕ بوو لە (خۆشەویستی)، منیان خۆشویستو بەزەییان پێمدا هاتەوە. دوو کچە هەتیوەکەیش ژیان، نەك لەبەر ئەوەی خەڵك خەمیان بۆ خواردن، بەڵکو لەبەر ئەوەی ژنێکی بێگانە، کە دڵی پڕ بوو لە (خۆشەویستی)، گرتنییە خۆیو خۆشی ویستن. هەموو ئەوانەی دەژین، لەبەر ئەوە ناژین چونکە خۆیان پێ بە خێو دەکرێ، بەڵکو لەبەر ئەوە دەژین چونکە مرۆڤ (خۆشەویستی)ی تێدایە.)

پێشتر دەمزانی خودا ژیانی بە خەڵك بەخشیوەو ویستوویەتی کە بژین. بەڵام ئێستا من شتێکی تر دەزانم. دەزانم خودا نایەوێ مرۆڤ بە گۆشەگیریو لاچەپی بژی، بۆیە بۆ کەس ئاشکرا ناکا پێویستی بە چی هەیە. دەیەوێ هەموو کەس بۆ خەڵك بژی. بۆیە بۆ هەموو کەس ئەوە ئاشکرا دەکا کە لە هەمان کاتدا بۆ خۆیو بۆ خەڵك بە سوودە. ئێستا دەزانم ئەو کەسانەی وا دەزانن تەنیا بە هەوڵی خۆیان دەژین، لە ڕاستیدا تەنیا بە (خۆشەویستی) دەژین. ئەوەی لە خۆشەویستیدا بژی، لەگەڵ خودادا دەژیو خودایش لە دڵی ئەودا دەژی چونکە خودا بریتییە لە خۆشەویستی.)

ئینجا فریشتەکە هەندێ سروودی پیا هەڵدانی خودانی خوێندەوە.

کووخە دارەکە لەگەڵ دەنگی هەژا. بان کرایەوە. ستوونە ئاگرێك لە زەوی هەڵکشا بۆ ئاسمان. (سیمۆن)و ژنەکەی چۆکیان لەسەر زەوی دادا. فریشتەکە دوو باڵە گەورەکانی کردەوەو دووبارە هەڵکشایەوە بۆ ئاسمان.

کە (سیمۆن) هاتەوە سەر خۆی، کووخەکە گەڕایەوە سەر شکڵی جاران. خۆی بە تەنیا لە ناو ماڵو عەیاڵی خۆی بینی.

(٢)

# دوو پیرەمێرد

## (١٨٨٥)

١

دوو پیرەمێرد خۆیان ئامادە کرد بچنە حەج. یەکێکیان جوتیارێکی دەوڵەمەند بوو، ناوی (ئیڤیم تاراسیچ شیفیلۆڤ) بوو، ئەوەی تر دەوڵەمەند نەبوو، ناوی (ئیلیزێ بودرۆڤ) بوو.

(ئیڤیم) جوتیارێکی رەوشتبەرز بوو، ئاوی ژیانی نەدەخواردەوە، جگەرەی نەدەکێشا، بڕنووتی بە کار نەدەهێنا. پیاوێکی گرانو سەنگین بوو. دوو جار ببوو بە کوێخای گوندو بێ ئەوەی تووشی غەرامە بێ، کارەکەی جێ هێشتبوو. ماڵو منداڵی زۆر بوو: دوو کوڕو نەوەیەکی هەبوو. هەموو زەماوەندیان کردبوو. هەموو بە یەکەوە دەژیان. جوتیارێکی بەهێز بوو، قیتو بە ردێن بوو. تەمەنی حەفتا ساڵ بوو، هێشتا ریشی سپی نەبوبوو.

(ئیلیزێ) پیرەمێردێکی قوتە بوو. نە هەژار بوو، نە دەوڵەمەند. کاتی خۆی دارتاشی دەکرد. کە کەوتە ناو ساڵانەوە، لەماڵەوە دانیشتو دەستی بە پەروەردەکردنی هەنگ کرد. یەکێ لە کوڕەکانی لە دەرەوە کاری دەکردو ئەوەی تر لە ماڵەوە بوو. پیاوێکی رۆح سووك بوو، ئاوی ژیانی دەخواردەوەو بڕنووتی بە کار دەهێناو حەزی دەکرد دەوڵەمەند بێ، پیاوێکی سینگفراوان بوو، پەیوەندی لەگەڵ

خزمو دراوسێکانی باش بوو. جوتیارێکی زۆر قوتە بوو، رەشەسمەر بوو. ریشێکی کەمی بە گروازەی هەبوو. سەری هەویژ بوو. سەری وەکوو سەری پێغەمبەر ئەلیەشەع وابوو کە بە ناوی ئەوەوە کرا بوو. دەمێ بوو ئەو دوو پیرەمێردە رێك کەوتبوون کە بە یەکەوە بچنە حەج. بەلام (ئیفیم) هەمیشە دوای دەخست چونکە لەبەر کارەکانی پێی نەدەکرا سەفەر بکا: کارێکی تەواو نەدەکرد، کارێکی تری دەهاتە پێش. ماوەیەك بە ژن هێنانی نەوەکەی خەریك بوو، ماوەیەکی تر چاوەڕێی کوڕە بچووکەکەی دەکرد لە عەسکەری بێتەوە. ماوەیەکی تریش سەرقاڵی دروست کردنی خانوویەکی نوێ بوو.

رۆژێکی جەژن، هەردوو پیرەمێرد گەیشتنە یەك، دانیشتن. (ئیلیزێ) گوتی:

– باشە، هاورێ، کەی سەفەرەکەمان بکەین؟

(ئیفیم) پەشۆکا:

– دەبێ نەختێ چاوەرێ بکەین. من رێك ئەم ساڵ لە هەموو ساڵان پڕ ئیشترم. تازە دەستم بە ئاوا کردنی ئەو خانووە کردووە. وام دەزانی سەد روبلی تێدەچێ، کەچی ئەوەتا لە سێ سەدەمین روبلم. تەواویش نەبووە! با سەفەرەکە بۆ هاوین دوا بخەین. خوا یار بێ؟، هاوین، سەفەرەکە هەر دەکەین!!

(ئیلیزێ) وەڵامی دایەوە:

– بە رای من باش نییە لەوە زیاتر دوای بخەین. پێویستە هەر ئێستا بە رێ بکەوین. ئێستا کاتێکی لە بارە. وا بەهار دێ.

– ئێستا کاتێکی لە بارە. بەڵێ، لە بارە، بەڵام کارێکمان دەست پێکردبێ، چۆن بە نیوەچڵی جێی بێلین؟

– کەست نییە؟ کوڕەکەت ئیشەکەت لە باتی دەکا.

– بەڵام چۆنی دەکا؟ متمانەی زۆرم بە کوڕە نۆبەرەکەم نییە: دڵنیام هەموو شتێ تێك دەدا.

– برام، ئێمە دەمرین، ئەوان بە بێ ئێمە دەمێننەوە. پێویستە کوڕەکان رابێن!

– بەڵێ، راستە! بەڵام من دەمەوێ هەموو شتێ لە ژێر چاوەدێری خۆمدا بکرێ.

– ئاخ! هاورێی ئازیز، تۆ ناتوانی هەموو شتێ بە هەموو شتێو بۆ هەموو شتێ بکەی. بەم جۆرە، دوێنێ ژنان لای من ماڵیان بۆ جەژن پاك دەکردەوە. جارێ، ئەمەیان پاك دەکردەوەو تاوێ، ئەوە. من ئەمەم هەموو پێنەدەکرا. بووکە گەورەکەم، کە ژنێکی زیرەکە، گوتی: باشە جەژن لە رۆژێکی دیارو بێ چاوەڕێ دێ ئەگەر نا، بێ شك هەرچەندە هەوڵمان بدایە، پێمان تەواو نەدەکرا.

– پارەیەکی زۆرم لەو بینایە خەرج کردووە. خۆ نابێ بە دەست بەتاڵی بچینە حەج. سەد رۆبلم خەرج کردووە، کەم نییە!!

(ئیلیزێ) دەستی بە پێکەنین کرد. گوتی:

– هاورێ، گوناهان مەکە! تۆ دە هێندەی منت هەیە! تۆ باسی بێ پارەیی دەکەی کەچی من، کە هیچ پارەم نییە، تەنیا باسی سەفەر دەکەمو دەزانم چۆن پارە پەیدا دەکەم.

(ئیڤیم)یش خەندەیەکی بۆ کردو گوتی:

- تەماشای ئەم دەوڵەمەندە کەن! باشە پارە لە کوێ دێنی؟

- لە ماڵەوە دەگەڕێم. هەندێ پارە کۆ دەکەمەوە. بۆ ئەوەی پارەکە تەواو بکەم، دەوری دە شەرخە مێش دەفرۆشمە دراوسێکەم. زۆر جار داوای لێ کردووم.

بەڵام هەنگ بەرهەمی زۆرە. پەشیمان دەبیتەوە.

- پەشیمان دەبمەوە؟ بە درێژایی ژیانم لە هیچ شتێ پەشیمان نەبوومەتەوە. تەنیا لە گوناهەکانم پەشێمان بوومەتەوە. هیچ شتێ لە رۆح بەنرختر نییە.

- راستە. بەڵام باش نییە ماڵ ئاژاوەی تێ بکەوێ!

- لەوە خراپتر ئەوەیە رۆح ئاژاوەی تێ بکەوێ. مادەم لە خۆمان گرتووە ئەو سەفەرە بکەین، با بیکەین!

## ٣

(ئیلیزێ) برادەرەکەی رازی کرد. (ئیڤیم) بیری کردەوەو بەیانی رۆژی پاشی چووە لای (ئیلیزێ)و پێی گوت:

- باشە. با بچین! راست دەکەی. ئێمە ژیانو مردنمان بە دەست خوایە. ئێمە هێشتا لە ژیانداین. لەسەر شەنگو تاقەتی خۆشمانین. پێویستە بچین.

حەفتەی پاشی، دوو پیرەمێردەکە ئامادەکاری خۆیان تەواو کرد. (ئیڤیم) پارەی هەبوو. سەدو نەوەد روبلی بردو دوو سەدیشی دایە پیرەژنەکەی.

بەڵام (ئیلیزیێ)، دە شەرخە مێشی بەو شەرخە نوێیانەوە کە دەری دەکەن فرۆشتە دراوسێکەی. حەفتا روبلی بەمە هاتە دەستو سی(٣٠) روبلەکەی تریشی، کەم کەمە، لە هەموو ئەندامانی خێزانەکەی کۆ کردەوە: پیرەژنەکەی چی پارەی بۆ کفنو دفنی خۆی هەڵگرتبوو دابیەو بووکەکەیشی پارەی خۆی دایە.

(ئیڤیم تاراسیچ) پێشەکی تەگبیری بۆ کوڕە نۆبەرەکەی کرد کە لەو ماوەیەدا چی بکا: کوێندەر تۆو بداو پەین بە کوێ وەر بکاو چۆن خانووەکە تەواو بکاو سەری بگرێ. پێشەکی بیری لە هەموو شتێ کردەوەو هەموو شتێکی رێك خست.

بەڵام (ئیلیزیێ) هەر ئەوەندەی کرد پیرەژنی تێگەیاند هەنگی تازەی شانە فرۆشاوەکان بخاتە لاوە بۆ ئەوەی بە ئەمانەتەوە بیدا بە دراوسێکە. هیچ باسی شتەکانی تری ماڵەوەی نەکرد.: (هەموو شتێ چارەسەری لەگەڵ خۆیدایە، ئێوە گەورەو تەمامن. دەتوانن زۆر بە چاکی کاری خۆتان رایی بکەن!)

دوو پیرەمێردەکە خۆیان ئامادە کرد. کولێرە کراو کیسە درواو مێزەری نوێیان بۆ هەڵبڕا. پێڵاوی نوێیان لە پێ کردو یەکەو دوو جووتە پێڵاوی لە دەماری درەختیان لەگەڵ خۆیان بردو بە رێ کەوتن.

خزمو کەس‌و کاریان تا پەڕگەی دێ بە ڕێیان کردنو لەوێ ماڵاواییان لێ کردن. دوو پیرەمێردەکە ڕۆیشتن. (ئیلیزێ) هەروەکوو جاران ڕوو خۆش‌و کەنۆك بوو، هێمانێ لە گوند دەرچوون، هەموو کارەکانی ماڵەوەی لە بیر کرد.

تەنیا بیری لە یەك شت دەکردەوە: کە برادەرەکەی دڵخۆش بکاو قسەیەك نەکا بریندارى بکاو بە تەباو تفاقی‌و بە سەلامەتی بچن‌و بێنەوە. کە دەڕۆیشت، بە ورتە ورت دوعای دەکردو بیری لە ژیانی پیرو پیاوچاکان دەکردەوە. ئەگەر لە ڕێگای خۆی بگەیشتایەتە ڕێدارێك، یان ئەگەر شەو بگەیشتایەتە جێگایەك، هەوڵی دەدا لەگەڵ هەموو کەس نەرم‌و ناسك بێ. بە قسە دڵی هەموو کەس خۆش بکا. دەڕۆیشت‌و شایی لە دڵدا دەگەڕا. یەك شت هەبوو پێی نەدەکرا: نەیدەتوانی واز لە هەڵمژینی بڕنووت بێنێ. قوتووی بڕنووتی لە ماڵەوە لە بیر کرد. بەمەوە سەخڵەت بوو. لە ڕێگادا، کابرایەك هەندێ بڕنووتی دەدایە، خۆی دەگرت، خۆی دەگرت، لە پڕ دەوەستاو لێدەگەڕا هاوڕێکەی بڕوا بۆ ئەوەی نەبێ بە سەرمەشقی گوناه کردن، ئینجا هەندێ بڕنووتی هەڵدەمژی.

(ئیڤیم تاراسیچ) بە هەنگاوی سەنگین دەڕۆیشت. چەنەی لێ نەدەدا. بەڵام لە دڵەوە هەستی بە ئارامی نەدەکرد. کاروباری ماڵەوەی لە مێشك دەرنەدەچوو. هەر بیری لە کارەکانی دەکردەوە: ئایا هیچی لە بیر نەکردووە بە کوڕەکەی بڵێ؟ ئایا چی بە کوڕەکەی گوتووە، کوڕەکەی وا دەکا؟

لە ڕێگادا، دیتی خەڵك كرتۆپەیان دەچاندو پەینیان دەگواستەوە، بیری كردەوە: (ئایا چیم پێ گوتووە ، دەبێ وا بكا؟)
حەزی دەكرد بگەڕێتەوەو خۆی نیشانی بدا.

٣

دوو پیرەمێردەكە پێنج حەفتە ڕۆیشتن. ئەو پیلاوانەی بردبوویان دڕان. پیلاوی تریان كڕی. گەیشتنە وڵاتی (سەر بە كاكۆڵان). لەو كاتەوە كە بەڕێ كەتبوون بۆ ئەم سەفەرە، خواردنو ئەنوایان بە پارە بوو. كە گەیشتنە وڵاتی (سەر بە كاكۆڵان)، خەڵك بە ڕاكردن بانگیان دەكردن بۆماڵەوەو خواردنو نووستنیان بە لاش بوو. توێشەبەرەیان بۆ پڕ نانو كولێرە دەكردنو هیچ پارەیان وەرنەدەگرت. حەفت سەد قۆناغیان بەم جۆرە بڕی.
پاش ئەوەی هەرێمێكی تریان بڕی، گەیشتنە وڵاتێكی قەراجو قاقڕ. لەوێ، خەڵك جێگای نوستنیان خۆڕا پێدەدان بەڵام خواردنیان نەدەدانێ. بە زەحمەت نانیان دەست دەكەوت. هەندێ جار بە پارەیش نانیان دەست نەدەكەوت.خەڵك پێیان دەگوتن:
- پار، هیچ شتێ شین نەبوو. ئەوەی دەوڵەمەند بوو، ماڵی كاوڵ بوو، هەموو شتێكی فرۆشت. ئەوەی بای خۆی هەبوو، هەژار كەوتو ئەوەی هەژار بوو، یان كۆچی كردو سەری هەڵگرت، یان كەوتە

دەرۆزە کردن، یان لە کونجی ماڵەوە پەژمردە بوو. زستانیش کەپەک و دانەی رەشیان دەخوارد.

دوو پیرەمێردەکە، شەوێ لە گوندێك مانەوە. نزیکەی پازدە نانیان کڕی و رۆژی پاشی کەوتنەوە رێ و تا گەرما داهات ماوەیەکی زۆر رۆیشتن. نزیکەی دە قۆناغیان بڕی. گەیشتنە سەر جۆگایەك. دانیشتن و ئاویان بە کۆچەڵەکانیان خواردەوە و نانەکانیان رشاند و خواردیان و پێڵاوەکانیان گۆڕی.

نەختێ بەم جۆرە حەسانەوە. (ئیلیزێ) قوتووی شاخی بڕنووتی دەرهێنا. (ئیڤیم تاراسیچ) سەری باداو پێی گوت:

- بۆچی واز لەو رەوشتە ناهێنی؟

(ئیلیزێ) بە گوێڕایەڵیی گوتی:

- گوناه پشتی لێ سەندووم. چ بکەم؟ بە دەست خۆم نییە!

هەستان، ملی رێی خۆیان گرت. دەوری دە قۆناغیان بڕی. لە شارێکی گەورە تێپەڕین. دونیا گەرم بوو. (ئیلیزێ) ماندوو بوو. ویستی پشوویەك بداو نەختێ ئاو بخواتەوە.

بەڵام (ئیڤیم) نەوەستا. لە هاوڕێکەی باشتر دەرۆیشت. هاوڕێکەی بە زەحمەت دەیگەیشتێ.

(ئیلیزێ) گوتی:

- دەمەوێ هەندێ ئاو بخۆمەوە.

ئەوەی تر وەڵامی دایەوە:

- باشە، بخۆرەوە! من تینوو نیم.

(ئیلیزیێ) راوەستاو گوتی:

– چاوەڕێی من مەکە. بە غار دەچمە ئەم ماڵە، قومە ئاوێك دەخۆمەوەو دێم دەتگەمێ.

باشە!

(تاراسیچ) بە تەنیا ملی ڕێی گرتو ڕۆیشت. (ئیلیزیێ) ڕووی کردە ماڵەکە.

(ئیلیزیێ) گەیشتە ماڵەکە. ماڵێکی بچووك بوو، لە قوڕە سوور کرابوو. بنەوەی ڕەش بوو، سەرەوەی سپی بوو. قوڕە سوورەکە لە هەندێ جێگا شەقی بردبوو. دیار بوو ماوەیەکی زۆر بوو سواق نەدرابووەوە. بانەکە لایەکی داتەپی بوو، کون بوبوو. خانووەکە بە سەر حەوشێکدا دەیڕوانی.

(ئیلیزیێ) چووە حەوشە. کابرایەکی بێ ریشی بینی، لەڕو لاواز بوو، وەکوو (سەر بە کاکۆلان) کراسی لە ناو شەروالی نا بوو. لەسەر سەکۆ پالی دابووەوە. زووتر لە بەر سێبەر راکشا بوو بەلام ئێستا هەتاوی گەیشتبوێ. درێژ بوبوو بەلام خەوی لێ نەکەوتبوو. (ئیلیزیێ) بانگی کردو داوای ئاوی خواردنەوەی لێ کرد. کابرا وەلامی نەدایەوە. (ئیلیزیێ) لە دڵی خۆیدا گوتی: (ڕەنگە نەساخ بێ، یان ڕووی خۆش نەبێ) ڕووی کردە دەرگا. گوێی لە دەنگی دوو منداڵ بوو دەگریان. ئەڵقەی دەرگای راهەژاند.

– هۆ! دیانینە!

کەس نەجوولایەوە.

– ئەی بەندەو خزمەتکارانی خودا!

کەس وەڵامی نەدایەوە. خەریك بوو بکشێتەوە، لە پشت دەرگا گوێی لە ناڵە ناڵێك بوو: (لەوانەیە دەردەدارێك لە پشت دەرگا هەبێ. دەبێ بگەڕێمەوە.)

٤

ئەلقەی باداو دەرگا کرایەوە. چووە ڕاڕەوەکە. دەرگای ژوورەوە واڵا بوو. لای دەستەچەپ، ئاگردان بوو. لەو سەری ژوورەوەیش، لە گۆشەی سەرەکی، ڕەفکەی مۆمدانەکان – مێزێك – بوو، کورسییەك لە پشت مێزەکە بوو. پیرەژنێك لەسەر کورسییەکە بوو. تەنیا کراسێکی لەبەر بوو. قژی کرابووەوە. سەری بە مێزەکە کردبوو. منداڵێکی بچووکی لە تەك بوو، لەڕو لاواز بوو، دەتگوت لە مۆم دروست کراوە. ورگی هەڵدەفا بوو. سەرقۆڵی پیرەژنەکەی رادەکێشاو بە کوڵ دەگریاو داوای شتێکی لێ دەکرد.

(ئیلیزێ) چووە ژوورەوە. ژوور بۆنێکی ناخۆشی لێ دەهات. بینی پیرەژنێك لەسەر سەکۆی ئاگردان، ڕاکشا بوو. لەسەر زگ درێژ ببوو. تەماشای هیچی نەدەکرد. هەنسکی دەدا. لەگەڵ هەنسکدا قاچەکانی لەیەك دەبوونەوەو وێك دەهاتنەوەو توند توند دەهەژا. بۆنی ناخۆش بوو. ئاشکرا دیار بوو کەسی نەبوو پاکی بکاتەوە.

پیرەژن سەری بڵند کرد. کابرای بینی. بە شێوەزاری باشووری گوتی:

- چیت دەوێ؟ لێرە هیچ شتێ نییە.

(ئیلیزێ) تێگەیی‌و چووە پێش‌و گوتی:

- هاتمە ژوورەوە . ئەی بەندەی خوا، هەندێ ئاوم دەوێ بخۆمەوە.

- کەس لێرە نییە ئاوت بداتێ. هیچ شتیش نییە بیبەی. بڕۆ!

(ئیلیزێ) لێی پرسی:

- چی؟ کەسی ساختتان نییە ئەو ژنە پاك بکاتەوە؟

- کەس نییە. پیاوەکەم وا لە حەوشە دەمرێ‌و ئێمەیش لێرە!

منداڵە بچووکەکە، کە ئەو پیاوە بیانییەی بینی، بێدەنگ بوو. بەڵام کە پیرەژن دەستی بە قسە کرد. جارێکی تر قۆڵی راکێشا:

- نان! داپیرە، نانم دەوێ!

دەستی بە گریان کردەوە.

(ئیلیزێ) کاتی نەبوو پرسیاری تر لە پیرەژن بکا، پیرەمێردەکە هاتە ژوورەوە. خۆی بۆ بن دیوار خشاندو ویستی لە سەر کورسی دابنیشێ بەڵام نەیتوانی‌و بەر بووەوە. بێ ئەوەی هەستێتەوە ویستی قسە بکا. کە قسەی دەکرد دەتگوت وشە لە وشە دەردەکێشێ. لە گەڵ هەر وشەیەك نەختێ دەوەستا بۆ ئەوەی پشوو بدا.

پیرەمێرد، بە سەر ئاماژەی بۆ لای کوڕە بچووکەکە کردو گوتی:

- برسێتی زۆری بۆ هێناوین. ئەمە وا لە برسان دەمرێ.

لە پڕمەی گریانی دا.

(ئیلیزیّ)، توێشەبەرەکەی لە سەر پشتی داگرت و لە سەر زەوی دانا. زوو داوەکەی کردەوە. کردییەوەو نانێك و چەقۆیەکی دەرهێنا. پارچە نانێکی لێ کردەوەو دایە جوتیارەکە. جوتیارەکە وەری نەگرت. ئاماژەی بۆ کچەکەو کوڕەکە کرد. وەك ئەوەی بیەوێ بلێ: (نانەکە بدە بەم دووانە!) (ئیلیزیّ) پارچە نانێکی دایە کوڕەکە. کە کوڕەکە بۆنی نانەکەی بۆ هات. پارچە نانەکەی بە دەستە بچکۆڵەکانی گرت و لووتی لە ناو نا. کچۆڵەیەکی بچکۆل لە پشت ئاگردان هاتە دەرەوەو لە نانەکە نز بووەوە. (ئیلیزیّ) نانێکی دایە. پارچەیەکی تریشی لێ کردەوەو بۆ پیرەژنی راداشت. پیرەژن وەری گرت و دەستی بە خواردنی نانەکە کرد. (ئیلیزیّ) گوتی:

- دەبێ ئاویان بۆ بێنم. هەموویان دەمیان وشکە.

پیرەژن گوتی:

دوێنێ بوو، یان ئەمڕۆ بوو، لە بیرم نەماوە، ویستم بچمە سراوێ ئاو بێنم. ئاوم لە بیر هەلێنجا بەلاّم پێم هەلّنەگیرا. ئاوەکەم لە دەست رژاو خۆیشم بەربوومەوە. لاقم لە دوو خۆم راکێشاو هاتمەوە مالێ. دەولکەکە لەوێ بە جێ ما، ئەگەر نەیانبردبێ.

(ئیلیزیّ) پرسی بیرەکە لە کوێیە؟ پیرەژن بۆی باس کرد. (ئیلیزیّ) چووە دەرێ، دەولکەکەی دیتەوەو ئاوی هێناو ئاوی دایە هەموویان. دوو مندالّەکەیش نانیان بە ئاوەکە خوارد. پیرەژنیش نانەکەی خوارد. بەلاّم پیرەمێرد نەیخوارد. گوتی:

- بۆم ناخورێ.

ژنەکە نەك هەر پێی نەدەکرا هەستێتەوە، بەڵکو بوورابووەوە، هەر لە ناو نوێن تلی دەدا.

(ئیلیزێ) چووە لای بەقاڵی گوند. ساوارو خوێ‌و ئاردو ڕۆنی کڕی. تەورێکی بچووکی دۆزییەوەو داری قەلاشکەری شەق کردو ئاگری لە ئاگردان کردەوە. کچە بچکۆڵەکە یارمەتی دەدا. جۆرە شلە ساوارێکی لێناو دەرخواردی هەموویانی دا.

## ٥

جوتیارەکە توانی کەمێك بخوا. هەروەها پیرەژنیش. کوڕو کچەکە هەموو لەگەنەکەیان لستەوە. ئینجا دەستیان کردە ملی یەکترو نووستن.

جوتیارو پیرەژن بە سەرهاتی خۆیان گێڕایەوە. گوتیان:

- پێشتر ئێمەیش وەکوو هەموو خەڵك دەژیاین، ئەگەرچی زۆر دەوڵەمەند نەبووین. لە پڕ بوو بە وشکە ساڵی‌و هیچ شین نەبوو. چیمان هەبوو پایز هەموومان خوارد. کە هەموومان خوارد، داوای خواردنمان لە دراوسێکان، ئینجا لە خێرخوازان کرد. سەرەتا خەڵکەکە شتێکیان پێدەداین، پاشان ئەویش نەما. کەسانێ هەبوون خۆزگەیان دەخواست هەیانبێ‌و شتێکمان بدەنێ. جگە لەوە پێمان شەرم بوو بەردەوام داوای شت بکەین. بە نان‌و پارەو ئارد قەرزاری هەموو کەس بووین.

جوتیارەکە گوتی:

– بە دوای کارێکدا گەڕام: کار نەبوو. ئیش کردن هەر بخۆو برۆ بوو. رۆژە ئیشێك دوو رۆژە گەڕانی دەویست بۆ ئیش. ئەوسا پیرەژنو کچۆلەی ساوا دەستیان بە دەرۆزە کرد. خێر کەم بوو چونکە خەڵك نانیان نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا خواردنمان هەر هەبوو. پێمان وابوو تا وەرزی دروێنەی دادێ دەتوانین لاق لە دوو خۆمان رابکێشین، بەڵام لە بەهارەوە کەس هیچی بێ نەدایین. ئیتر نەخۆشی دەستی خستە ناومانەوە. هەموو شتێ بەرەو خراپە دەچوو. رۆژێك خواردنمان هەبوو، دوو رۆژ نەمان بوو! دەستمان بە گیا خواردن کرد. بەڵام ئایا بە هۆی گیا بوو، ئایا بە هۆی تر،، پیرەژن تووشی نەخۆشی بوو. کەوتە ناو جێ. منیش تاقەتم نەما. نەمزانی چۆن لەم حاڵە رزگار بم.

پیرەمێرد گوتی:

– بە تەنیا مامەوە. ئەوەی پێم بکرایە، دەمکرد. بەڵام بێ خواردن. هێزم لەبەر برا. ئەم کچە بچکۆلەیەش ژاکا. زۆر دەترسا. دەماننارده ماڵە دراوسێیەك ، نەدەچوو. خۆی لە کونجی ماڵەوە مات دەکردو دەرنەدەچوو. پێرێ، ژنە دراوسێکەمان هاتە ماڵمان، کە بینی هەموومان برسیو نەخۆشین، پشتی تێ کردینو بە پەلە رۆیشت. مێردەکەی ئەویش، کە هیچی نەما بیداتە منداڵەکانی، ماڵی جێ هێشتو رۆیشت. ئیتر راکشاینو چاوەڕێی مردنمان کرد.

(ئیلیزیێ) کە گوێی لە قسەکانیان بوو، بڕیاری دا ئەو ڕۆژە نەگەڕێتەوە لای برادەرەکەی. لە ماڵەکە خەوت. ڕۆژی پاشی، لە خەو را بوو، وەك ئەوەی ماڵەکە ماڵی خۆی بێ، هەمووی پاك کردەوەو ڕێکی خست. لەگەڵ پیرەمێرد هەویری بۆ نان کردو ئاگردانی داگیرساند. لەگەڵ کچە بچووکەکە چووە ماڵە دراوسێکە بۆ ئەو شتانەی پێویستی پێ بوو بەڵام هیچی دەست نەکەوت. هەر شتێ بێ: هیربار، یان جلو بەرگ. هەموو شتێ تەواو بوبوو. ئینجا (ئیلیزیێ) شتێکی کڕیو شتێکی داهێناو هەموو کەمو کورتییەکانی پێك هێنا. ڕۆژێ، دوو ڕۆژ، سێ ڕۆژ، ئاوا لەوێ مایەوە. کچە بچکۆلەکە چاك بووەوە. لەسەر کورسی دەڕۆیشتو دەچووە لای (ئیلیزیێ)و بە میهرەبانی خۆی تێ هەڵدەسوی. کچۆلەکە لە هەموو شتێ یارمەتی دەدا. شاد بوو. بە دوای (ئیلیزیێ)دا رای دەکردو هاواری دەکرد: (باپیرەی میهرەبان), پیرەژنیش چاك بووەوە. دەچووە ماڵی دراوسێکەیان. کابرا وای لێ هات دەیتوانی خۆی بە دیوارەوە بگرێو هەستێتەوە. تەنیا ژنەکەی لە ناو جێ هەڵنەستایەوە، بەڵام ئەویش ڕۆژی سێیەم چاك بووەوەو داوای خواردنی کرد.

(ئیلیزیێ) بیری کردەوە: (نەمدەزانی ئەو ماوە زۆرە لێرە دەمێنمەوە. ئێستا کاتی سەفەر کردنە.)

٦

ڕۆژی چوارەم، بوو بە جەژنی فەسح. (ئیلیزێ) لە دڵی خۆیدا گوتی: (بای زیافەتێك شتیان بۆ دەکڕم‌و جەژنیان لەگەڵ دەکەم‌و ئێوارێ سەفەر دەکەم.)

گەڕایەوە گوند. شیرو ئاردی سپی‌و ڕۆنی کڕی. لەگەڵ پیرەمێرد کردی بە حەلوا. بەیانی چووە قەداس‌و کە گەڕایەوە، کەوتنە سەر خواردن‌و خواردنەوە. ئەو ڕۆژە ژنەکە دەستی بە ڕۆیشتن کرد. جوتیارەکە ریشی تاشی‌و کراسێکی پاکی لەبەر کرد، ڕۆژی پێشوو ئەم بۆی شووشتبوو، ئینجا چووە لای جوتیارێکی دەوڵەمەندی گوند کە زەوی‌و مێرگی لا بە ڕەهن دانا بوو. تکای لێ کرد بەر لە کار زەوییەکەی بداتەوە. ئێوارێ پیرەمێرد هاتەوە زۆر غەمبار بوو، دەستی بە گریان کرد. جوتیارە دەوڵەمەندەکە ڕەتی کردبووەوە زەوییەکەی بداتەوە. داوای کردبوو یەکەم جار پارەکە بدا، ئەوجا زەوییەکەی دەداتەوە.

(ئیلیزێ) دووبارە بیری کردەوە: (ئێستا ئەمانە چۆن دەژین؟ خەڵك دروێنە دەکەن، بەڵام ئەوان، نا. چونکە زەوییەکەیان لە ڕەهندایە. ئەگەر ئێستا سەفەر بکەم وەکوو خۆیان لێ دێتەوە.)

بڕیاری دا ئەو ئێوارەیە سەفەر نەکا. سەفەرەکەی بۆ سبەینەی ڕۆژی پاشی دوا خست. چوو بۆ ئەوەی لە حەوشە بخەوێ. نوێژی کردو ڕاکشا. بەڵام خەوی نەچووە چاو.

دەبێ سەفەر بکەم. پارەیەکی کەمم بە دەستەوە ماوەو کاتێکی زۆر زۆر کەمیش. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کلۆڵانە جێگای بەزەیین...بەڵام

ئایا مرۆ دەتوانێ یارمەتی هەموو کەس بدا؟ من ویستم تەنیا ئاویان بۆ بێنم‌و هەر یەکەو کەرتە نانێکی بدەمێ، کەچی ئەوەتا کار بەم رادەیە گەیشت! زەوی‌و مێرگ هەن دەبێ رەهنیان لەسەر هەڵبگیرێ. ئەگەر زەوی رەهنی لەسەر هەڵبگیرێ، دەبێ دوو منداڵەکە مانگایەکیان بۆ بکڕدرێ‌و جوتیارەکە ئەسپێك، بۆ ئەوەی قرشەی پێ بگوازێتەوە. هاورێ (ئیلیزێ بودرۆڤ)، زیاد لە پێویست رۆیشتی! قیبلەنمات بزر کردووە. بازی رۆیشتنی خۆت نازانی.)

(ئیلیزێ) هەستاو کەواکەی بە سەر سەری دادا. قوتووی بڕنووتی کردەوەو کەمێکی هەڵمژی. ویستی بە روونی بیر بکاتەوە. هەر بیری کردەوەو بیری کردەوە، بە هیچ شتێ نەگەیشت. پێویستە سەفەر بکا بەڵام جێ هێشتنی ئەمانە گوناهێکە بوردنی بۆ نییە! نەیزانی بڕیاری چی بدا. جارێکی تر کەواکەی پێچایەوەو لە بن هەنگڵی ناو راکشایەوە. ماوەیەکی زۆر بەم جۆرە مایەوە. کە چاوی چووە سەر یەك، کەڵەشێر دەستیان بە بانگدان کرد.

لە پڕ هەستی کرد وەك ئەوەی خەبەری بووبێتەوە. بینی جلی لەبەر کردووەو توێشەبەرەو داردەستەکەی بە دەستەوەیە. خەریکە دەچێتە دەرەوە. دەرگا درزێك بوو یەك پیاوی پێوە دەچوو. رووی کردە دەرگا. بەڵام توێشەبەرەکەی لە لایەکی دەرگا گیر بوو، کە ویستی خۆی دەرباز بکا، پێڵاوی لە لا تەنیشتەکەی تر گیر بوو. کە خۆی لەویش رزگار کرد، هەستی کرد جارێکی تر رێی لێ گیرا. دیواری دەرەوە نەبوو رێی لێگرت، بەڵکو کچە بچکۆڵەکە بوو، گرتبووی‌و

هاواری دەکرد: (باپیری میهرەبان، باپیری میهرەبان، نانم بدەری!)

کابرا تەماشای پێی خۆی کرد، کوڕەکە قەیتانی پێڵاوی گرتبوو

جوتیارو پیرەژنیش لە پەنجەرەوە تەماشایان دەکرد.

(ئیلیزی) بە خەبەر هاتو لە دڵی خۆیدا گوتی: (رەهن لەسەر زەوی‌و مێرگەکە هەڵدەگرم. سەرەڕای ئەوەیش، ئەسپێك بۆ جوتیارەکەو مانگایەك بۆ دوو منداڵەکە دەکڕم. ئەوسا دەچم لەو دیو دەریاکانەوە بە دوای مەسیحدا دەگەڕێم. پێویستە بە هانای خەڵکەوە بچین.)

تا بەیانی خەوت. بەیانی زوو لە خەو را بوو. چووە لای جوتیارە دەوڵەمەندەکە، زەوی‌و مێرگەکەی وەرگرتەوە. مەلـەغانەکانیشی وەرگرتەوە چونکە ئەوانیش فرۆشرا بوون‌و بردییەوە ماڵێ. جوتیارەکەی ناردە درونەو خۆیشی چووە لای خاوەنی مەیخانە، لە دوای گالیسکەیەك‌و ئەسپێکی فرۆتەنی گەڕا : مامەڵەی کردو کڕی... پاشان چوو مانگایەکی کڕی. کە لە ڕێگا دەڕۆیشت، دوو ژنی شاری خۆیانی لە پێش خۆیەوە بینی. دوو ژنەکە بە دەم ڕۆیشتنەوە باسی ئەویان دەکرد. یەکێکان گوتی:

– یەکەم جار کەس نەیدەزانی ئەم پیاوە کێیە. وایاندەزانی تەنیا حاجییەکەو بەس! دەڵێن چۆتە ماڵیان بۆ ئەوەی ئاو بخواتەوە. بەڵام لەوێ مایەوە. دەڵێن هەموو شتێکی بۆ کڕیون. من خۆم ئەمڕۆ دیم ئەسپێك‌و گالیسکەیەکی لە خاوەنی مەیخانە کڕی. ئاخر مرۆڤی ئاوایش هەن! با بچین بیبینین.

(ئیلیزیٚ) گوێی لەم قسەیە بوو. زانی ئەوانە پێی هەڵدەڵێن. گەڕایەوە لای خاوەنی خانەکە، نەچوو مانگا بکڕیٚ. نرخی ئەسپەکەی داو رووی کردەوە ماڵەوە. کە گەیشتە بەر دەرگای حەوشە. وەستاو لە گالیسکەکەی دابەزی. ماڵەکە ئەسپەکەیان دیٚو واقیان وڕما. زانیان ئەسپەکە بۆ ئەوان کڕاوە بەڵام زاتیان نەکرد وا بڵێن. خاوەن ماڵ دەرگای کردەوەو گوتی:

- ئەم وڵاغەت لە کویٚ بوو؟ ئەی پیرمێردی ئازیز!!

(ئیلیزیٚ) وەڵامی دایەوە:

- کڕیومە. دەرفەت بوو قۆستمەوە. هەندیٚ گیای بۆ بدوورەوە بۆ شەو.

جوتیارەکە ئەسپەکەی کردەوە، گیای بۆ دووریيەوەو ئاخوڕی پڕ کردو هەموو خەوتن. (ئیلیزیٚ) لە حەوشە خەوت، لە ئێوارێوە توێشەبەرەکەی لەویٚ دانا بوو. کە هەموو خەوتن، (ئیلیزیٚ) هەستا، پریاسکەکەی پێچایەوەو پێڵاوی لە پیٚ کردو کەواکەی لەبەر کردو چوو بە دوای (ئیڤیم)دا بگەڕیٚ.

## ۷

(ئیلیزیٚ) پێنج قۆناغ رۆیشت. بەیان ئەنگووت. لە ژێر بنەدارێك دانیشت، پریاسکەکەی کردەوەو پارەکەی ژمارد: حەڤدە روبڵو بیست کوبیکی پیٚ ما بوو. لە دڵی خۆیدا بیری کردەوە: (بەوەندە پارەیە ناتوانم لە دەریا بپەڕمەوە، دەرۆزەکردنیش لەو سەفەرەی بە

ناوی مەسیحی دەکەم لەوانەیە گوناهو تاوان بێ. با (ئیڤیم)ی هاوڕێم بە تەنێ بچێ. گومانی تێدا نییە مۆمێکیش بۆ من دادەگیرسێنێ. تا دەمرم نەزرم لە سەر نامێنێ. خوا بە روحمە: نەزرەکەم لە سەر هەڵدەگرێ.

(ئیلیزێ) هەستا، توێشەبەرەکەی بە کۆڵی داداو گەڕایەوە. بەڵام لە سەر گوند سووڕا بۆ ئەوەی نەیبینن. زوو گەیشتەوە ماڵێ. لە چووندا، سەختو زەحمەت بوو، خۆی لە دوای (ئیڤیم) رادەکێشا، بەڵام لە گەڕانەوەدا، خوا تاقەتی دایە بە بێ ماندوو بوون دەڕۆیشت. بێ ئەوەی مانای ماندووبوون بزانێ، گەمەی بە داردەستەکەی دەکردو دەڕۆیشت. رۆژێ حەفتا قۆناغی دەبڕی.

کە گەیشتەوە ماڵێ: خۆشبەختانە کاری زەوی‌و زار تەواو کرا بوو. ماڵۆ عەیاڵی بە هاتنەوەی خۆش حاڵ بوون. لێیان پرسی چۆن برادەرەکەی جێ هێشت‌و بۆچی سەفەرەکەی تەواو نەکردو گەڕایەوە.

وەڵامی دایەوە:

– خوا وای ئیرادە لەسەر بوو، نەیویست بچم. لە رێگادا پارەکەم خەرج کرد. هاوڕێکەم بە پێشم کەوت. منیش نەچووم. بۆ خاتری مەسیح لێم ببوورن.

ئەو پارەیەی مابوو دایەوە پیرەژنەکەی. (ئیلیزێ) پرسیاری کاروباری ماڵەوەی کرد. ئیشەکان زۆر بە چاکی بەڕێوە چووبوون. هەموو

شتێ بە باشی دەڕۆیشت. ماڵ لە هیچی کەم نەبوو. هەموویان بە تەباو تفاقی دەژیان.

کە رۆژ داهاتو ماڵی (ئیڤیم) زانیان (ئیلیزێ) گەڕاوەتەوە، چوون دەنگو باسی پیرەمێردی خۆیان لێ پرسی. (ئیلیزێ) هەمان شتی پێ گوتن. پێی گوتن:

- پیرەمێردتان زۆر باشە! سێ رۆژ پێش جەژنی پیر پترۆس لە یەك دابڕاین. ویستم پێی بگەمەوە بەڵام هەندێ شتم بەسەر هاتو ئەوەندەم پارە پێ نەما لە رێگا بەردەوام بم. ئەوەتا گەڕاومەتەوە...

خەڵکەکە واقیان وڕما، چۆن پیاوێکی زیرەکی وەکوو ئەو، ئەو گیلایەتییە دەکا؟..(چووە سەفەر، نەگەیشتە ئامانجەکەیو پارەکەی بێ هوودە چواند). خەڵکەکە سەریان سوڕما بوو. پێدەکەنین.

(ئیلیزێ) ئەمەی هەموو لە بیر کرد. دەستی بە کارەکانی خۆی کردەوە. لەگەڵ منداڵەکان، داریان بۆ زستان بڕیو دەغڵی لەگەڵ ژنان کوتاو سەری هۆری گرتو خزمەتی شانە هەنگەکانی کردو ئامادەی کرد تا دە شەرخە هەنگی تازە بە دراوسێکەی بدا. پیرەژنەکەی ویستی حیسابی هەنگی تازەی لێ بشارێتەوە بەڵام (ئیلیزێ) دەیزانی کام هەنگ پڕەو کامیان پڕ نییە. لە باتی دە شەرخە، حەڤدە شەرخەی دایە دراوسێکەی.

(ئیلیزێ) کاروباری خۆی رێك خست. کوڕەکەی نارد لە دەرەوە کار بکا. خۆیشی دەستی بە چنینی پیلاو کرد لە دەماری درەختو قاپقاپەی بۆ زستان دروست کرد.

٨

رۆژی یەکەم کە (ئیلیزێ) لە ماڵی نەخۆشەکان مایەوە، (ئیڤیم)ی برادەری چاوەڕێی کرد. لە نزیك گوند چاوەڕێی کردو چاوەڕێی کرد. نەختێ خەوت‌و بە خەبەر هات. کەمێ دانیشت، نەیدی کەس بێ. ئەوەندەی چاوەڕێی کرد، چاوی شل بوو. ڕۆژ لە پشت درەختانەوە ئاوا بوو، (ئیلیزێ) هەر دەرنەکەوت: (لەوانەیە منی نەدیبێ‌و تێپەڕیبێ چونکە خەوتبووم. نەخێر، ناشێ نەمبینێ. لەو دەشتە مرۆڤ لە دوورەوە شت دەبینێ...دەگەڕێمەوە، بەڵام بۆی هەیە لە یەك تێپەڕین. ئەمە خراپتریش...من پێشی دەکەوم‌و لە یەکەم خاندا دەگەینەوە یەك.)

گەیشتە گوندێك‌و بە باخەوانەکەی گوت ئەگەر پیرەمێردێکی قوتە بەم ڕێگایەدا هات، بیباتە خانەکە. (ئیلیزێ) بۆ خەوتنیش نەهات.

(ئیڤیم) بگەیشتبایە هەر کەس لێی دەپرسی داخۆ پیرەمێردێکی قوتەی هەوێزی نەدیوە. کەس نەیدی بوو. (ئیڤیم) بە تەنیا ڕێی گرتە بەر. بیری کردەوە: (لە جیگایەك هەر بە یەك دەگەینەوە: لە ئۆدیسا بێ، یان لە سەر پاپۆڕ). دوای ئەوە چیدی بیری لێ نەکردەوە.

لە ڕێگادا، گەیشتە حاجییەك. ئەو حاجییە بە جلی دڕو قژی درێژی دەچووە چیای (ئاسوس) بۆ ئەوەی بۆ جاری دووەم حەجی قودس بکا. لە خانێك گەیشتنە یەك‌و دەستیان بە قسە کردو بە یەکەوە کەوتنە ڕێ.

بە سەلامەتی گەیشتنە ئۆدیسا. پاپۆر سێ ڕۆژ لەوێ چاوەڕێی کرد. ژمارەیەکی زۆر حاجی تێدا بوو لە هەموو لایەکەوە دەهاتن. جارێکی تر (ئیڤیم) پرسیاری (ئیلیزێ)ی کرد بەڵام کەس نەیدیبوو.

حاجییەك ڕێگایەکی پێشانی (ئیڤیم) دا دەتوانێ بێ پارە گەشتەکەی بکا. بەڵام (ئیڤیم) گوێی پێ نەدا. گوتی:

- من پێم باشە کرێکە بدەم. بۆ ئەوە پارەم هێناوە.

(ئیڤیم) پەساپۆرتێکی بۆ دەرەوە دەرهێنا پێنج روبلی تێچوو. چل روبلیشی کرێی چوونو هاتنەوە داو نانو ماسیشی کڕی.

پاپۆڕ بار کراو بڕواداران سوار بوون، (ئیڤیم) لەگەڵ حاجییەکە سوار بوون. لەنگەر بلند کراو کەشتی بە ڕێ کەوت. ئاوو هەوای خۆش بوو بەڵام ئێوارێ باهۆزێك هاتو دایکردە بارانو شەپۆل کەشتی شووشتەوەو پڕ ئاوی کرد. ژنان گریانو پیاوان زراویان چوو. هەندێ لە نەفەرەکان بەم لاو بەو لادا رایان دەکرد. لە دالدەیەك دەگەڕان. (ئیڤیم)یش هەستی کرد ترسی لێ نیشت بەڵام نەیهێشت پێیەوە دیار بێ. بە درێژایی ئەو شەوەو ڕۆژی پاشی، لە جێگای خۆی، لای پیرەمێردەکانی (تامبوڤ)، بە کپو بێدەنگی مایەوە. ڕۆژی سێیەم، دەریا هێمن بووەوە، ڕۆژی پێنجەم، گەیشتنە قوستەنتینە. هەندێکیان دابەزینو زیارەتی کلێسەی ئەیا سۆفیایان کرد کە ئێستا تورکی لێیە. (ئیڤیم) دانەبەزی. کەشتییەکە دوای بیستو چوار سەعات وەستان، کەوتەوە ڕێو گەیشتە شاری (سمیرنا)و ئینجا ئەسکەندەرییە. ئینجا بێ هیچ ڕووداوێك گەیشتە یافا.. لە یافا،

حاجییەکان دەبوایە دابەزنو دە قۆناغ بە پێ ببڕن بۆ قودس.
بڕوادارەکان لە کاتی دابەزیندا، نەختێ ترسان. کەشتی بلند بوو،
بەلەم لە خوارەوە راگیرا بوون، نەفەرەکانیان فڕێ دەدایە ناو
بەلەمەکان. بەلەمەکان دەهەژانەوە. نەفەرەکان دەهات بەر بینەوە،
نەك بۆ ناو بەلەمەکان، بەلکو بۆ سەر تەنیشتەکانیان. دوانیان مەیلەو
تەڕ بوون بەلام ئاخیری هەموویان بە ساغو سەلامەتی گەیشتنە سەر
وشکاتی.

یەکسەر روویان کردە قودس. رۆژی چوارەم، گەیشتنە جێ. (ئیڤیم)
لە دەرەوەی شار، لە خانێکی رووسی، وەستاو پەساپۆرتەکەی نیشانە
کرد. نانی خواردو لەگەڵ حاجییەکان چووە زیارەتی شوێنە
پیرۆزەکان. هێشتا رێگا نەدەدرا بچنە سەر گۆڕی مەسیحی بەڕێز.
یەکەم جار رووی کردە قداس. هەموو حەجاج لە دێری پەتریرك
کۆبوبوونەوە: ژن لە لایەكو پیاو لە لایەك. فەرمانیان پێ کردن
پێلاویان دابکەنو بە شێوەی بازنەیەك دابنیشن. ئەو حەلە راهیبێك
هات دەسرۆکێکی پێ بوو. قاچی هەموویانی شووشت. قاچی
شووشتو سڕییەوەو ماچیشی کرد. دوعا کرا. قداسێکی گەورەو
قداسێکی بێ سروود کرا. مۆم داگیرسانو دوعا بۆ خزم و کەسو
کار کرا. (ئیڤیم) ویستی قداسی ئێواری لە سەر گۆڕ ببینێ بەلام
درەنگ گەیشت. چووە زیارەتی دێری ئیبراهیمو باخچەی (سافك)ی
دی کە ئیبراهیم ویستی لەوێ کوڕەکەی بکاتە قوربانی بۆ خودا.
دوای ئەوە، ئەو شوێنەی دی کە مەسیح لە مەریەمی مەجدەلی

دەرکەوت. لەگەڵ کلێسەی یەعقووبی برای مەسیحی بەڕێز.
حاجییەکە هەموو شوێنێکی پێشان دەداو بچووبوایە هەر شوێنێ پێی دەگوت لە کوێ پارە بداو چەند بداو مۆم دەبێ لە کوێ دابگیرسێنرێ. جارێکی تر بۆ نان خواردن گەڕانەوە خان.
لە کاتی نووستندا، حاجی لە پڕ گیرفانەکانی خۆی پشکنیو گلەیی کردو گوتی:
- جزدانەکەم بە پارەوە دزراوە. بیستو سێ روبلی تێدا بوو. دوو وەرەقە، هەر یەکە دە روبڵو سێ روبلی ئاسن.
حاجی هەر گلەیی کردو گلەی کرد. چار چییە؟ نووست.

9

کاتێ (ئیڤیم) چووە ناو جێ، بیرێکی خراپی بۆ هات. ئەم حاجییە پارەی نەدزراوە، وا بزانم هیچ پارەی نەبوو. بچووبایە هەچ شوێنێ قەت هیچی نەدەدا. پارەکەی بەمن دەدا، خۆی هیچ پارەی نەدەدا. تەنانەت روبلێکیشی لە من قەرز کرد.
(ئیڤیم) ئاوها بیری کردەوە. ئینجا سەرزەنشتی خۆی کرد: بۆچی بڕیاری بێ رێو جێو بێ بنەما لە بارەی ئەم پیاوەوە بدەم؟! ئەمە گوناهە! نامەوێ لەمەودوا گوناهی وا بکەم.
بەڵام هەر هێندە خەوی دەهات، دووبارە شتەکەی بیر دەکەوتەوە: ئەو حاجییە بە چاوێکی مۆن تەماشای پارەی دەکرد. ئاشکرایە راست ناکا دەڵێ پارەم دزراوە. پارەی پێ نەبوو. ئەمە هەڵبەستەیە!

رۆژی پاشی زوو، له خەو هەستان. چوونه قداسی بەیانی له کلێسەی گەورەی پەسلان، لای گۆڕی مەسیحی بەڕێز. حاجی قەت (ئیڤیم)ی جێ نەدەهێشت. بچووبایه هەر کوێ وەکوو سایه بە دوایەوە بوو.

کلێسەکە بێ ژمار حەجاجی رووسو یۆنانو ئەرمەنو تورکی تێدا بوو. (ئیڤیم) لەگەڵ جەماوەرەکە گەیشته دەرگای پیرۆزو بە ناو پاسەوانه تورکەکاندا تێپەڕی بۆ ئەو شوێنەی مەسیح لە سەر خاچ هێنرایه خوارەوەو بە زەیت هەنوویان. هەشت چلچرای گەورە داگیرسا بوون. (ئیڤیم) مۆمێکی لە ناو دانا. ئینجا حاجییەکە بردییه لای دەستە راست، لای سەرەوە، بە پلیکانه بۆ لای ئەو گومەزەی زەنگوڵی خاچی لێ بوو. لێرە (ئیڤیم) نوێژی کرد. ئینجا ئەو درزەی پێشان دا کە تا دۆزەخ زەوی شەق کرد بوو. ئەو شوێنەی پێشان دا کە لەسەر خاچ بزماریان له هەردوو دەستو پێی مەسیح دا. ئینجا گۆڕی ئادەم کە ئێسکو پرووسکی بە خوێنی مەسیح تەڕ کرا بوو. ئینجا ئەو بەردەی بینی کە یەسوع ئەو کاتەی تاجی چقلیان لە سەر نا، لەسەری دانیشتو ئەو ستوونەی یەسووعی لێ بەسرایەوە بۆ ئەوە جەلدەی لێ بدەن. ..(ئیڤیم) زۆر شتی کەی بینی، بەڵام بوو بە قەرەپستەی جەماوەر: هەموو پەلەیان بوو زوو ئەشکەوتی گۆڕی پیرۆز ببینن. قداسی ئۆرتۆدۆکسی خەریك بوو قداسێکی نا ئۆرتۆدۆسکی بخوێنێتەوە . (ئیڤیم) کەوتە شوین جەماوەر بۆ ناو ئەشکەوت.

ویستی خۆی لە دەست حاجییەکە رزگار بکا. (ئیڤیم) لە بیری خۆی گوناهی بەرامبەر حاجی دەکرد. بەڵام حاجی خۆی پێوە لکاندو کەوتە دوایەوە بۆ ئەشکەوتی گۆڕی پیرۆز. (ئیڤیم) ویستی لە پێش تر بێ بەڵام ئەوان درەنگ هاتن. شەماتەیەکی زۆر ئەستوور بوو بە جۆرێ پێی نەدەکرا بچیتە پێش، یان بگەڕێتەوە. لە جێی خۆی مایەوە. تەماشای پێش خۆی دەکردو دوعای دەکرد. ناو بە ناویش دەستی لە گیرفانی خۆی دەکوتا بۆ ئەوەی بزانێ داخۆ جزدانەکەی ماوە، یان نا؟ بیرەکانی لە ناو مێشکی، سەریان لە دوو یەك نابوو: (بێ شك ئەم حاجییە تەفرەم دەدا... ئەگەر تەفرەم نەدا.... ئەگەر بە راستی جزدانەکەی دزرا بێ! داخۆ دەبێ منیش وام بەسەر نەیە؟!).

١٠

(ئیڤیم)، کە بەبێ دەنگی نوێژی دەکرد سەرنجێکی لەو کلێسە بچووکە گرت کە گۆڕی پیرۆزی تێدا بوو، سیو شەش چرای لە پێشەوە هەڵواسرا بوو. لە سەر سەری خەڵکەکە تەماشای کرد. ئای لەو عاجباتییە!! پیرەمێردێکی قوتەی بینی کەوایەکی دڕی لەبەر بوو. سەری تەواو هەوێز بوو وەك سەری (ئیلیزێ بودرۆڤ) دەبریسکایەوە. بیری کردەوە: (ئەمە هەر لە (ئیلیزێ) دەکا. نابێ ئەو پێش من گەیشتبێتە ئێرە. کەشتییەکەی تر هەشت رۆژ بەر لە ئێمە بە رێ کەوتو ناکرێ پێش من کەوتبێ. خۆ لە کەشتییەکەی ئێمەیش دانەبوو. من لە هەموو بڕوادارەکان ورد بوومەوە.)

کاتێ ئەم بیرانەی دەکردەوە، پیرەمێردە قوتەکە نوێژی دەکرد. سێ جار سەلامی دایەوە: سەلامی یەکەم بۆ پێشەوە، بۆ خوا. دووەکەی تر لەراستەو چەپە، بۆ بڕواداران. کە پیرەمێردی قوتە سەری بۆ لای راستە وەرسووڕاند (ئیڤیم) یەکسەر ناسی: (ئەمە رێك خۆیەتی! (بودرۆڤ)ە. ئەوە ریشی مەیلەو رەش و بە گروازەیە! قژی سپی کەوتۆتە سەر روومەت. دوو برۆی، دوو چاوی، کەپووی؟، هەموو دەمو چاوی. هەوە! (ئیلیزێ بودرۆڤ) خۆیەتی.

(ئیڤزیم) شاد بوو چونکە هاوڕێی ئەو سەفەرەی خۆی دۆزییەوە. سەری سوڕما کە ئەویش وەکوو ئەم گەیشتووە. بیری کردەوە: (ئێ ! ئێ! بودرۆڤ!). ئەوە چۆن توانیویەتی دزە بکاو بچێتە ریزی پێشەوەی بڕواداران!؟ دیارە ناسیاویی لەگەڵ یەکێ پەیدا کردووەو ئەو هێناویەتە ئێرە. کە دەرچووین دەیبینم و پێکەوە دەگەڕێینەوە. ئەو حاجییە لێرە جێ دێلم. بەلکو (بۆدرۆڤ) بتوانێ منیش بباتە ریزی پێشەوە.

(ئیڤیم) هەر تەماشای (ئیلیزێ)ی دەکرد بۆ ئەوەی لەبەر چاوی بزر نەبێ. کە قداس تەواو بوو، جەماوەر جوولا. خەلك قەرە پەستەیان بوو بۆ چوونە رکووع. (ئیڤیم) لەگەڵ پالدانەکە ترنجایە گۆشەیەکەوە.

جارێکی تر ترسا نەوەك جزدانەکەی بدزرێ. دەستی بۆ جزدانەکەی درێژ کردو ویستی دڕ بە خەلکەکە بدا بۆ ئەوەی بچێتە جێگایەکی بەتاڵ. لە ئاپۆرەکە نەجاتی بوو. رۆیشت. لە هەموو شوێنێ بە دوای

(ئیلیزیێ)دا گەڕا. لە کلێسە چووە دەرەوە، بەڵام نەیبینی. دوای قداس (ئیڤیم)، خان لە دوای خان، لە (ئیلیزیێ) گەڕا، نەیدۆزییەوە. ئێوارێ، حاجیش نەهاتەوە. بێ ئەوەی روبلەکەی بداتەوە، خۆی بزر کرد. (ئیڤیم) بە تەنیا مایەوە.

رۆژی پاشی، لەگەڵ پیرەمێردێکی خەڵکی تامبوڤ، کە بە هەمان کەشتی هاتبوو، چووە سەر گۆڕی مەسیحی بەڕێزو ویستی بچێتە پێشەوە بەڵام ئەم جارەیش لە قالبیان دا. لای ستوونێك مایەوەو دەستی بە نوێژ کرد. وەکوو رۆژی پێشوو، تەماشای پێش خۆی کرد، وەکوو رۆژی پێشوو (ئیلیزیێ)ی بینی لە ژێر چراکان، لای گۆڕی مەسیحی بەڕێز، وەستا بوو. وەکوو کاهینی قوربانیخانە دەستەکانی بۆ پێشەوە درێژ کردبوو. سەری هەوێزی دەبریسکایەوە. (ئیڤیم) بیری کردەوە: (ئەم جارە دەزانم چۆن دەیگرم!) تا ریزی یەکەم دزەی کرد. (ئیلیزیێ)ی نەبینی. بێ شك دەبێ دەرچووبێ.

رۆژی سێیەم. دیسان چوە قداس‌و دیسان تەماشای کردو لە شوێنی پیرۆزدا (ئیلیزیێ)ی لەبەر چاوی خۆی بینی، دەستەکانی درێژ کردبوو، چاوی بڕیبووە ئاسمان دەتگوت بیر لە شتێکی سەرەوە دەکاتەوە. سەری تاسی دەبریسکایەوە: بیری کردەوە: (باشە ئەم جارە لە دەستم دەرناچێ. لە بەر دەرگا دەوەستم. بە بێ شك دەیبینم.)

چووە دەرەوە. هەر چاوەڕێی کردو چاوەڕێی کرد. جەماوەرەکە هەمووی دەرچوو، (ئیلیزیێ)ی تێدا نەبوو.

(ئیڤیم) شەش حەفتەی بەم جۆرە لە قودس بردە سەر. زیارەتی شوێنە پیرۆزەکانو بێت لەحمو ئوردونی کرد. کراسێکی دانا بوو بۆی بکەن بە کفن. کراسەکەی بە مۆری گۆڕی مەسیح مۆر کرد. هەندێ ئاوی ئوردونی لە شووشەیەکی بچووك کردو مۆمێکی لە شوێنی پیرۆز هێنا.

کە پارەکەی هەموو خەرج کردو تەنیا پارەی گەڕانەوەی ما، بەرەو ماڵ بەرەو لای ماڵو عەیاڵی خۆی، بووەوە.

گەیشتە یافاو سواری کەشتی بوو، گەیشتە ئۆدیساو بەپێ گەڕایەوە شاری خۆی.

11

(ئیڤیم) بە کوێدا هاتبوو، بە هەمان ڕێگادا گەڕایەوە. هەر چەندە لە ماڵەوە نزیك دەکەوتەوە، غەمی زیاتر دەبوو. لە ماڵەوە، چۆن بێ ئەو ژیاون؟

لە دڵی خۆیدا، بیری دەکردەوە: (بە ساڵێك زۆر شتی گەورە دەقەومێ. ئەو ماڵەی بە سەد ساڵ دروست دەکرێ، بە چرکەیەك کاول دەکرێ...کوڕەکەم ماڵی چۆن بەڕێوە بردووە؟ بەهار چۆن هاتووە؟ ماڵات چۆن لە زستان سەرکەوتوون؟ ئاخۆ دەبێ ماڵ بێ وەی بووبێ؟

(ئیڤیم) گەیشتە ئەو شوێنەی ساڵی بووری لە (ئیلیزێ) دابڕا. ئەستەم بوو خەڵکی وڵات بناسیتەوە. پار بە کوێرەوەری‌و دەردەسەری

دەژیان، ئەمڕۆ بە خۆشگوزەرانی دەژین. بەروبووم زۆر نایابە. جوتیارەکان بووژاونەتەوەو کوێرەوەریی خۆیان لە بیر کردووە. ئێوارە، (ئیڤیم) گەیشتە ئەو گوندەی (ئیلیزیێ)ی لێ بە جێ هێشت. هەر هێندە گەیشتە ناو گوند، کچێکی بچکۆلە لە ماڵێك هاتە دەرەوە. کراسێکی سپی لەبەر بوو. رای کرد بۆ لایەوە:

- پیرەمێردی میهرەبان، پیرەمێردی میهرەبان، وەرە ماڵمان!

(ئیڤیم) ویستی لێی تێبپەڕێو بڕوا بەڵام کچەکە دووبارەی کردەوە. قۆڵی (ئیڤیم)ی گرتو بە پێکەنین رایکێشا بۆ ماڵی خۆیان. کوڕێکی بچووكو ژنێك لە سەر کۆسپەی دەرگا دەرکەوتن. بە دەست بانگیان کرد. گوتیان:

- وەرە، پیرەمێردی میهرەبان، وەرە، شێومان لە لا بخۆو شەو لامان بێنەوە.

(ئیڤیم) داوەتەکەی قەبوولێ کردو بیری کردەوە: (بەو بۆنەیەوە سۆراغێکی (ئیلیزیێ)یش دەکەم. وا بزانم رێك ئەو ماڵە بوو کە پار هات ئاوی لێ بخواتەوە.)

(ئیڤیم) چووە ژوورەوە. ژنەکە توێشەبەرەکەی لە کۆڵ هێنایە خوارێ. بردی بۆ ئەوەی دەستو دەمو چاوی بشوا. لەسەر سفرەی داناو شیرو ساواری لەبەر دانا. (ئیڤیم) سوپاسی ماڵەکەی کردو ئافەرینی لە میوانپەروەریی کردن بەرامبەر بە حاجییان.

ژنەکە سەری لەقاندو گوتی:

– چۆن بە چاکی پێشوازیان لێ ناکەین؟ ئێمە قەرزاری حاجییەکین کە لە ژیاندا ماوین. دەمانخواردەوە، خوامان لە بیر کردبوو، خوا سزای داین. لەسەر مردن بووین. بەڵێ، بەهاری رابردوو، هەموومان کەوتبووین. نەساخ بووین، هیچمان نەبوو بخۆین. ئەگەر خوا پیرەمێردێکی میهرەبانی وەکوو تۆی بۆ نەناردباین، هەموومان دەمردین. بە رۆژی نیوەڕۆ، بە ژووری کەوت، ئاوی خواردنەوەی دەویست. کە حاڵی ئێمەی بینی، بەزەیی پێماندا هاتەوەو لامان مایەوە. ئاوو خواردنی دەرخوارد داین. بەسەر پێی خستینەوە. ئەسپێكو گالیسکەیەکی بۆ کڕین و بۆی جێ هێشتین.

پیرەژن هاتە ژوورەوەو قسەی بە ژنەکە بڕی:

– ئایا پیاو بوو؟ فریشتە بوو؟ ئێمە خۆیشمان نازانین. هەموو کەسی خۆش دەویست و هەمووی دەلاواندنەوە. بێ ئەوەی خەبەری کەس بدا، رۆیشت. تەنانەت نازانین دوعا بۆ کێ بکەین لای خودا. ئێستایش لەبەر چاومە: من نووستبووم چاوەڕێی مەرگم دەکرد. لە پڕ پیرەمێردێکی قوتەی بێ نموودم بینی، هات.. لێمان بە ژووری کەوت و داوای ئاوی کرد. دەزانی چیم بە خەیاڵدا هات؟ منی گوناهکار؟: (ئەمە چی لە ئێمە دەوێ؟) بەڵام سەیر کە ئەو چی کرد. کە منی بینی، تویشەبەرەکەی لێرە داناو کردییەوە.

کچەکە چووە ناو قسەکانو گوتی:

– نا. داپیر، لێرە!! یەکەم جار تویشەبەرەکەی لێرە، لە ناوەڕاستی ژوورەوە دانا. ئینجا لەسەر کورسی دانا.

دەستیان بە گفت‌و گۆ کرد. هەموو قسەو کردەوەکانیان دووبارە دەکردەوە: لە کویێ دادەنیشت، لە کویێ دەخەوت، چی بەمو بەو دەگوت.

کە تاریك داهات. جوتیارەکە بە سواری ئەسپەکەی هاتەوە. ئەویش دەستی پێکرد باسی ژیانی (ئیلیزیێ)ی کرد لای خۆیان.

- ئەگەر نەهاتایە لامان، بە گوناهەکانمانەوە دەمردین. لە نائومێدییان دەمردین. نکوولیمان لە خوا دەکرد. نەفرەتمان لە بنیادەم دەکرد. ئەو بوو، بەسەر پێی خستینەوەو بە خێرا ئەو بوو، سەر لە نویێ خوامان ناسی‌و بڕوامان بە چاکەی بنیادەم هێنا. پێشتر وەکوو ئاژەل دەژیاین، ئەو، کردنی بە بنیادەم.

خواردن‌و خواردنەوەیان دایە (ئیڤیم). نوێنێکی باشیان بۆ راخست‌و هەموویان نووستن.

(ئیڤیم) خەوی لێنەکەوت. مێشکی بە بیری (ئیلیزیێ)وە خەریك بوو کە سێ جار لە قودس، لە ریزی پێشەوە بینی.

بیری کردەوە: (بەم جۆرە ئەو بە پێش من کەوت. ئایا من حەجم قەبووڵ بووە؟ نازانم. بەڵام ئەو حەجی قەبووڵ بووە.)

رۆژی پاشی، ماڵەکە حەلوایان بۆ رێگا دایە (ئیڤیم)و ئیزنیان دا بڕوا. خۆیشیان چوونە سەر کار. (ئیڤیم) ملی رێی خۆی گرت و رۆیشت.

١٢

کاتێ (ئیڤیم) گەڕایەوە ماڵی خۆیان، ساڵێکی پێ چووبوو. بەرەبەری ئێوارە گەیشتەوە ماڵێ. کوڕەکەی لە ماڵەوە نەبوو، لە مەیخانە بوو. بە سەرخۆشی هاتەوە. (ئیڤیم) پرسیاری لێ کردو هەر زوو زانی کوڕەکەی ئەرکی خۆی جێ بە جێ نەکردووە. پارەکەی تەخشانو پەخشان کردووەو پشتی لە کارو باری ماڵەوە کردووە. باوکی سەرزەنشتی کرد. کوڕەکە بە ڕەقی وەڵامی دایەوە . گوتی:

– دەبوایە خۆت خزمەتی ماڵەوە بکەیتو نەچی ئەو هەموو پارەیە لەگەڵ خۆت ببەی. کەچی ئەوەتا هەڕەشە لە من دەکەی!

باوکە تووڕە بوو، لە کوڕەکەی دا.

(ئیڤیم تاراسیچ) دەرچوو، چوو بۆ ئەوەی لای ئاغای دێ پەساپۆرتەکەی نیشانە بکا. بە بەردەم ماڵی (ئیلیزێ) دا تێپەڕی. پیرەژن لەبەر دەرگا بوو. سڵاوی لێ کرد. پیرەژن گوتی:

– بە خێر هاتیتەوە، برام، ئایا سەفەرەکەت سەرکەوتوو بوو؟

(ئیڤیم) ڕاوەستا:

– لە خوای بە زیاد بێ بە ئامانجی خۆم گەیشتم. پیرەمێردی تۆم بزر کرد بەڵام زانیم هاتۆتەوە ماڵێ.

پیرەژن دەستی پێکرد بەسەر هاتەکەی بۆ گێڕایەوە. حەزی لە چەنە چەن بوو، گوتی:

– ناندەرەکەمان لەمێژە هاتۆتەوە. لە جەژنی هەڵکشان هاتەوە. ئای چەند کەیف خۆش بووین کە خوا بۆی ناردینەوە. بێ ئەو، وەزعمان شڕ بوو. ئیشی گەورەی بۆ ناکرێ. لە هەڕەتی لاوی نەماوە بەڵام

هەمیشە سەرە بۆماڵەوە. لەگەڵ ئەو نەبێ، نازانین خۆشی چییە؟ ئای کوڕەکەی چەندی بێ شاد بووەوە!! گوتی: (ماڵ بەبێ باو، وەکوو چاو بە بێ سۆما وایە. کە لامان نەبێ، حاڵمان شڕە. ئای چەندمان خۆش دەوێ‌و چەندی ناز هەڵدەگرین!!)

- باشە، ئێستا لە ماڵەوەیە؟

بەڵێ، برام. لای شەرخە مێشەکانە . خزمەتی هەنگەکان دەکا. هەنگوین زۆرە. خوا هێزێکی گەورەی بە هەنگ داوە، تەنانەت پیاوەکەم بە بیری نایە قەت پێشتر شتی وای دیبێ. خوا بە رەحمی خۆی لەگەڵمان دەکا، نەك بە عەمەلمان کە هەمووی گوناهە. دە وەرە ژوورەوە، برام. کەیفی بە دیتنی تۆ دێ.

(ئیڤیم) حەوشەو دالآنی بڕی. چووە هەنگخانە بۆ لای (ئیلیزێ). چووە ژووریێ (ئیلیزێ)ی بینی کەوایەکی بۆری لەبەر بوو، لە ژێر درەختێکی ساوا وەستا بوو. بە بێ پەنجەوانە دەستی درێژ کردبوو، چاوی هەڵبڕی بوو بۆ ئاسمان. سەری هەوێزو تاسی دەبریسکایەوە وەکوو لە قودس، لە نزیك گۆڕی مەسیحی بەڕێز، بینی، تیشکی خۆر وەکوو چراکانی قودس لە ناو دەختەکان، سەمای لەسەر سەری دەکرد. هەنگیش بە سەر سەریدا دەسووڕانەوە بێ ئەوەی پێیەوە بدەن، شتێکی وەکوو تاجیان پێك هێنا بوو. (ئیڤیم) وەستا. پیرەژنی (ئیلیزێ) بانگی مێردەکەی کرد، گوتی:

- ئەوە برامە!

(ئیلیزیێ) ئاوڕی دایەوەو هاوارێکی خۆشیی کردو بە وریایی هەنگێکی لە ردێنی کردەوەو بە پیر براکەیەوە چوو.

– رۆژ باش، برام، رۆژ باش! سەفەرێکی بە خێرو خۆشیو سەرکەوتوو!!

– ئاخ! قاچی خۆمم بە هیلاك دا. هەندێ ئاوی رووباری ئوردونم بۆ هێنای . وەرە ماڵمان ببیە. بەڵام نازانم داخۆ خوا حەجی قەبووڵ کردووم؟ یان نا؟

– خوا دەست بە باڵتەو بگرێو یەسوع رزگارت بکا!

(ئیڤیم) دوای نەختێ بێدەنگی، گوتی:

– بە قاچو لەش لەوێ بووم. بەڵام ئاخۆ بە رۆح لەوێ بووم؟ یان نا؟ رەنگە کەسێکی تر بووبێ...

– بە دەست خوایە. برام، هەموو شت بە دەست خوایە!

– لە گەڕانەوەدا، سەرم لەو ماڵەشدا کە تۆ چووی ...

(ئیلیزیێ) زراوی چوو. قسەکەی پێ بڕی:

– شتەکە بە دەست خوایە! برام. شتەکە بە دەست خوایە!... نایەی لە ماڵەوە دابنیشین، هەندێ هەنگوین بخۆی؟

(ئیلیزیێ) ویستی بابەتی قسەکە بگۆڕێ، باسی کارو باری ماڵەوەی کرد.

(ئیڤیم) هەنسکێکی هەڵکێشا، باسی (ئیلیزیێ)ی بۆ ماڵەکە نەکرد و نەیگوت لە قودس چی دی. تێگەیشت خودا لەم دونیایەدا، تەنیا یەك شتی لە ئێمە دەوێ: خۆشەویستی!

(٣)

# ئاگر هەڵگیرسا، دانامرکێتەوە

(١٨٨٥)

جوتیارێك لە لادێ هەبوو، ناوی (ئیڤان چیرباکۆڤ) بوو. هێشتا لە سەرەتای تەمەنیدا بوو. لە دێدا، ئیشی لە هەموو کەس باشتر بوو. لەگەڵ سێ منداڵەکەی بە بەختەوەریی دەژیان. منداڵەکانی یارمەتیان دەدا: یەکەم لە ماڵەوە بوو، دووەم دەزگیرانی هەبوو، سێیەمیش هێشتا مەیلەو منداڵ بوو، جووتی دەکرد.

ژنی (ئیڤان) کابانێکی خاتوونو شارەزاو بەبگرە بوو. خۆشبەختانە بووکەکەیشی ژنێکی نەرمو حەلیمو ئیشکەر بوو. تاکە کەسێ کە لە ماڵی (ئیڤان) خواردنی دەخواردو هیچ سوودی نەدەگەیاند، باوکە بوو. باوکە پیرەمێردێك بوو تەنگەنەفەسیی هەبوو، لەبەر ئاگردان نەدەبزووت.

ماڵەکە گوزەرانیان باش بوو. ئیڤان سێ ئەسپو جوانوویەکو مانگایەکو گوێرەکەیەکو پازدە سەر مەڕی هەبوو. ژنەکان لە ماڵەوە، کاتی خۆیان بە کار کردن دەبردە سەر: پێڵاویان دەچنیو جلیان بۆ جوتیارەکان دەدووری. هەمیشە تریانیان پڕ نان بوو. زادیان لە پێویستی نێوان نان کردنێکو نانکردنێکی تر، زیاد بوو. جۆداسیش بای باج دانو پێك هێنانی پێویستییەکانی ماڵەوە هەبوو.

کەواتە (ئیڤان چیرباکۆڤ) بە بەختەوەری لەگەڵماڵو عەیالی دەژیا. بەدبەختانە دراوسێیەکی هەبوو ناوی (گافریلۆ) شەل بوو کوری (گوری ئیڤانۆڤ) بوو. ئەو دوو دراوسێیە زۆر رقیان لە یەك دەبووەوە، قەت پێك نەدەهاتن. تا (گوری)ی پیرەمێرد مابوو، باوکی (ئیڤان) کاروباری ماڵی خۆی بەرێوە دەبرد. ئەو دوو دراوسێیە پەیوەندییان باش بوو. ئەگەر ژن پێویستیان بە دەولك، یان هێڵەگ بوایە، یان ئەگەر پیاو پێویستیان بە پێچکەی یەدەگ بوایە لە یەکتریان دەخواستەوەو وەکوو دراوسێی پاکو دڵ ساف لەگەڵ یەك دەژیانو خزمەتی یەکتریان دەکرد. ئەگەر گوێرەکەی یەکێکیان بەرەڵا ببوایەو بچووبایە سەر خەرمانی ئەوەی تر. خاوەن خەرمان گوێرەکەکەی دەردەکردو تەنیا دەیگوت:

- لێ مەگەرێن گۆلکەکەتان بێتە سەر خەرمانی ئێمە. هێشتا دەغڵەکەمان نەکوتاوە.

بەڵام ئازاری نەدەدا نە لە سەر خەرمانو نە لە گەورِ.

ئەو دوو پیرەمێردە بەو جۆرە هەڵسو کەوتیان لەگەڵ یەك دەکرد. بەڵام کە بەڕیوەبردنی ماڵیان کەوتە دەست منداڵەکانیان، شتەکە بە تەواوی گۆڕا.

لەسەر شتێکی کەمو بێ نرخ ناکۆکییان کەوتە بەین. بووکی (ئیڤان) مریشکێکی هەبوو. سبەینان زوو هێلکەی دەکرد. بووکە هێلکەکانی بۆ حەفتەی ئازار هەڵدەگرت. مریشکەکە هەموو رۆژێ هێلکەیەکی دەکرد، لە ناو گەورِو لە ناو گالیسکە. رۆژێ مریشکەکە بە سەر دیواری حەوشەدا فرِی. بێ گومان لە هاواری منداڵان ترسا بوو.

چووهماڵی دراوسێکەیانو لە ماڵی ئەوان هێلکەی کرد. کە ژنە حجێڵەکە گوێی لە قودە قودی مریشکەکە بوو، بیری کردەوە: (ئێستا ماڵ بۆ جەژن رێك دەخەم. کاتم نییە هێلکەکە هەڵگرمەوە. دوای نەختێکی تر دەچم.)

تا ئێوارێ نەچووە گەوڕ. ئەوسا دەستی بردە ناو گالیسکە، هیچ هێلکە نەبوو. لە خەسووو شووبرای پرسی:

- ئێوە هێلکەکەتان هەڵنەگرتۆتەوە؟

وەڵامیان دایەوە:

- نا. هەڵمانگرتۆتەوە.

ئەوسا لە (تاراسکا)ی برا گچکەی پرسی، (تاراسکا) پێی گوت:

- مریشکەکەت هێلکەی دۆراند، لە ماڵی دراوسێکەمان هێلکەی کرد. گوێم لێ بوو لە حەوشەی ئەوان قودە قودی دەکردو بینیم لەوێ هاتەوە.

ژنەکە سەرنجێکی لە مریشکەکە دا کە لە نزیك کەڵەشێرەکەی هەڵکورِما بوو. چاوی نیوەنوقا بوو دەتگوت خەریکە دەخەوێ. بووکەکە حەزی دەکرد لێی بپرسێ هێلکەی لە کوێ کردووە؟ بەڵام مریشکەکە وەڵامی نەدەدایەوە.

ژنەکە چووە لای ژنە دراوسێکەیان. پیرەژن بە دەمییەوە هاتو لێی پرسی:

- ها، چت دەوێ؟

- داپیری ئازیز، ئەمرۆ مریشکەکەم هاتە حەوشەی ئێوە. لەوانەیە لە ماڵی ئێوە هێلکەی کردبێ!

- ئێمە چ هێلکەمان نەدیوە. هێلکەی مریشکی خۆمان هەڵگرتۆتەوە. پیویستمان بە هێلکەی جیرانان نییە. کچم، ئێمە لەو کەسانە نین کە هێلکە لە حەوشەی خەڵك کۆ دەکەنەوە.

ژنە جحێلەکە بەو قسەیە هەستی بریندار بوو. لەم، قسەیەكو لەو، دوو قسە، بوو بە شەڕ. ژنی (ئیڤان) چووبووە سراویٚ بۆ سەر بیر لەگەڵ ژنی (گافریلۆ) گوێیان لە چەقەچەقیان بوو، هاتنو بەشداری شەڕەکەیان کرد. هەر یەکە جوێنی بەوەی تر دەداو بوختانی بێ هەڵدەبەست، ئەگەر راست ئەگەر درۆ. کێشەکە گەرم بوو، هەموو بە یەکەوە دەیانقیژاند. چەمارۆیەك بوو نەبێتەوە. هەر یەکە دەیەویست دوو قسە بە یەك جار بکاو هەموو قسەکانیش جوێنو فەزیعەت بوون.

- تۆ واو... وای!! دزی... هەی هیچو پووچ؟... نان نادەیتە خەزوورت، خەزوورت رووتەو بەرگی بۆ ناکەی!!

- تۆ دزی! هێلەگی منت بردو فرۆشتت. پەتەکەیشم هیشتا لای تۆیە. بێنە بمدەوە!

- پەتی دەولکەکەی گرتو رایکێشا. ئاوەکە ڕژا. کلاو فڕی بۆ ئاسمان. دەستیان لە تیتکی یەك نا.

- (گافریلۆ) لەسەر زەوی هاتەوەو گەیشتیٚ. چووە یارمەتی ژنەکەی. (ئیڤان) بینی. بە خۆو بە کوڕەکەی لە ماڵەوە دەرپەڕینو کەوتنە ناو شەڕەکە.

(ئیڤان) جوتیارێکی بەوەج بوو. بە زەحمەت بە مشتو دڕدان ڕێی خۆی کردەوە. ردێنی (گافریلۆ)ی گرتو یەك چەنگی لیٚ دەرکێشا.

خەڵك كۆمەڵ كۆمەڵ هاتن، شەڕکەرەکانیان لە یەك کردەوە بەڵام زۆر بە زەحمەت.

هەموو هۆی شەڕو ناکۆکییەکە ئەمە بوو.

(گافریلۆ) داوە ردێنی دەرکێشراوی خۆی کۆ کردەوەو لە کاغەزێکی پێچاو چوو لە دادگا شکاتی کرد. گوتی:

- وا دەزانن من بۆیە ردێنم هێشتۆتەوە تا ئەم (ئیڤان)ە بەرەڵلایە بێ، یەك چەنگە مووی لێ دەرکێشێ؟!

ژنەکەی بچووبایە هەر شوێنی دووبارەی دەکردەوە دەیگوت:

بەم زووانە (ئیڤان) حوکم دەدرێ‌و سوڕ گوم دەکرێ بۆ سیبیریا.

رق‌و قینی ئەو دوو خێزانە تا دەهات ئەستوورتر دەبوو.

باوکی (ئیڤان) کەمتەرخەمی نەکرد لە ئامۆژگاری کردنیان کە پێك بێنەوە. هەر لە یەکەم سەعاتەوە، هەوڵی دا ناکۆکییەکە ببڕێنێتەوە. بەڵام گەنجەکان بە قسەیان نەکرد. پێی گوتن:

ئەقڵتان بێننەوە سەر. ئەم هەموو هەرایە لە پێناوی هێلکەیەك؟! منداڵ هێلکەکەیان بردووە؟ دەك نۆشی گیانیان بێ! هێلکە ئەوەندە گران نییە. هەموو کەس هێلکەی هەیە... ئینجا چیتر؟ پیرەژنی دراوسێ قسەیەکی ناشیرینی کرد؟ با بچێ ئەدەب بکا! فێر ببێ چۆن قسە دەکا! ئینجا چی تر؟ لە یەکتان دا؟...شتی وا هەموو رۆژێ دەبێ. یاڵلا پێك وەرنەوە. لەمەودوا هەر باسی مەکەن! ئەگەر بەردەوام بن لە ئازاردانی یەکتر، پەنجەی پەشیمانی دەگەزن.!

بەڵام گەنجەکان گوێیان نەدایە. قسەکەیان بەلاوە خەرفانی پیری بوو، نەك زمانی ئەقڵ.

ئیڤان نەرم نەبوو. سوور بوو لە سەر هەڵوێستی خۆیو گوتی:

– من لەگەڵ (گافریلۆ) پێك بێمەوە؟ من ردێنی ئەوم دەرنەکێشاوە. ئەو خۆی تاڵ تاڵ دەری هێنا. چاو دە کراسی من، کوڕەکەی دڕاندی.

بردیاننە بەردەم دادگا.

داواکە ڕێڕەوی خۆی گرت. کە (گافریلۆ) سنگی گالیسکەکەی بزر بوو، کوڕی (ئیڤان)ی تاوانبار کرد کە بردوویەتی:

– شەو دیمان بە بن پەنجەرەکەماندا تێپەڕی. دیمان لە دەوری گالیسکەکەمان دەسووڕا. زانیومانە چووە سنگی پێچکەکەی فرۆشتۆتە خاوەن مەیخانەی گوند.

جارێکی تر هەموو چوونە بەردەم دادگا. دووبارە شەڕو ناکۆکی لە نێوان دوو خێزانەکە سەری هەڵدایەوە. هەموو ڕۆژێ، منداڵ جوێنیان بە یەکتر دەدا. ژنان هەر جارەی لە دەم رووبار، دەگەیشتنە یەك، زمانیان لە شونکی جل شووشتن زیاتر دەخستە کارو قسەی ناشیرینیان بە یەکتر دەگوت.

ئەو دوو جوتیارەی لە سەرەتا تەنیا خراپترین قسەیان بە بەکتر دەگوت، وای لێ هات هەرچی شتێکی یەکتریان بکەوتایە بەر دەست دەیانبرد. منداڵەکانشیان لە یەك تیخ تیخە دەدا. ڕۆژ بە ڕۆژ بەینیان خراپتر دەبوو.

(ئیڤان چیرباکۆڤ)و (گافریلۆ) شەل هەموو داوەرەکانیان بێزار کرد ئەوەندەی شکات ببەنە لای لیژنەی ناوچەو دادگای دەرەبەگانو داوەری ئاشت کردنەوە. (گافریلۆ) داوای دەکرد (ئیڤان) غەرامە

بکرێ. (ئیڤان) داوای دەکرد (گافریلۆ) بەند بکرێ. تا زیاتر خراپەیان لەگەڵ یەك دەکرد، قینیان لە یەك ئەستوورتر دەبوو. دۆخی ئەو دوو جوتیارە وەکوو دوو سەگ وا بوو کە بەربووبنە گیانی یەك: تا زیاتر قەپ لە یەك دەدەن، هاروهاجتر دەبن. ئەگەر شتێ لە پاشەلی یەکێ لە سەگەکان بدەی، وا دەزانی سەگەکەی دی بوو قەپی لێداو هارتر دەبێ‌و ئاگر دەگرێ. (ئیڤان)و (گافریلۆ)یش وابوون.

بەردەوام یەکتریان راکێشایە بەردەم دادگا، تا دەهات، رق‌و قینی بەینیان زیاتر دەبوو. هەندێ جار، بە غەرامە حوکم دەدران‌و برێ جار، بە گیران.

- راوەستە، هەڵیدەگریتەوە!!

ئەم دۆخە شەش ساڵ دەوامی کرد.

تەنیا پیرەمێردی باوکی (ئیڤان) بە بێ ماندووبوون لە بەر ئاگردان، بە زمانێکی دروست قسەی دەکرد:

- کوڕم، ئەنگۆ چ دەکەن؟ واز لە سووکایەتی کردن بە یەك بێنن. ئێوە هەمووتان بە پێچەوانەی پەرژەوەندی خۆتان دەجوولێنەوە. ئاگری قینتان لە یەك جۆش مەدەن، دەحەسێنەوە. ئەگەر لە ئازاردانی یەکتر بەردەوام بن، خراپ پەشێمان دەبنەوە.

بەڵام (ئیڤان) گوێی نەدەدایە.

ساڵی شەشەم، ناکۆییەکی تازە لە بەینی دوو جوتیارەکە سەری هەڵدا. رۆژێ، لە زەماوەندێکدا، بووکی (ئیڤان)، لە بەرامبەر خوندییان، هەندێ پرسیاری لە (گافریلۆ) کرد، هاواری کرد دیریەتی هەندی ئەسپی بێ بووە هی خۆی نەبوون.

(گافریلۆ) خواردبوویەوە. عەرِنیو لە بووکی (ئیڤان)ی داو ئازاری دا. بووکی (ئیڤان) هەشت رۆژ کەوتە ناو جێ. لە سەر منداڵبوونیش بوو.

(ئیڤان) دەستی هەڵگلۆفت. لای دادەری کۆڵیار شکاتی کردو لە دڵی خۆیدا گوتی: (ئاخیری ئەم دراوسێیەم لە کۆڵ دەکەنەوە. ئەم جارە لە سیبیریا نەجانی نابێ.)

بەڵام دیسان نائومێد بوو. دادوەری کۆڵیار سکالای (ئیڤان)ی وەرنەگرت. لە کاتی لێکۆڵینەوەدا، چوو بووکی (ئیڤان)ی بینی، ژنەکە لە ناو جێ هاتبووە دەرێو هیچ دەوسی لێدانی پێوە نەما بوو.

ئەوسا (ئیڤان) چووە لای دادوەری ئاشتبوونەوەو ئەویش حەواڵەی دادگای گوندی کردەوە. ئەمن ئاخیری، بە فرتو فێڵۆ بە خێرا دەولکە ئاوێکی ژیان کە بۆ داوەرو نووسیاری دادگای برد، توانی وا بکا حوکمی جەلدە لێدان بۆ (گافریلۆ) دەر بکەن.

نووسیاری دادگا دەقی حوکمی (گافریلۆ)ی خوێندەوە:

– دادگا بڕیاری دا، جوتیار(گافریلۆ) بیست جەلدەی لێ بدرێ.

(ئیڤان) لەوێ بوو. سەرنجێکی لە (گافریلۆ) دا، چاوەڕێی کرد داخۆ چ دەکا؟

(گافریلۆ)، کە گوێی لە بڕیاری دادگا بوو، رەنگی زەرد هەڵگەڕا. وەك پەڕۆی سپی لێ هاتو رووی کردە دەرگا. (ئیڤان) کەوتە دوایەوە. دیتی رووی کردە لای ئەسپەکانیو گوێی لێ بوو بۆڵە بۆڵی دەکردو دەیگوت:

- باشە، باش! بە جەلدە پشتم بسووتێنە! بزانە تۆ چۆن بە شتێکی خراپتر دەسووتێی؟

(ئیڤان) گوێی لەو قسانە بوو. رایکرد بۆ لای دادوەرو بۆی گێڕایەوەو پێی گوت:

- ئەی دادوەری دادپەروەر، ئەمە هەڕەشەی سووتاندنی لێکردم. شایەت هەن لەبەر دەم خەڵك قسەیەکی ئاوهای کرد.

لە دوو (گافریلۆ)یان نارد. دادوەر لێی پرسی:

- راستە وات گوتووە؟

- هیچم نەگوتووە. مادەم ئێوە ئەمرتان کردووە، با جەلدەم لێ بدرێ. با تەنیا من لە پێناوی راستی ئازار بخۆم، کەچی هەموو شتێ بۆ ئەو رەوایە.

(گافریلۆ) ویستی لە سەر قسەکەی بڕوا. بەڵام لێوەرزەی پێکەوت‌و روومەتی لەرزی‌و رووی خۆی بۆ لای دیوار وەرگێڕا.

تەنانەت دادوەر خۆیشی لە شێوەی دەم‌و چاوی ترسا. بیری کردەوە: (پەنایش بۆ توندو تیژی نەبا بەرامبەر دراوسێکەی‌و بە رامبەر خۆی!!؟)

بە کابرای گوت:

(براکانم، پێك وەرنەوە. هیچ شتێ لە پێك هاتنەوە باشتر نییە...(گافریلۆ) ، کورە تۆ شەرمت بە خۆ نییە لە ژنێکی نەساخ دەدەی؟...خۆشبەختانە چاك بووەوە. ئەگەر نا ویژدانت ئازاری دەدای‌و خراپ پەشیمان دەبوویتەوە. ئایا ئەوها باشە؟ پێم بڵێ، ئاوها

باشە؟ لەبەر دەمیا دان بە گوناهەکەت بنێو دەستی بگوشە، ئەویش لێت دەبووریێو ئێمەیش دۆسییەکە دادەخەینو بڕیارەکە رادەگرین.)

نووسیار، کە ئەم قسانەی بیست، گوتی:

- شتی وا نابێ! چونکە ئەو ئاشبوونەوە پێشەکییە نەبووە کە لە مادەی ١٨ی یاسادا هاتووە. ئێمە ئێستا لە بەر دەم مەسەلەیەکی یەك لا کراوەداین. دەبێ بڕیارەکە رێی خۆی بگرێو جێ بە جێ بکرێ.

بەڵام دادوەر گوێی پێنەدا. بە نووسیارەکەی گوت:

- بەس هەڵەوەڕی بکە. برام مادەی یەکەم دەڵێ: دەبێ پێش هەموو شتێ پەیڕەوی ئیرادەی خوا بکەین. خوایش ئیرادەی لەسەر ئاشتبوونەوەیە.

جارێکی تر سەری بۆ لای جوتیارەکان وەرسووڕاند ویستی ناچاریان بکا بێنەوە سەر رێی هەق. بەڵام هەوڵەکەی بە هەدەر چوو. (گافریلۆ) لە کەری شەیتان نەهاتە خوارێ. گوتی:

- تەمەنم نیو سەدە تێپەڕیوە، کوڕم بە ژنوماڵە، تا ئێستا قەت کەس لێی نەداوم، کەچی ئەمڕۆ، ئەم بەرەڵڵایە وا دەکا بە بیست جەلدە حوکمم بدەن! سەرەڕای ئەوەیش من بچم داوای بوردنی لێ بکەم؟! بەسە. خۆی دەبینێتەوە.

تووڕەیی زۆری بۆ هێنا، ناچاربوو بوەستێ. سەری دانەواندو دادگای جێ هێشت.

(ئیڤان) دە قۆناغی لە پێش بوو تا دەگەیشتەوە ماڵێ. درەنگ گەیشتەوە جێ. ژنان چووبوونە بەرایی مەڕو ماڵات.

ئەسپەکەی کردەوەو چووەوە ماڵێ.: ماڵ چۆڵو هۆڵ بوو. منداڵ لە سەر زەوی‌و ژن لای مەڕو ماڵات بوون. (ئیڤان) لە سەر کورسی دانیشت‌و لە فکر ڕاچوو. بیری کردەوە چۆن (گافریلۆ) لەگەڵ خوێندنەوەی بڕیاری دادگا ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاو چۆن رووی بۆ لای دیوار وەرگێڕا. هەستی بە دڵتەنگی کرد: (ئەگەر ئیڤان خۆی بوایە حوکمی جەلدەی بدرایە!!) بیری کردەوەو بە خۆیدا چووەوە. بەزەیی پێدا هاتەوە.

لەو بیرانەدا بوو، گوێی لە کۆکەو جوولەیەك بوو. پیرەمێرد بوو لە سەر سەکۆی ئاگردان دەهاتە خوارێ، قاچی شۆڕ کردبووەوە. کە گەیشتە سەر زەوی، بە تەنیشت دیواردا لاقی لە دوو خۆی راکێشا. ئەوەندە شەکەت بوو، وەخت بوو بەربێتەوە سەر کورسییەکە. پاش کۆکە کۆکێکی تر، ئانیشکی خستە سەر مێزو گوتی:

- باشە، بڕیار دەرچوو؟

ئیڤان وەڵامی دایەوە:

- بڕیار درا بیست جەلدەی لێ بدرێ.

پیرەمێرد سەری باداو گوتی:

- ئیشەکی خراپت کرد. کوڕم! ئای لەو کارە کرێتە!! بۆ خۆت خراپترە تا بۆ ئەو. کەواتە جەلدەی لێ دەدرێ.؟ ئایا تۆ بەمە هیچت پێ دەبڕێ.

(ئیڤان) وەڵامی دایەوە:

- جارێکی تر شتی وا ناکا.

جارێکی تر شتی وا ناکا؟ بۆچی ئەو گوناهی لە گوناهی تۆ گەورەتر بوو؟ چە کارێکی لە کاری تۆ خراپتر بوو؟

(ئیڤان) توورە بوو. گوتی:

- چۆن؟ کارەکانی چین؟ ..ئەگەر نەختێ زیاتری بکردایە بووکەکەی دەکوشتم. ئەوە ئێستایش بە سووتاندن هەڕەشەم لێ دەکا! ئەمە شتێکی گرنگ نییە؟! دەبێ سوپاسی لە سەر بکەم، وا نییە؟

پیرەمێرد هەنسکێکی قوولی هەلکێشاو گوتی:

- ئایا پێت وایە تۆ کە دەتوانی بڕۆیو بۆ هەر کوێت بوێ بچیو من ئەوە بیست سالە لە جێی خۆم، لەبەر ئاگردان ناجوولێمەوە، پێت وایە تۆ هەموو شتێ دەزانیو من هێچ شتێ نازانم؟ نا، کوڕم. تۆ هیچ شتێ نازانی. توورەیی بەری چاوی گرتووی. تاوانی خەلکت لە پێشە، بەلام تاوانی خۆت لە پشتە. دەلێی ئەو خراپەی کردووە؟...ئەگەر تەنیا ئەو خراپەی کردبێ، هەقتە!: جگە لەوە ئایا خراپە بە یەك کەس دەکرێ؟ نا. خراپە بە دوو کەس نەبێ، ناکرێ. تۆ تاوانی ئەو دەبینیو تاوانی خۆت نابینی. ئەگەر تەنیا ئەو خراپ بوایەو تۆ باش بوای، خراپە نەدەبوو. کێ مووی ریشی ئەوی دەرهێنا؟ کێ دەستارەکەی برد؟ کێ رایکێشایە بەر دەم هەموو دادگاکان؟ تۆ کە ئەو بە هەموو شتێ تاوانبار دەکەی، ژیانی خۆت لە ژیانی ئەو باشتر نییە.: تاکە سەرچاوەی خراپە ئەمەیە.. کوڕم، من بەو جۆرە نەژیاومو سەرمەشقێکی خراپ نەبووم بۆ تۆ. پێم بلێ: ئایا ئێمە ئاوها دەژیاین؟ منو باوکی (گافریلۆ)؟ ئێمە پەیوەندیمان چۆن بوو؟ پەیوەندی دراوسێتیمان دۆستانە بوو. .. ئەگەر ئەوان پێویستیان بە

ئارد بوایە. کابانەکەی دەهات دەیگوت: مامە (فرول)، ئاردمان نەماوە. هەندێ ئاردم دەوێ!.( کچم، برۆ بەرەمو چەندت دەوێ بیە!). باوکی (گافریلۆ) نەیدەزانی ئەسپەکانی بە تەمای کێ جێ بێلێ، دەیگوت: (...(ئیڤان)، ئەسپەکانم بە تەمای تۆ جێ دێلم...) ئەگەر منیش پێویستم بە شتێ بوایە، دەچوومە لای دەمگوت: (مامە (گوری)، ئەم شتەو ئەو شتەم دەوێ.) وەڵامی دەدایەوە: (چیت دەوێ بیبە.!)...ئایا ئێستا ئاوهایە؟ سەربازێك باسی شەڕی (بلیفنا)ی بۆ دەگێڕاینەوە، شەڕی ئێوە لە شەڕی (بلیفنا) گەورەترە؟ بوەستن. ئایا ئەمە ژیانە؟! ئەمە چ تاوانێکە!! تۆی جوتیار، سەرۆکی خێزانی، لێپرساوی هەموو شتێکی، ژن چ دەزانن؟! منداڵ چ دەزانن؟ هەر دەزانن وەك سەگ بژین. دوێنێ، گوێم لێ بوو (تاراسکا)ی هیچوپووچ جوێنی بە پوورە (ئارینای) دەداو گاڵتەی بە دایکی خۆی دەکرد. ئایا ئەمەت پێ باشە!! پێش هەموو کەس تۆ ئەنجامەکەی هەڵدەگریتەوە. بیر لە رۆحی خۆت بکەرەوە...ئایا راستە بەو جۆرە هەڵس و کەوت بکەی؟! تۆ جوێنێکم پێدەدەی، من دوو جوێنت پێدەدەم. تۆ زللەیەکم لێدەدەی، من دوو زللەت لێدەدەم..نا، کاکۆ، (خۆشەویستی) داوای شتی وا ناکا. یەکێ گاڵتەت پێدەکا، وەڵامی مەدەرەوە. لە خۆی تەریق دەبێتەوە. ئەمەیە فەرمانی خودا. ئەوەی زللەیەکی لێدای، لا روومەتەکەی تری بۆ راگرە. پێی بڵێ: (لێم بدە، ئەگەر مستەهەقم). شەرم لە خۆی دەکاتەوە، لە کارەکەی ژێوان دەبێتەوەو بە قسەت دەکا. خودا وای فەرمان پێکردووین! نەك ڤیزو کەپوو بڵندی..بۆ بێ دەنگی؟! قسەکەم راستە، یان نا؟

(ئیڤان) بە بێ ئەوەی یەك وشەی لە دەم بێتە دەرەوە، گوێی لە باوکی گرتبوو. پیرەمێرد جارێکی تر دەستی بە کۆکە کۆك کرد. وەخت بوو بخنکێ. کە کۆکەکە بەری دا، دەستی پێ کردەوە، گوتی:

– تەماشای ژیانی خۆت بکە. ئایا تۆ دوای ئەو رووداوە بێ مانایە، بەختەوەرتری؟ یان بەدبەختتر؟ حیساب کە چەند لە سکاڵاو سەفەرو خواردن خەرج دەکەی؟ منداڵەکانت وەکوو بێچووە هەڵۆن. پێویستە بە هێمنی بژی‌و پەرە بە موڵك‌و ماڵت بدەی، نەك وەکوو ئێستا کەمی بکەیتەوە. جا لە پای چی؟ تاوانەکە هەمیشە تاوانی فیزو لووتبەرزییە. لە باتی ئەوەی لەگەڵ منداڵەکانت زەویت بکێڵی‌و دەغڵ بچێنی، ناچاری هات‌و چۆی دادوەرانو بازرگانان بکەی؟! زەوی خۆت ناکێڵی‌و لە کاتی پێویستدا تۆو ناکەی. زەوی بەهاریش بەلاش هیچت پێ نادا. ئەم ساڵ هیچ جۆداست نەهات لەبەر ئەوەی دوای هاتنەوەت لە شار، درەنگ تۆوت دا.

لەمەوە چیت پێ برا؟ خەفەتی زیاتر. ئاخ! برا، تەنیا بیر لە بەرژەوەندی راستەقینەی خۆت بکەوە. لە ماڵی خۆت داکاسێ. لەگەڵ منداڵەکانت زەوی خۆت بکێڵە. ئەگەر خراپەیان لەگەڵ کردی، لێیان خۆش بە! بەم جۆرە دەتوانی خەریکی کاری خۆت بی‌و هەست دەکەی بارگرانیت لە سەر سووك بووە.

ئیڤان هەر بێدەنگ بوو.

– ئەمە بوو ویستم پێت بڵێم، (ئیڤان). متمانە بە باوکت بکە. متمانە بەو پیرەمێردە بکە. برۆ ئەسپ لە گالیسکە دابەستەو بگەڕێوە بۆ دادگا. واز لە داواکەت بێنەو بیکێشەوە. بەیانیش برۆ ماڵی

(گافریلۆ)و لەگەڵی پێك وەرەوە. داوەتی بکە بۆماڵەوە. بەیانی جەژنە. سەماوەر جۆش دە. ئاوی ژیان بکرە. خۆت لە گوناهەکانت پاك بکەوە. لە مەودوا کەس باسی گوناهەکانت ناکا. فەرمان بە ژنو منداڵانیش بکەن بەم جۆرە بجوولێنەوە.

(ئیڤان) هەناسەیەکی هەڵکێشاو بیری کردەوە: (خۆ قسەکەی راستە!)

قسەی باوکی هەژاندی بەڵام نەیزانی چۆن پێك بێتەوە. پیرەمێرد دەستی بە قسە کردەوە. دەتگوت دڵی کوڕەکەی خوێندۆتەوە:

- (ئیڤان)، هەستە بڕۆ. چیدی دوای مەخە! لە سەرەتای گڕگرتنەوە ئاگر وەمرێنە. چاوەڕێ مەکە تا بڵاو دەبێتەوە چونکە ئەو حەلە دەرەقەتی نایەی!

پیرەمێرد لە سەر قسەکانی ڕۆیشت، بەڵام ژنو منداڵ بە ژوورێیان وەرکردو بوو بە چەمارۆ. زانیبوویان (گافریلۆ) حوکمی جەلدەی دراوەو هەڕەشەی لە (ئیڤان) کردووە بیسووتێنێ. ژنەکان لە سەر زەوی، لەگەڵ ژنانی دراوسێیان تێککگیرابوون.

ژنانی دراوسێکەیان هەڕەشەیان کردبوو کە بینا بە قسەی خۆیان، دادوەر هەیە (گافریلۆ) بپارێزێو گۆڕینی بەری داواکە بخاتە ئەستۆی خۆی. بەڕێوەبەری قوتابخانە، بە خەتە خۆشەکەی خۆی، داوایەکی بۆ قڕاڵ نووسیوەو بە دوورو درێژی باسی هەموو شتێکی کردووە: وەك سنگو حەوزی سەوزاتیو هەموو شتێ. بێ شك، نیوەی ماڵو مولکی (ئیڤان) بۆ (گافریلۆ) دەبێ.

(ئیڤان) گوێی دایە ئەم قسانەو هەستی کرد جارێکی تر دڵی ڕەق بوو. ئامادە نەبوو ئاشت بێتەوە.

جوتیاری دەوڵەمەند هەمیشە شتێ هەیە خۆی پێوە خەریك بکا. (ئیڤان) ژنەکانی لەو چەنەبازییە جێ هێشت. هەستا لە ماڵەوە دەرچوو. چوو لە سەر جۆخینو لە مەغەل کار بکا. تا ڕۆژئاوا لەوێ خەریکی ئیشو کار بوو. لەو کاتەدا منداڵەکان هاتنەوە کە بە ڕۆژ خەریکی ئامادە کردنی زەوی بوون بۆ تۆودان.

(ئیڤان) تووشیان هاتو پرسیاری ئیشو کاری لێ کردنو یارمەتی دان هەموو شتێ لە جێی خۆی دابنێنەوە. زینی دڕاوی ئەسپی لە قوژبنیك دانا بۆ ئەوەی چاکی بکاتەوە. کە خەریك بوو بیبا دەست پێ بکا، دیتی تاریك داهاتووە. زینەکەی لە دەرەوە جێ هێشت. ئالیکی دایە ئەسپەکانو دەرگای گەورەی کردەوە. چونکە (تاراسکا) شەو ئەسپەکان دەباتە دەرەوە. لە دڵی خۆیدا گوتی: (ئێستا هەر ئەوەندەم ماوە شێو بخۆمو بخەوم!)

زینی دڕاوی، بە شانی داداو گەڕایەوە ژووری بێ ئەوەی بیر لە (گافریلۆ)، یان قسەی باوکی، بکاتەوە. کە دەسکی دەرگای باداو ویستی بچێتە ژوورەوە، لە پشت دیواری حەوشە گوێی لە هاواری نووساوی دراوسێکەیان بوو. جوێنی بە یەکێ دەدا. (گافریلۆ) هاواری دەکرد:

– بە هەقی شەیتان، مستەهەقی کوشتنە!

(ئیڤان) وەستاو گوێی قوڵاغ کردو سەری بادا. ئینجا چووە ژوورەوە. لە ماڵەوە، ئاگر کرابووەوە. بووکی (ئیڤان) لە قوژبنێك

خەڕەکی با دەداو ژنەکەیشی شێوی لێ دەنا. کوڕەکەی سۆلی دەچنیو ئەوەی بچووك کتێبێکی دەخوێندەوەو (تاراسکا) خۆی ئامادە دەکرد شەو بچێتە دەرەوە.

(ئیڤان) بیری کردەوە: (ئەگەر ئەو دراوسێ نەفرەتییە نەبوایە، شت چەند بە چاکی دەڕۆیشت!!)

هەستی کرد میزاجی تێکچووە. دڵی توندە. پشیلەیەك لە سەر کورسی خەوتبوو، پێلەقەیەکی لێداو دەری کرد. لە ژنەکان بەربوو چونکە مەنجەڵ لە جێگای خۆی نەبوو. دانیشت، دڵی تەنگو رووی تێك چوو بوو. دەستی بە چاك کردنەوەی زینی ئەسپەکەی کرد. بێ دەستی خۆی، هەڕەشەی (گافریلۆ)ی لە دادگاو ئەو قسانەی پێش کەمێ گوێی لێ بوو: (مستەهەقی کوشتنە)، مێشکی خەریك کرد.

لەو کاتەدا کابانی ماڵێ شێوی لەبەر (تاراسکا) دانا. کوڕەکە خواردنی خواردو کەوای لەبەر کردو زونناری بەستو فەروەی بە سەر شانی داداو پارچە نانێکی بردو چووە دەرەوە بۆ ئەوەی ئەسپەکان ببا. برا گەورەکەی لە گەڵیا چوو. (ئیڤان) کورسییەکەی خۆی جێ هێشتو چووە دەرەوە بۆ سەر پایەکانی بەر دەرگا.

شەوێکی تاریکی کلکە چەم بوو. هەورێکی تاری لەبەر بوو. بای دەهات. (ئیڤان) گەیشتە خوار پایەکانو یارمەتی کوڕەکەی دا سواری ئەسپ بیێو جوانووەکەی بە گەڵ دا. وەستاو چاوی گێڕاو گوێی رادێرا. (تاراسکا) هاژوایو گەیشتەوە منداڵەکانی هاوزێ خۆی کە بە غار لە گوند دەردەچوون. (ئیڤان) بە بێ دەنگی لەبەر

دەرگای گالیسکەکان وەستابوو، قسەکانی (گافریلۆ)ی هاتەوە بیر:
(بزانە تۆ چۆن بە شتێکی خراپتر دەسووتێی.)
بیری کردەوە: (شتی وای بۆ دەکرێ. دونیا وشکە. بای دێ. ئەوەندەی بەسە خۆی بخزێنێتە قوژبنێك‌و لە پشتەوە بە دزی ئاگری تێ بەر بدا. جا وەرە بە دوایدا بگەڕێ!!...ئەم مەلعوونە ئاگری تێ بەر دەردەدا. پێیشم ناگیرێ. ئاخ! ئەگەر لە حانی تاوانەکەی بیگرم، بە سزای خۆی دەگا!!
ئەوەندە ترسا، لە دەرگای گالیسکەکان تێپەڕی‌و چووە دەرەوە بۆ سەر جادەو لە باتی بگەڕێتەوە ماڵێ، لە سیلەی دیواری حەوشە سووڕایەوە:
(لێرەوە تا حەوشە دەچم. پیاو ناتوانێ لەوە بە پارێزتر بێ.)
بە هەنگاوی رێك بە بن دیواردا رۆیشت‌و لە سیلەی دیوار سووڕایەوەو تەماشای دیواری حەوشەی کرد. هەر تەماشای کردو تەماشای کرد. وای بە خەیاڵدا هات لە سیلەکەی تر شتێکی بینی. لە پڕ لە پشت دیوار دەرکەوت‌و جوولایەوە.
(ئیڤان) لە جێی خۆی رەق راوەستاو هەناسەی راگرت. گوێی رادێراو بە وردی تەماشای کرد.
(هیچ شتی جێگەی نیگەرانی نییە! بایە، گەڵای داربی دەهەژێنێ‌و لە ناو قامیشان هۆنە دەکا.) شەوەکەی تاریك بوو چاو چاوی نەدەدی. بەڵام ئاخیری چاوی لە تاریکی راهات‌و سیلەی دیواری هەموو لێ دەرکەوت‌و ئەو هەوجارەی لەوێ بوو. ساباتی لای پێشەوە، (ئیڤان) بەبێ هوودە مێزەی کرد: کەس نەبوو. لە دڵی خۆیدا گوتی: (وا

بزانم هەڵەم کردووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا دەبێ فیتە بە دەورەکە تەواو بکەم.

بە تەنیشت دیواری گەوڕی دەرەوەدا ڕۆیشت. دەستی لە دیوارەکە کوتاو بە هێدی ڕۆیشت. سۆڵی لە دەماری درەخت چنراوی دەنگێکی کەمی لێوە دەهات. هەر ئەوەتە گوێی لە دەنگی پێی خۆی بوو. هەر ڕۆیشت‌و ڕۆیشت. لە پڕ لە سیلەکەی تر، لە نزیک هەوجاڕ، شتێکی بینی دەبریسکایەوەو بزر دەبوو.

ئەمە دەتگوت خەنجەر بوو بە دڵی کەوت. لە ترسان لە جێی خۆی رەق بوو. لە هەمان شوێن شتێ بە شێوەیەکی توندتر پڕووشکی لێ هەستا. بە روونی پیاوێکی بینی کڵاوی لەسەر بوو، لە سەر زەوی هەڵترووشکا بوو، ئاگری لە باوەشە قەسەرێك بەردەدا.

هەستی کرد دڵی وەك چۆلەکە لە ناو سینگی دەردەپەڕێ. هەموو هێزی خۆی کۆکردەوەو رایکرد بۆ لای کابرا. هەر ئەوەتە پێی دەگەیشتە سەر زەوی. بیری کردەوە: (ئاخ! ئاخ! ئەوە تۆم گرت وا دەکەی!)

دە هەنگاوی نەنا بوو، روناکییەکی گەورە دەرکەوت. نەك لەو شوێنەی پڕوشکەکە دیار بوو، بەڵکو لە قەسەری ساباتی پێشەوە کە خەریك بوو دەسووتاو گوڕی ئاگر دەگەیشتە بنمیچەکە.

(ئیڤان) کابرای ناسی. بە تەواوی دیار بوو. (گافریلۆ) بوو. چۆن سوورەداڵ دەنیشێتە سەر کلاوکوڕە، (ئیڤان) ئاوها نیشتە سەر کابرای شەلە. لە دڵی خۆیدا گوتی: (دەیبەستمەوە، نەوەك رابکا.)

رەنگە (گافریلۆ) گوێی لە دەنگی پێی بووبێ!! سووڕایەوەو بە خێراییەکی سەیر، وەك کەروێشك بە تەك گەوڕدا رای کرد.

(ئیڤان) راوەدووی ناو هاواری کرد: (کوێوە دەچی، قەت لە دەستم دەرباز نابی!) توند بەرۆکی گرت. (گافریلۆ) خۆی لە دەست راپسکاند. دامەنی کەوای گرت. دامەنەکەی لە دەست بەربوو، (ئیڤان) بەربووەوە. بەڵام زوو هەستایەوەو کەوتەوە دوایەوەو هاواری کرد:

– هاوارە! هاوارە! بیگرن!

تا (ئیڤان) هەستایەوە، (گافریلۆ) کێسی وەرگرتو بە پێش ناحەزەکەی کەوت.

کە (ئیڤان) پێی گەیشت، لە حەوشەی خۆیان نزیك کەوتبووەوە. کاتێ (ئیڤان) ویستی بیگرێ، هەستی بە سەرەگێژە کرد. دەتگوت بەردێکی بە سەر کەوت. ئەمە (گافریلۆ) بوو. بە هەردوو دەست قوتە دار بەڕوویەکی گرتو کە گەیشتەوەماڵی خۆیان لە رووی نەیارەکەی چەقیو هەتا خوتورمە گرتی لە تەپڵی سەری کوتا.

(ئیڤان) بەربووەوە. دونیای لەبەر چاو سووڕاو چاوی تاری بوو. هەموو شتێ بوو بە تاریکیو بە پشتدا کەوت.

کە هاتەوە هۆش خۆی، (گافریلۆ) نەما بوو. دەورو بەری خۆی بە روونی بینی. دەتگوت نیوەڕۆیە. قرچە قرچو تەقینەوە لای ماڵی خۆیان دەهات دەتگوت دەنگەکە لە ئامێرێکەوە دێ. (ئیڤان) سەری وەرسووڕاند. گەوڕی پشتەوە دەسووتاو ئاگر گەیشتبووە گەوری

تەنیشتیش. لکە قەسەرێکی بە ئاگر خەریك بوو لە ناو تاریکی دەگەیشتە ماڵەوە.

ئیڤان هاواری کرد:

- چیم لێ دەکەن، برایان!

بە نیگەرانی بازووی بڵند دەکردو دەیهێنایە خوارێ. لە دڵی خۆیدا دەیگوت: (دەبوایە باوەشە قەسەرە گڕ گرتووەکە لە ناو ساباتەوە دەربێنمو لە ژێر پێدا بیکوژێنمەوە!)

ویستی هاوار بکا بەڵام هەناسەی نەهات. دەنگی دەرنەهات. ویستی رابکا بەڵام لاقەکانی تێك ئاڵاو نەیتوانی بڕوا. بە زەحمەت لاقی لە دوو خۆی راکێشا. دوو هەنگاوی نا. دەلا هاتو دووبارە هەناسەی بڕا. هەستایەوە، هەناسەی هاتەوە بەر. بەردەوام بوو لاقی لە دوو خۆی راکێشا. کە لە دەوری گەوڕی پشتەوە سوورڕایەوە بۆ ئەوەی لە چەقی ئاگرەکە نزیك بکەوێتەوە، گەوڕی تەنیشت دەستی بە سووتان کردو ئاگر بۆ دەرگای حەوشەی گالیسکەکانو گۆشەیەك لە گۆشەکانی ماڵەوە چوو. بڵێسەی لێ بەرز بووەوە. ئەستەم بوو بتوانێ بچێتەوە حەوشە.

خەڵك لە دەوری خانووی سووتاو خڕ بوونەوە، ئاگرەکە نەدەکوژایەوە. دراوسێکان کەلو پەلی ناوماڵیان راکێشایە دەرێ. مەڕو ماڵاتیان دەرکردە دەرەوە.

ئاگر لە حەوشەی ماڵی (ئیڤان) پەڕییەوە بۆ حەوشەی ماڵی (گافریلۆ). (با)یەکی توندی دەهات. ئاگرەکەی لە جادە پەڕاندەوەو نیوەی گوندی کاول کرد دەتگوت بە گەسك ماشیویانەتەوە.

پیرەمێرد زۆر بە زەحمەت توانی لە ماڵی (ئیڤان) خۆی بە کێش بکا بۆ دەرەوە. هەموو ماڵو منداڵەکانیش بە سەلامەتی دەرباز بوون. ئەسپەکان نەبێ کە شەو دەر هێنرابوون، هیچ شتێ لە گڕی ئاگر قوتار نەبوو: هەموو شتێ سووتاو لەناو چوو: مەڕو ماڵات، مریشك لە کولانە، هەوجاڕ، خەرماشە، کانتۆری جلان، دەغڵی عەمبار. بەڵام ماڵی (گافریلۆ) توانیان مەڕو ماڵات لەگەڵ هەندێ ناوماڵ رزگار بکەن.

بە درێژایی شەو ئاسمان لەبەر ئاگرەکە سوور دەچووەوە (ئیڤان) هەر دووبارەی دەکردەوە: (برایان، سەیرە! دەبوایە باوەشە قەسەرە گڕ گرتووەکە لە ناو سابات دەربێنمو لە ژێر پێدا بیکوژێنمەوە!) بەڵام کە بینی بانی خانووەکەیان داتەپی، خۆی بە ناو ئاگر داداو دەستی دایە کاریتەیەکی گەورەو رایکێشا. سەرەڕای قیڕەو پاڕانەوەی خزمەکانی، دووبارە گەڕایەوە ناو ئاگرو کاریتەیەکی تری راکێشا. ئەم جارە ساتمەی کردو بەربووەوە سەر پۆلییە ئاگرێك. کوڕەکەی بە ناو ئاگردا، رای کرد بۆ لایەوە. (ئیڤان) ریشو قژو دەستو جلی هەموو سووتا لەگەڵ ئەوەشدا، هەستی پێ نەدەکرد.

جەماوەرەکە گوتیان:

– بەسەزمان، لە خەفەتان شێت بووە!

ئاگرەکە وردە وردە کز بوو. (ئیڤان) لە جێی خۆی رەق ببوو هەر دووبارەی دەکردەوە: (برایان، سەیرە! دەبوایە باوەشە قەسەرە گڕ گرتووەکە دەربێنم.)

کە رۆژ بووەوە، ئاغای گوند کوڕەکەی لە دوو (ئیڤان) نارد:

- مام (ئیڤان)، باوکت وا دەمرێ. حەز دەکا بتبینێ.

سەرەتا، تێنەگەیشت چ دەڵێن. بە تەواوی باوکی لە بیر کردبوو. وەڵامی دایەوە:

- باوکی چی؟ کێ دەیەوێ چاوم پێ بکەوێ؟

- باوکت دەیەوێ بتبینێ. لە ماڵی ئێمەیە. خەریکە دەمرێ. خێرا بگە لای! مام (ئیڤان)!

ئاخیری (ئیڤان) تێگەیشتو کەوتە دوای کوڕی ئاغای دێ. کە پیرەمێردیان دەرباز دەکرد، سەرەبزۆتێکی بەسەردا بەربووەوەو زۆر خراپ سووتاندی. بردیانە ماڵی ئاغا لەو سەری گوند، کە ئاگری نەگەیشتبوێ.

کە (ئیڤان) چوو. تەنیا پیرەژنی ئاغاو منداڵەکانی لە ماڵەوە بوون. ئەوانی دی هەموو چووبوونە هاواری ئاگرەکە. پیرەمێرد چاوەڕێی کوڕەکەی دەکرد. لەسەر کورسی راکشابوو. مۆمێکی بە دەستەوە بوو. چاوی بڕیبووە دەرگا.

کە (ئیڤان) چووە ژوورەوە. پیرەمێرد جوولەیەکی کرد. پیرەژن چووە لایەوەو گوتی:

- ئەوەتا کوڕەکەت هات.

پیرەمێرد وەڵامی دایەوە:

- بیهێنە پێش، بۆ لام.

کە (ئیڤان) گەیشتە لای باوکی. باوکی پێی گوت:

- کوڕم، من لەسەر هەق بووم، یان نا؟ کێ گوندی سووتاند؟

(ئیڤان) بە توندی وەڵامی دایەوە:

- ئەو بوو! ئەو! بابە گیان! بەسەردا چووم ئاگری تێبەر دەدا. دیم بانی دەسووتاند. بیر بکەوە: (دەبوایە باوەشە قەسەرە گڕ گرتووەکە دەربێنم‌و لە ژێر پێدا بیکوژێنمەوە. ئەوسا تووشی ئەو کارەساتە نەدەبووین.)

پیرەمێرد دەستی پێ کردەوە:

- (ئیڤان)، من دەمرم، تۆیش دەمری! گوناهی کێ بوو؟

(ئیڤان) چاوی بڕییە باوکی‌و ڕەق ڕاوەستا. متەقی لێوە نەهات.

لەبەردەم خوادا قسە بکە، گوناهی کێ بوو؟

تەنیا ئەو حەلە (ئیڤان) هۆشی هاتەوە سەرو تێگەیشت.. بە هێنکە هێنك‌و بە گریان‌و بە چاوی پڕ ڕۆندك خۆی بە باوەشی باوکی داداو گوتی:

- گوناهی من بوو. باوکی ئازیز.. ببوورە!

بەرامبەر خۆت‌و بەرامبەر خوا گوناهت کرد!

پیرەمێرد دەستەکانی جوولاندەوە. بە دەستی چەپە مۆمێکی گرت‌و دەستی ڕاستەی تا حەناس تەوێلی (ئیڤان) بەرز کردەوەو ویستی نیشانەی خاچ بکێشێ، بەڵام نەیتوانی. تەماشای کوڕەکەی کردو پێی گوت:

- خوا پیرۆزی کا! خوا پیرۆزی کا!... یاڵلا (ئیڤان)!

- چییە؟ باوکی ئازیز.

- ئێستا چ دەکەی؟

(ئیڤان) بە چاوی بە ئەسرین وەڵامی دایەوە:-

- نازانم. باوکی ئازیزم. نازانم ئێستا چۆن دەژین!!؟

پیرەمێرد چاوی نووقا. لێوی لەرزی. چی هێزی تێیدا بوو هەمووی کۆ کردەوە، چاوی کردەوەو بە چرپە گوتی:

- ڕاستو دادپەروەر بن، دەژین.

وەستا. بزەی هاتیو بەردەوام بوو:

- گوێ بگرە، (ئیڤان)! زمان لەو کەسە مەدە کە ئاگری لە ماڵت بەردا. تاوانی خەڵك داپۆشە، خوا لە تاوانەکانت خۆش دەبێ.

پیرەمێرد مۆمەکەی بە هەردوو دەست گرتو لە سەر دڵی خۆی داناو هەنسکێکی هەڵکێشا. گیانی لەلەش جودا بووەوە.

(ئیڤان) زمانی لە (گافریلۆ) نەداو کەس نەیزانی کێ ئەو ئاگرەی نایەوە.

(ئیڤان) قەت هیچ قینی بەرامبەر (گافریلۆ) لە دڵدا نەما. یەکەم جار (گافریلۆ) سەری سوڕما کە (ئیڤان) زمانی لێ نەدا. لە سەرسامیش زیاتر، نیگەران بوو. بەڵام ئاخیری خاترجەم بوو. ناکۆکی ئەو دوو جوتیارەو ماڵو عەیالیان کۆتایی هاتو لە ماوەی چاك کردنەوەی خانووەکانیان هەردوو ماڵ لە یەك حەوشە دەژیان. بوونەوە دراوسێو وەکوو باوکو باپیرانیان بە تەباو تفاقی ژیان.

ئیڤان هەرگیز دوا قسەی پیرەمێردو ئەو دەستوورە خواییەی لە بیر نەکرد کە دەبێ ئاگر لە سەرەتاوە وەمرێنینو ئەگەر یەکێ ویستی ئازارت بدا، تۆڵەی لێ مەکەوە. هەوڵی ئاشتبوونەوە بدە. ئەگەر یەکێ جوێنی پێدای، نەکەی بە جوێنێکی خراپتر وەڵامی بدەیتەوە! خۆت لە قسەی ناشیرین بە دوور بگرەو کەسو کارت فێر بکە خۆیان لێ دوور بکەنەوە.

# کوڕاوەمۆر

*( بیستووتانە گوتوویانە: چاو بە چاوو ددان بە ددان. بەڵام من پێتان دەڵێم بەرامبەر خراپە دەست مەکەنەوە. ئەگەر یەکێ زللەی لە لاروومەتی راستەت دا، لاکەی تریشی بۆ راگرە.) مەتتی ٥: ٣٨: ٣٩*

*(لەبەر ئەوەی تۆڵەم بۆ نووسراوە، من خەڵات دەکەم، خودان دەڵێ.)*

*نامەی پۆلسی پەیامبەر بۆ خەڵکی رۆمیە. ١٢ -١٩*

I

جوتیارێکی هەژارو کلۆڵ کوڕێکی بوو. جوتیارەکە زۆری کەیف پێ هات.چووە لای دراوسێکەی‌و تکای لێکرد ببێ بە باواوەمۆر(العراب) بەڵام دراوسێکەی رەتی کردەوە: دراوسێکەی نەیویست ببێ بە باواوەمۆر بۆ کوڕی پیاوێکی هەژاری وا. کابرای هەژار چووە لای یەکێکی تر، ئەویش رەتی کردەوە.

هەموو گوند گەڕا، کەس رازی نەبوو ببێ بە باواوەمۆر. جوتیارەکە چووە گوندێکی تر. لە رێگادا گەیشتە رێبوارێك. رێبوارەکە گوتی:

- رۆژباش، ئۆغر بێ!

جوتیارەکە وەڵامی دایەوە:

- خوا کوڕێکی پێداوم، کە بە منداڵی بە خێوی بکەم بۆ ئەوەی کە پیر بووم خزمەتم بکاو کە مردم دوعاو خێرم بۆ بکا بەڵام لەبەر ئەوەی هەژارم، لە گوند کەس رازی نییە ببیٚ بە باواوەمۆر. دەچم لە باواوەمۆرێك دەگەڕێم.

رێبوارەکە گوتی:

- من دەبمە باواوەمۆر.

جوتیارەکە شاد بوو. سوپاسی رێبوارەکەی کردو گوتی:

- ئەدی کیٚ بکەم بە داداوەمۆر(العرابە)؟

رێبوارەکە گوتی:

- داوا لە کچی بازرگانێك بکە ببیٚ بە داداوەمۆر. برۆ شار. ماڵێك لە گۆڕەپانەکە هەیە. هەندیٚ دوکانی پێوەیە. لەبەر دەرگا داوا لە بازرگانەکە بکە لیٚ بگەڕیٚ کچەکەی بیٚ ببیٚ بە داداوەمۆر.

جوتیارەکە دڕدۆنگ بوو. گوتی:

- چۆن داوای شتی وا لە بازرگانێکی دەوڵەمەند بکەم، برام، لێناگەڕیٚ کچەکەی بۆ ئاوەمۆر(العماد) بیٚ.

جوتیارەکە گەڕایەوە ماڵیٚ ئەسپەکەی بەستەوە. رووی کردە ماڵی بازرگانەکە لە شار. بازرگانەکە خۆی لێی هاتە دەرەوەو گوتی:

- چیت دەوی؟

- بازرگانی بەرێز حاڵو مەسەلە ئەوەیە. خوا کوڕێکی پێداوم کە بە منداڵی بە خێوی بکەم بۆ ئەوەی کە پیر بووم خزمەتم بکاو کە مردم

دوعاو خێرم بۆ بکا. ئەو چاکەیەم لەگەڵ بکە لێگەڕێ کچەکەت بێ
بێ بە داداوەمۆر.
- ئاوەمۆر کەنگییە؟
سبەی بەیانی.
باشە. تۆ بڕۆ خوات لەگەڵ. سۆزی، لەگەڵ قداسی بەیانی دێ.
ڕۆژی پاشی، داداوەمۆر هات. باواوەمۆریش هات. کوڕەکە ئاوەمۆر کرا.
هێمانێ ئاوەمۆر تەواو بوو، باواوەمۆر ڕۆیشتو نەمانزانی کێیە.

٢

منداڵەکە گەورە بوو. بۆ شادیو خۆشیی ماڵەوە گەورە بوو. بە هێز بوو. ئیشکەر بوو، زیرەکو گوێڕایەڵ بوو. کە ماڵەوە ناردیانە قوتابخانە، تەمەنی دە ساڵ بوو. ئەوەی ئەوانی تر بە پێنج ساڵ فێری دەبوون، ئەو بە ساڵێك فێری دەبوو. هیچ نەما نەیخوێندبێ.
حەفتەی پیرۆز هات. کوڕەکە بۆ پیرۆزبایی ئاسایی چووە لای داداوەمۆری. گەڕایەوە ماڵێ پرسیاری کرد:
- باوکی ئازیز، دایکی ئازیز، باواوەمۆرم ماڵی لە کوێیە ؟ دەمەوێ بچمە لای، پیرۆزبایی جەژنی لێ بکەم.
دایبابی پێیان گوت:
- کوڕی خۆشەویشت ئێمەیش نازانین باواوەمۆرت ماڵی لە کوێیە؟ زۆرمان پێ ناخۆشە کە نازانین. لەو ڕۆژەوە کە تۆی ئاوەمۆر کرد،

چاومان پێنەکەوتووەو هێچمان لە بارەوە نەبیستووەو نازانینماڵی لە کێندەرەو نازانین داخۆ ماوە، یان نا؟

کوڕەکە دەستی دایبابی ماچ کردو گوتی:

- باوکی ئازیز، دایکی ئازیز، رێم بدەن بچم بە دوایدا بگەڕێم. دەیدۆزمەوەو پیرۆزبایی جەژنی لێ دەکەم.

دایکەو باوکە رێگای کوڕەکەیان دا بڕوا. کوڕەکە بە دوای باواوەمۆریدا کەوتە گەڕان.

## ٣

کوڕەکە لە ماڵەوە دەرچوو. ملی رێی گرتو رۆیشت. دانەرۆژێك رۆیشت. (دانەرۆژ= نیو رۆژ. لە بەیانی تا نیوەڕۆ، یان لە نیوەڕۆ تا رۆژ ئاوا. تاق). گەیشتە رێبوارێك. رێبوارەکە گوتی:

- رۆژ باش. ئۆغر بێ!

کوڕەکە گوتی:

- چوومە لای داداوەمۆرەکەمو جەژنەپیرۆزەم لێ کرد. کە گەڕامەوە ماڵێ. لە دایبابم پرسی: باواوەمۆرەکەم ماڵی لە کوێیە؟ دەمەوێ بچم پیرۆزبایی جەژنی لێ بکەم. دایبابم پێیانگوتم:

- کوڕی خۆشەویست، نازانین باواوەمۆرەکەت ماڵی لە کوێیە. پاش ئەوەی تۆی ئاوەمۆر کرد. روخسەتی خواستو رۆیشت. هیچی لە بارەوە نازانین. نازانین داخۆ ماوە، یا نا؟ ئیتر من وا دەچم بە دوایدا دەگەڕێم.

ڕێبوارەکە گوتی:

- من باواوەمۆری تۆم.

کوڕەکە شاد بوو. پیرۆزبایی جەژنی لێکردو باوەشیان بە یەکدا کرد.

کوڕەکە گوتی:

- باواوەمۆرەکەم، ئەی ئێستا دەچیتە کوێ؟ ئەگەر بۆ لای ئێمە دەچی، وەرە بچینە ماڵی ئێمە. ئەگەر دەچیتەوە ماڵی خۆیشت، منیش لەگەڵتا دێم.

باواوەمۆر گوتی:

- ئێستا کاتم نییە بێمە ماڵی ئێوە. لە گوندان کارم هەیە. بەڵام سبەی دەگەڕێمەوە ماڵی خۆم. ئەوسا وەرە ماڵی من.

- بەڵام ئەی باواوەمۆرەکەم، چۆن بتدۆزمەوە؟

- باشە! ڕوو بکە ئەو لایەی ڕۆژی لێ هەڵدێ‌و بە هێڵێکی ڕاست بڕۆ، دەگەیتە لێڕێك. گۆڕاییەك لە ناوڕاستی لێڕەکە دەبینی. لە گۆڕاییەکە دانیشەو پشوو بدە. تەماشاکە چ ڕوو دەداو چاك لەوە ورد بەرەوە کە دەیبینی. لەوێ زیاتر بڕۆ. هەمیشە لە سەر هێڵێکی ڕاست بڕۆ. لە لێڕەکە دەچیتە دەرەوە. دەگەیتە باخێك. کۆشکێك لە باخەکەدا دەبینی بانی زێڕە. ئەمە ماڵی منە. وەرە لای دەروازەی گەورە. من خۆم دێمە دەرەوە بۆ لات.

باواوەمۆر وای گوت‌و لە بەر چاوی کوڕەکە بزر بوو.

٤

باواوەمۆر چی گوت، کوڕەکە بەو جۆرە ڕۆیشت. هەر ڕۆیشت ڕۆیشت. گەیشتە لێڕەکە. کوڕەکە گۆڕاییەکی لە ناوەڕاستی لێڕەکە دی. دارکاژێکی لە ناوەڕاست بوو. دانیشتو چاوەڕێی کرد. پەتێکی دی بە لکێکی دارەکەوە کرا بوو. تەختەدارێکی گەورە بە پەتەکەوە کرا بوو. کێشی سێ پوود دەبوو (پوود = دەوری ٥٠ کگم). (واتە هێزوك هەڵبەسرابوو). سەتلە هەنگوینێك لە بن تەختەدارەکە بوو. کوڕەکە هێشتا نەپپرسیبوو ئەو هەنگوینە بۆچی لەوێیەو ئەو تەختە دارە بۆچی لەو پەتە بەسراوە، گوێی لە دەنگەدەنگێك بوو لە لێڕەکە دەهات. دیتی چەند ورچێك هاتن. دەڵە ورچێك لە پێشەوە بوو. سێ ورچی بچووکی بە دواوە بوو. دەڵە ورچەکە بۆنی بە کزەبا کردو بۆ لای سەتڵەکە چوو. بچووکەکان کەوتنە شوێنییەوە. دەڵە ورچەکە لمووزی لە ناو هەنگوینەکە ناو بانگی بێچووەکانی کرد. خێرا هاتنو دەستیان بە خواردن کرد. تەختە دارەکە کەمێ لار بووەوە. ئینجا گەڕایەوە سەر دۆخی جارانی. دەڵە ورچەکە هەستی پێکرد. بە پەلەکانی پاڵی بە تەختەدارەکەوە نا. تەختەدارەکە زیاتر لار بووەوەو گەڕایەوە بە بچووکەکان کەوت: بە پشتی ئەمەو بە سەری ئەوکەوت. ورچە بچووکەکان بۆڕاندیانو دوور کەوتنەوە. دەڵە ورچەکە بۆڕەیەکی گەورەی کرد. بە هەردوو دەست تەختەدارەکەی گرتو بلندی کرد بۆ سەر سەریو تا هێزی تێدا بوو هەڵیدا. تەختەدارەکە زۆر بەرز بووەوە. ورچی بچووکی یەکەم گەڕایەوە بۆ لای سەتلەکەو لموزی

لە ناو هەنگوینەکە ناو دەستی بە خواردن کرد. ورچە بچووکەکانی تریش نزیک کەوتنەوە. هێشتا نەگەیشتبوون تەختەدارەکە بەسەر سەری ورچی بچووکی یەکەمدا بەر بووەوە. بە سەری کەوتو کوشتی.

دەڵە ورچەکە بۆڕەیەکی گەورەتری کرد. بە هەموو هێزی خۆیەوە تەختەدارەکەی هەڵدا. تەختەدارەکە لە لقە دارەکە بەرزتر بووەوە. تەنانەت پەتەکەیش خوار بووەوە. دەڵە ورچ و بێچوەکانی هێرشیان کرد بۆ سەر سەتلەکە. تەختەدارەکە بەرز بووەوە، هەر بەرز بووەوە، ئینجا وەستاو هاتە خوارەوە. تا دەهاتە خوارەوە، خێرایی زیاتر دەبوو. زۆر بە خێرایی هاتە خواری و بە سەری دەڵە ورچەکە کەوت و کەللەی هەپڕوون بە هەپڕوون کرد. دەڵە ورچەکە لە دەوری خۆی سووڕاو بەربووەوە، پەلی ڕاکێشاو گیانی دەرچوو. ورچە بچووکەکان هەڵاتن.

## ٥

کوڕەکە واقی وڕما. هەستا کەوتەوە ڕێ. گەیشتە باخێکی گەورە. باخەکە کۆشکێکی گەورەی تێدا بوو، بانەکەی زێڕ بوو. باواوەمۆر، دەم بە خەندە، لە بەر دەرگا وەستا بوو. باواوەمۆر بە خێرهاتنی کوڕاوەمۆری کردو بردییە ژوورەوە. بە ناو باخدا ڕۆیشتن. کوڕەکە

بە خەونیش شتی وا جوانی نەبینی بوو کە لەو باخەدا بینی. باواوامۆر کوڕاوەمۆری بردە ناو کۆشك. کۆشکەکە عاجباتیتریش بوو.

باواوەمۆر کوڕەکەی بردە هەموو ژوورەکان. هەموویان نموونەی جوانیو خۆشی بوون. گەیشتنە دەرگایەکی مۆرکراو. گوتی:

- ئەم دەرگایە دەبینی؟ ئەمە کلیل نەدراوە. تەنیا مۆر کراوە. دەکرێتەوە. بەڵام تۆ نابێ بچیتە ناو ئەم ژوورە... چەندت دەوێ لێرە بمێنەوەو بە کەیفی خۆت بسووڕێوە. چێژ لە هەموو شتێ وەرگرە. بەڵام قەدەغەیە لەم دەرگایە بچیتە ژوورەوە. ئەگەر چوویتە ژوورەوە، ئەوسا چیت لە ناو لێرِ بینی، بە بیر خۆتی بێنەوە.

باواوەمۆر ئەمەی گوتو روخسەتی لە کوڕاوەمۆری وەرگرت.

کوڕاوەمۆر لە ناو کۆشك مایەوەو لەوێ ژیا. زۆر خۆشیو شادی بینی. سی(٣٠) ساڵ پێچوو، وایزانێ سێ سەعاتە. کە ئەو سی(٣٠) ساڵە تەواو بوو. کوڕاوەمۆر چووە لای دەرگا مۆر کراوەکەو بیری کردەوە: (باواوەمۆر بۆچی چوونە ناو ئەم ژوورەی لە من قەدەغە کردووە؟ دەچمە ژوورەوە بزانم چی تێدایە.)

دەرگای پاڵ دا. مۆرەکە شکاو دەرگاکە بە ئاسانی بووەوە.

کوڕاوەمۆر پێی لە سەر کۆسپە ئاوا کرد. هۆلێکی پێشوازی بینی لە هەموو ژوورەکانی دی خۆشتر بوو. عەرشێکی لە ناوەڕاست بوو.

کوڕاوەمۆر بە ناو هۆڵەدا ڕۆیشت. گەیشتە لای عەرشەکە. لە پلەکانەوە سەرکەوتو لە سەر عەرشەکە دانیشت. کە دانیشت، داردەستی شاهانەی لە تەك عەرش بینی، دەستی دایەو بە دەستییەوە

گرت. لە ناکاو هەرچوار دیواری هۆڵەکە رووخان. کوڕاوەمۆر تەماشای کرد. هەموو دونیای بینیو چی خەڵك لە دونیادا دەیانکرد هەموی بینی. لە دڵی خۆیدا گوتی: (تەماشا دەکەم بزانم لای خۆمان چ هەیە؟)

تەماشای پێشەوەی خۆی کرد. دەریای بینی. کەشتی لە ناو دەریادا بینی. تەماشای لای راستەی کرد هەندێ گەلی بێ باوەڕی بینی. تەماشای لای چەپەی کرد، دیانەکانی بینی، نەك رووس. تەماشای پشتەوەی کرد, رووسی بینین. رووسی خۆمان.( ئێستا تەماشا دەکەم داخۆ دەغڵ لای خۆمان شین بووە؟)

تەماشای زەوی خۆیانی کرد. سوارەی دورراوەی بینی هێشتا هەموو هەڵنەگیرابوونەوە. گیشەو گەڵاویژەکانی ژمارد بۆ ئەوەی بزانی دەغڵ باش هاتووە. گالیسکەیەکی بینی لە ناو زەوی دەڕۆیشت. جوتیارێکی تێدا بوو. کوڕاوەمۆر وای بۆچوو ئەو جوتیارە باوکییەتی. شەو هاتووە بۆ ئەوەی دەغڵەکە هەڵبگرێتەوە. بەڵام بۆی دەرکەوت ئەوە (ڤاسیلی کودریشۆڤ)ی دزە بە سواری گالیسکە دەچێ. دزەکە لە گیشەو گەڵاویژەکان نزیك کەوتەوەو دەستی بە بارکردنی گالیسکەکەی کرد. کوڕەکە توورە بوو ، هاواری کرد:

- باوکی ئازیز، گیشەو گەڵاویژیان دزیت!

باوکە بە پەشۆکاوی بە خەبەر هات. گوتی:

- لە خەودا دیم گیشەو گەڵاویژەکانم دەدزن.

سواری ئەسپەکەی بووو چوو. گەیشتە سەر زەوی. (ڤاسیلی)ی بینی. بانگی جوتیارەکانی کرد. (ڤاسیلی)ان گرتو لێیان داو خستیانە گرتووخانە.

کوڕەکە تەماشای ئەو شارەیشی کرد کە داداوەمۆرەکەی تێدا بوو. دیتی داداوەمۆری شووی بە بازرگانێك کردووە. دیتی داداوەمۆر نووستو مێردەکەی بینی لە خەو هەستا و چووە لای گراوییەکەی.

کوڕەکە بانگی ژنی بازرگانەکەی کرد:

- هەستە، رابە سەرخۆ! مێردەکەت کاری کرێت دەکا.

داداوەمۆر بە پەلە لە خەو هەستا. جلی کردە بەر. ئەو ماڵەی دۆزییەوە کە مێردەکەی لێ بوو. تێر جوێنی کرد. لە گراوییەکەی مێردی دا. مێردەکەی لە ماڵەوە دەرکرد.

کوڕەکە تەماشای دایکیشی کرد. دیتی لە ماڵەو خەوتووە. دزێکی دی چووە ژوورەوە . دەستی بە شکاندنی سندووقەکان کرد.

دایکە لە خەو هەستا. قیژاندی، دزەکە دەستی دایە تەورێكو قیتی کردەوە سەر سەری ژنەکە. خەریك بوو بیکوژێ. کوڕەکە خۆی پێ نەگیرا داردەستێکی شاهانەی راوەشاندە دزەکە. لە لاچەرەی داو کوشتی.

٦

کە کوڕاوەمۆر دزەکەی کوشت، دیوارەکان دووبارە بەرزبوونەوە. هۆلی پێشوازی دیمەنی ئاسایی خۆی وەرگرتەوە. دەرگا کرایەوەو

باواوەمۆر هاتە ژوورەوەو چووە لای کوڕاوەمۆر. دەستی گرتو لە سەر عەرش هێنایە خوارێو گوتی:

- تۆ گوێڕایەڵی فەرمانی من نەبووی! یەکەم شتی خراپت کرد ئەوە بوو دەرگایەکت کردەوە کردنەوەی قەدەغە بوو. شتی خراپی دووەم ئەوە بوو چوویتە سەر عەرشو داردەستی منت بە دەستەوە گرت. شتی سێیەم ئەوە بوو خراپەی دونیات زیاتر کرد. ئەگەر سەعاتێك لە سەر ئەو عەرشە بمابایتەوە، نیوەی دونیات وەردەگێڕا.

باواوەمۆر جارێکی تر کوڕاوەمۆری لە سەر عەرش داناو داردەستی نایە دەستو جارێکی تر دیوارەکانی هۆڵەکە رووخانو جارێکی تر دونیای لە بەر چاو کرایەوە. باواوەمۆر گوتی:

- ئێستا سەیر کە چیت لە باوکت کرد. ئەوە (ڤاسیلی)یە ساڵێك لە بەندیخانە بوو. لە بەندیخانە هەموو خراپەیەکی کرد. تەواو هار بوو. چاو دێ. ئەوەتا ئەسپەکانی باوکت دەدزێ. ئەوەتا دەیبینی ئاگر لە ماڵی باوکت بەر دەدا.

کە کوڕەکە دیتی ئاگر لە ماڵی باوکی بەردرا. باواوەمۆر ئەم دیمەنەی لەبەر چاو لابرد, پێی گوت تەماشای شوێنێکی تر بکا. گوتی:

- تەماشای مێردی داداوەمۆرت بکە. لەوەتی ساڵێکە لای ژنەکەی نەماوە، لەگەڵ ژنانی تر رادەبوێری. ژنەکەیشی، پاش ئەوەی هەر بەرگری کردو بەرگری کرد، ئاخیری دۆستێکی گرت. ئاوهات لە داداوەمۆرەکەت کرد.

باواوەمۆر ئەم دیمەنەیشی لەبەر چاوی کوڕاوەمۆرەکەی لابرد. ماڵی خۆیانی نیشان دا. کوڕەکە دیتی دایکی بە هۆی گوناهەکانییەوە دەگریو خەفەت دەخواو دەڵێ: خۆزگە ئەوسا ئەو دزە بیکوشتبام، ئەو حەلە ئەو هەموو گوناهانەم نەدەکرد.

- ئاوهات لە دایکت کرد.

باواوەمۆر ئەم دیمەنەیشی لادا. پێی گوت تەماشای خوارەوە بکا. کوڕە دزەکەی بینی. لە بەردەم بەندیخانەدا، دوو پۆلیس دزەکەیان گرتبوو.

باواوەمۆر گوتی:

- ئەو پیاوە نۆ کەسی کوشتووە. دەبێ گوناهەکانی پاك بکاتەوە. ئێستا گوناهەکانی لە ملی تۆیە. بزانە چیت بە خۆت کرد.. من سی(٣٠) ساڵ مۆڵەتت دەدەم. بڕۆ لە ناو خەڵك بژیو گوناهەکانت پاك بکەوە. ئەگەر گوناهەکانت پاك کردەوە، هەردووکتان ئازادن. ئەگەر گوناهەکان پاك نەکەیتەوە، تۆ دەچیتە جێگای ئەو.

کوڕەکە گوتی:

- بەڵام مرۆڤ چون گوناهەکانی پاك دەکاتەوە؟

باواوەمۆر وەڵامی دایەوە:

- لەم دونیایەدا چەندت خراپە کردووە، ئەگەر ئەوەندە خراپە لە ناو ببەی، گوناهی خۆتو گوناهی دزەکە پاك دەبێتەوە.

کوڕەکە پرسی:

باشە، خراپە چۆن لە ناو دەچی؟

باواوەمۆر گوتی:

ـ لە سەر هێڵێکی ڕاست بۆ ئەو لایە بڕۆ کە ڕۆژی لێ هەڵدێ. دەگەیتە زەوییەك. خەڵکانێك لەسەر زەوییەکە دەبینی، تەماشا کە خەڵکەکە چ دەکەنو چی خۆت دەزانی فێری ئەوانی بکە. لەوێ زیاتر بڕۆ. هەر چی بینیت لێی ورد بەرەوە. ڕۆژی چوارەم دەگەیتە لێرێك. پەرستگایەك لە ناو لێڕەکە دەبینی. پیرەمێردێك لە ناو پەرستگاکە دەژی. چیت بە سەرهاتبوو هەمووی بۆ بگێڕەوە. ئەو فێرت دەکا. کە هەرچی پیرەمێرد پێی گوتی، کردت، ئەو حەلە گوناهەکانی خۆتو گوناهەکانی دزەکە پاك دەبنەوە.

باواوەمۆر وای گوتو کوڕاوەمۆری لە کۆشك بردە دەرەوەو دەرگای داخست.

## ۷

کوڕەکە کەوتە ڕێ. دەڕۆیشتو بیری دەکردەوە: (چۆن خراپە لە دونیادا لە ناو ببەم؟) ئایا خراپە بە سوڕگوم کردنو ڕاکێشانو ریشەکێش کردنی ژیانی خەڵك لە ناو دەچی؟ چ بکەم بۆ ئەوەی ئۆباڵی خراپەم نەیەتە سەرو گوناهی خەڵك نەگرمە ئەستۆ؟

کوڕاوەمۆر هەر بیری دەکردەوەو بیری دەکردەوە بۆ ئەوەی بتوانێ بە چارەسەرێك بگا. هەر ڕۆیشت ڕۆیشت. گەیشتە زەوییەك. زەوییەکە گەنمی لێ چاندرا بوو. گەنمەکە دروێنەی هاتبوو. وەرزی دروێنەیش بوو. کوڕەکە دیتی گۆلکێك چووە ناو تەبارەو سەپانان

دیتیان. سواری ئەسپان بوونو بە هەموو لایەکی تەبارەکەدا راوەدوویان نا. کە گۆلکەکە هات بچێتە دەرەوە، سوارێك پەلاماری دا. گۆلکەکە ترساو گەڕایەوە ناو تەبارەکە. جارێکی تر دەریان کرد. ژنە جوتیاری خاوەنی گۆلکەکە لەوێ بوو. دەگریاو دەیگوت:

- گۆلکەکەم بە هیلاك دەدەن.

کوڕەکە بە سەپانەکانی گوت:

- ئێوە بۆچی وا لەو گوێرەکەیە دەگەن؟ بەم جۆرە قەت گوێرەکەکەتان بۆ دەرناکرێ!؟ ئێوە هەمووتان لە ناو دەغڵەکە بڕۆنە دەرەوە. ئەوسا با ژنەکە بانگی گوێرەکەی خۆی بکا.

سەپانەکان بە گوێیان کرد. ژنەکە چووە لای دەغڵەکەو بانگی کرد:-

- تروبسی! تروبسی! بوریۆنوشکا! تروبسی! تروبسی!

گوێرەکەکە گوێی مووت کردەوەو گوێی رادێراو رای کرد بۆ لای ژنەکە. راستەو راست رای کرد بۆ لایەوە. لمووزی لە ژنەکە سوی تا خەریك بوو بەری بداتەوە. جوتیارەکان کەیفخۆش بوون. ژنە جوتیارەکەو کوڕەکەیشی شادو کەیفخۆش `بوون. کوڕەکە لەوێ زیاتر رۆیشتو بیری کردەوە: (ئێستا دەبینم خراپە بە خراپە دوو چەندان دەبێ. خەڵك تا زیاتر راوی خراپە بنێن، زیاتر گەشەی پێ دەدەن. کەواتە نابێ خراپە بە خراپە لە ناو ببەین. ئەی چۆن خراپە لە ناو ببەین؟ نازانم. باش بوو گوێرەکەکە بە قسەی خاوەنەکەی کرد. ئەگەر بە قسەی نەکردبا، چۆن دەیبردەوە؟)

هەر رۆیشت رۆیشت. گەیشتە گوندێك. داوای لە ژنی ماڵێك کرد شەو بیحەوێنێتەوە. ژنەکە رازی بوو. کەس لە ماڵەوە نەبوو. ژنەکە ماڵی پاك دەکردەوە. کوڕەکە چووە ژوورەوە. چووە سەر سەکۆی ئاگردان تەماشای کرد ژنی خاوەن ماڵ چ دەکا. دیتی هەموو کورسیو مێزەکان بە پەڕۆی پیس پاك دەکاتەوە. کە مێزی بە پەڕۆکەکە پاك دەکردەوە، مێزەکە پەڵەی پیسی لە سەر دەنیشت. ئەو پەڵانەی وشك دەکردەوە، پەڵەی تر پەیدا دەبوون و وشکی دەکردنەوە. وازی لە مێزەکە دەهێنا دەچوو کورسی پاك دەکردەوە. هەمان شت بوو. هەموو شتێکی بە پەڕۆی پیس، پیس دەکرد. پەڵەیەکی وشك دەکردەوە، پەڵەیەکی تری پیس دەکرد.

کوڕەکە هەر تەماشای کرد، تەماشای کردو گوتی:

- خانم، ئەوە تۆ چ دەکەی؟

- نازانی؟ بۆ جەژن ماڵ پاك دەکەمەوە! بەڵام بۆم پاك ناکرێتەوە. هەموو شتێ پیسەو من شەکەتم!

- دەبێ یەکەم جار پەڕۆکە بشۆی، ئەوسا بیانسڕیتەوە.

ژنەی خاوەن ماڵ بە قسەی کرد. دوای ئەوە مێزو کورسییەکانی سڕییەوە. هەموو شتێ پاك بووەوە.

سبەینەی رۆژی پاشی، کوڕەکە خاتری لە ژنی خاوەن ماڵ خواستو ملی رێی خۆی گرت. رۆیشت رۆیشت. گەیشتە لێرێك. دیتی

هەندێ جوتیار شەکەت بووین. خەریك بوون پێچکە گالیسکەیەکیان دروست دەکرد. کوڕەکە چووە لایانەوە. دیتی جوتیارەکان دەسووڕانەوە بەڵام پێچکەکە نەدەچەمایەوە. گوتی:

- خوا قەوەتتان بدا!

گوتیان:

- مەسیح دەست بە باڵتەوە بگرێ.

کوڕەکە تەماشای کرد دیتی بریبۆشك (بنکەی چەماندنەوە) لەگەڵ پێچکەکە دەسووڕا چونکە چەسپ نەکرا بوو. گوتی:

- برایان، ئەوە ئێوە چ دەکەن؟

- چاو دێ! ئەو پێچکەیەمان پێ ناچەمێتەوە. دوو جاریش ئاوی کوڵاومان بە سەر دا کردووە. شلۆ شەکەت بووین، دارەکە ناچەمێتەوە.

- دەبێ بریبۆشکەکە بچەسپێنن، برایان، چونکە ئاوها بریبۆشکەکە لەگەڵ ئێوە دەسووڕێ.

جوتیارەکان بە ئامۆژگاری کوڕەکەیان کرد. بریبۆشکەکەیان چەسپاندو ئیشەکەیان بە چاکی ڕۆیشت.

کوڕەکە شەوێك لە لایان مایەوە. ئینجا ملی ڕێی خۆی گرت. ئەو ڕۆژە تا ئێوارێو شەوەکەی تا سبحەینێ ڕۆیشت. گەردوگۆڵی بەیانی گەیشتە هەندێ شوان. لای ئەوان نووست. دیتی ویستیان ئاگر بکەنەوە. چیلکەی وشکیان دێناو ئاگریان تێ بەردەدا. ڕانەدەوەستان تا گڕ دەگرێ. دڕکی تەڕیان دەهاویشتە سەر. دڕکەکە دووکەڵی

دەردەداو فیشکە فیشکی دەکردو ئاگرەکەی دەکوژاندەوە. شوانەکان جارێکی تر چیلکەی وشکیان دەهێناو دەیانسووتاندو دڕکی تەڕیان دەهاویشتە سەر، دیسان ئاگرەکە نەدەبوێ. شوانەکان ماوەیەکی زۆر هەوڵیان دا نەیانتوانی ئاگر بکەنەوە. کوڕەکە پێی گوتن:

- زوو دڕکی ماوێنە سەر. یەکەم جار با ئاگرەکە باش دابگرێ، راوەستن تا گڕ دەگرێ . کە گڕی گرت، ئەوسا دڕکی تری باوێنە سەر.

شوانەکان وایان کرد. لێگەڕان تا ئاگرەگە گڕی گرت. ئینجا دڕکیان هاویشتە سەر. ئاگر کلپەی هات‌و گوڕی لێ هەستا.

کوڕەکە ماوەیەك لـە کنیان مایەوە ، دووبارە کەوتەوە رێ. بیری کردووە بۆچی ئەم سێ شتەی بینی؟ هیچ سەرەدەری لێ نەدەکرد.

## ٩

کوڕەکە هەر رۆیشت، رۆیشت . رۆژ ئاوا بوو گەیشتە لێرێك. لێرەکە پەرستگایەکی لێ بوو. کوڕەکە چووە لای پەرستگاکەو لە دەرگای دا. دەنگێك لـە ژوورەوە گوتی:

- کێیە لـە دەرگا دەدا؟

- گوناهکارێکی گەورەم. دەمەوێ گوناهی خۆم‌و خەڵك پاك بکەمەوە.

پیرەمێرد هاتە دەرەوە. لێی پرسی:

- ئەو گوناهانەی خەڵك چین گرتۆتتە ئەستۆی خۆت؟

کوڕەکە هەموو شتێکی بۆ گێڕایەوە: دەڵە ورچەکەو بێچووەکانی، عەرشی ناو هۆڵی مۆرکراو، ئەو فەرمانەی باواوەمۆری پێی کرد، ئەوەی لە زەوییەکە بینی، ئەو جوتیارانەی راوی گوێرەکەکەیان دەناو دەغڵێیان پان دەکردەوەو چۆن گوێرەکە لە خۆیەوە چووەوە لای ژنەی خاوەنی. ئینجا گوتی:

- تێگەیشتم ئێمە نابێ خراپە بە خراپە لە ناو ببەین. بەڵام نازانم چۆن خراپە لە ناو دەبرێ. تۆ پێم بڵێ چۆن؟

پیرەمێرد گوتی:

- تۆ پێم بڵێ لە رێگادا چیت دی؟

کوڕەکە باسی ژنەی خاوەن ماڵی بۆ کرد چۆن ماڵی پاك دەکردەوە. باسی جوتیارەکانی بۆ کرد چۆن پێچکەکەیان دەچەماندەوە، باسی شوانەکانی بۆ کرد چۆن ئاگریان دەکردەوە.

پیرەمێرد گوێی راگرتبوو. چوەوەوە ناو پەرستگاکەی. تەورێکی بچووکی کۆری هێنا. پێی گوت:

- وەرە!

پیرەمێرد پێش کەوت. چووە گۆڕاییەکی بچووکی بەرامبەر پەرستگا. ئاماژەی بۆ درەختێك کردو گوتی:

- ئەمە ببڕەوە!

کوڕەکە درەختەکەی بڕییەوە. درەختەکە بەربووەوە.

- ئێستا بیکە سێ پارچە!

کوڕەکە درەختە بڕاوەکەی کردە سێ پارچە.

پیرەمێرد چووەوە ناو پەرستگا. ئاگری هێناو گوتی:

- ئەم سێ پارچە دارە بسووتێنە.

کوڕەکە ئاگری کردەوەو سێ پارچەکەی سووتاند. بوون بە سێ کەڵبە رەژوو.

- ئێستا ئەو سێ کەڵبە رەژووە لە زەوی بنێژە. ئاوها!

کوڕەکە سێ کەڵبە رەژووەکەی لە زەوی ناشت..

- ئەو رووبارە دەبینی لە قونتاری چیا؟ بڕۆ سەر ئەو رووبارەو گوپت پڕ ئاو بکەو سێ کەڵبە رەژووەکە بەو ئاوە ئاو بدە. کەڵبەی یەکەم بەو جۆرە ئاو بدە کە ژنە خاوەن ماڵەکەت فێر کرد. ئەم کەڵبە رەژووەیش وەك ئەوە ئاو بدە کە وەستاکانی گالیسکەت فێر کردن. سێیەمیش وەکوو ئەوەی شوانەکانت فێر کرد. کە هەر سێ کەڵبە رەژووەکە رووانو سێ دارسێویان لێ دەرچوو، ئەوسا دەزانی خراپە چۆن لە ناو دەبرێ.

پیرەمێرد وای گوتو گەڕایەوە پەرستگاکەی. کوڕەکە هەر بیری کردەوەو بیری کردەوە، لە قسەکانی پیرەمێرد نەگەیشت. بەڵام دەستی بە جێ بەجێ کردنی قسەکانی کرد.

## ١٠

کوڕەکە چووە سەر رووبارەکە. گوپی خۆی پڕ ئاو کردو بردی کەڵبە رەژووی یەکەمی ئاو دا. هەر چوو و هاتەوە، چوو و هاتەوە.

سەد جار چووە سەر رووبارو گوپە ئاوی هێنا. ئەوسا زەوی دەوری کەڵبە رەژووەکە باش تەڕ بوو. ئەو حەڵە دەستی بە ئاودانی دوو کەڵبە رەژووەکەی تر کرد. کوڕەکە ماندوو بوو، برسی بوو. بۆ خواردن چووە لای پیرەمێرد. دەرگای کردەوە: پیرەمێرد لەسەر کورسی مردبوو.

تەماشای ئەو ناوەی کرد. هەندێ پەلکە نانی دی‌و خواردی. قازمەیەکی هێناو دەستی بە لێدانی گۆڕ کرد بۆ پیرەمێرد. بە شەو، ئاوی دەهێنا بۆ ئاودانی کەڵبە رەژووەکان‌و بە رۆژ گۆڕی بۆ پیرەمێرد لێدەدا. خەڵك لە گوند هاتن، نانیان بۆ پیرەمێرد هێنا. زانیان پیرەمێرد دوای ئەوەی کوڕاوەمۆری پیرۆز کردووە، کۆچی دوایی کردووە. یارمەتی کوڕەکەیان دا بۆ ناشتنی پیرەمێردو نانیان بۆ بەجێ هێشت‌و بەڵێنیان دا زیاتری نان بۆ بێنن‌و رۆیشتن.

کوڕەکە لە جێگای پیرەمێرد مایەوە. لەوێ دەژیا. بەو خواردنە دەژیا کە خەڵك بۆیان دەهێنا. لە جێ بە جێ کردنی وەسیەتەکانی پیرەمێرد بەردەوام بوو. ئاوی لە رووبار دەهێناو سێ کەڵبە رەژووەکەی ئاو دەدا. کوڕەکە ساڵێك بەم شێوەیە ژیا. زۆر کەس زیارەتیان دەکرد. دەنگ بڵاو بووەوە کە پیرێك لە ناو لێڕ هەیە خەریکی خۆ رزگار کردنەو بە گوپ هەندێ پارچەداری سووتاو ئاو دەدا. زیارەتیان دەکردو راوێژیان پێدەکرد. بازرگانی دەوڵەمەندیش دەهاتنە لای‌و دیارییان بۆ دەهێنا. کوڕەکە لە پێویستی خۆی زیاتر هیچی

ڕەرنەدەگرت. هەرچی خەڵك دەیاندایێ بەسەر هەژارانیدا دابەش دەکرد.

کوڕەکە کاتی خۆی بە فیڕۆ نەدەدا: دانێك بە گوپ ئاوی دەهێناو کەڵبە ڕەژووەکانی ئاو دەدا، دانەکەی تر، پشووی دەداو پێشوازی میوانانی دەکرد. بڕوای هێنا دەبێ بەو جۆرە بژیو بەم جۆرە دەتوانێ خراپە لە ناو بباو گوناه پاك بکاتەوە.

ساڵی دووەمیش بەم جۆرە ژیا. ڕۆژ نەبوو کەڵبە ڕوژووەکان ئاو نەدا. لەگەڵ ئەوەشدا، هیچیان لێ نەڕوا. ڕۆژێکیان، لە پەرستگاکەی بوو. گوێی لێ بوو سوارێك بەوێدا تێپەڕی گۆرانی دەگوت. کوڕە چووە دەرەوە بۆ ئەوەی بزانێ ئەو پیاوە کێیە؟ گەنجێکی بەوەجو ڕۆشتەو پەرداخی بینی. ئەسپەکەی جوان بوو، زینی ئەسپەکەیشی هەر جوان بوو. کوڕەکە کابرای ڕاگرتو لێی پرسی کێیە؟و دەچێتە کوێ؟

کابرا ڕاوەستاو گوتی:

- من ڕێگرم. بە ڕێگایاندا دەسووڕێمەوەو خەڵك دەکوژم. تا زیاتر خەڵك بکوژم، گۆرانییەکانم خۆشتر دەبن.

کوڕەکە زراوی چوو. بیری کردەوە: (چۆن خراپە لەو پیاوە دەر بکا؟ ئاسانە داوا لەوانە بکەم کە دێنە لام بۆ ئەوەی تۆبە بکەن, بەڵام ئەمە شانازی بە گوناهەکانی دەکا.)

کوڕەکە ویستی بڕوا بەڵام بیری کردەوە: (چ بکەم؟ ئەم دزە ڕێی بێرەدایە. خەڵك دەتۆقێنێ. ئیدی خەڵك چیدی نایەنە زیارەتی منو منیش ناتوانم سوودیان پێ بگەیەنمو خۆیشم ناتوانم بژیم.)

بە ڕێگرەکەی گوت:

– گوناهکاران دێنە لام، نەك بۆ ئەوەی شانازی بە گوناهەکانیان بکەن، بەڵکو بۆ ئەوەی تۆبە بکەنو خۆیان پاك بکەنەوە. تۆیش ئەگەر لە خوا دەترسی، بۆ خۆت تۆبە بکە!. ئەگەر ناشتهەوێ تۆبە بکەی، بڕۆ جارێکی تر نەیەیتەوە ئێرە. ژیانم لێ تێك مەدەو زراوی میوانەکانیشم مەبە!!

ڕێگرەکە دەستی بە پێکەنین کردو گوتی:

– من لە خوا ناترسمو گوێڕایەڵی تۆ نابم. تۆ ئاغای من نیت. تۆ نانی خواپەرستی دەخۆیتو من نانی ڕێگریی. هەر کەسە نانی شتێك دەخوا. بڕۆ ئەمە بەو ژنانە بڵێ کە دێنە سەردانت. من پێویستم بە فێرکران نییە. مادەم خوات بە بیر هێنامەوە، سبەی دوو کەس زیاتر دەکوژم. ئێستا دەرحاڵ دەمکوشتی، بەڵام نامەوێ دەستم پیس بکەم. لێرە بە دواوە نەیەیتە بەرابیم!

دوای ئەوەی ڕێگرەکە ئەم هەڕەشەیەی کرد، ڕۆیشت.

کوڕەکە لەو کاتەوە، ترسی ڕێگرەکەی گەیشتێ. بەڵام ڕێگرەکە دوای ئەوە بەوێدا نەهاتەوە. کوڕەکە بە ئارخەیانی ژیا.

## ١١

کوڕەکە هەشتساڵی بەم جۆرە بردە سەر. وردە وردە بێزار بوو.. شەوێکیان کەڵبە ڕەژووەکانی ئاوداو گەڕایەوە پەرستگاکەی. نانی خواردو چاوی بڕییە ئەو ڕێگایەی خەڵك لێیەوە دەهاتن. ئەو ڕۆژە، کەس نەهات. کوڕەکە تا ئێواری بە تەنیا دانیشتو بیری لە ژیانی خۆی کردەوە. بیری کەوتەوە چۆن ڕێگرەکە سەرزەنشتی کرد چونکە نانی خواپەرستی دەخواو لەبەر ئەوەی خوای بە بیر هێنایەوە، هەڕەشەی کرد دوو کەس زیاتر بکوژێ. کوڕەکە هەروا بیری دەگێڕاو ژیانی رابردووی خۆی لە مێشکی دەور دەکردەوە.

بیری کردەوە: (پیرەمێرد پێی نەگوتم بەم جۆرە بژیم. پیرەمێرد نهێنی تۆبەی پێ بەخشیم. ئەوەتا نانو شکۆی پێ پەیدا دەکەم. ئەمەم زۆر پێ خۆشە. تەنانەت کە خەڵکم نایەتە لا بێزار دەبم. خۆ ئەگەر خەڵك بێن؟، هەوەسم تەنیا بەوە دێ کە بە قداسم هەڵدەدەن. من نابێ بەم جۆرە بژیم. ڕێ بدەم ڕۆحم بە پێدا هەڵدان سەرخۆش ببێ. گوناهەکانی پێشووم پاك نەکردۆتەوە. گوناهی ترم بۆ خۆم زیاد کردووە. دەچمە لێڕ، دەچمە جێگایەك، کەس نەمبینێ. بە تەنیا دەژیمو گوناهە کۆنەکانم پاك دەکەمەوەو خۆم ناخەمە ژێر گوناهی تازە.)

کوڕاوەمۆر بەم جۆرە بیری کردەوە. توێشەبەرەیەکی بچووکی ورتکە نانو قازمەیەکی بردو لە پەرستگاکە ڕۆیشت بۆ ئەوەی خەلۆوەیەك بۆ خۆی لە شوێنێکی قاقڕ هەڵکەنێ.

کوڕەکە توێشەبەرەو قازمەی هەڵگرت و ڕۆیشت. گەیشتە ڕێگرەکە. کوڕەکە ترسا، ویستی بڕوا. بەڵام ڕێگرەکە خۆی گەیاندێ و گوتی:

- دەچیتە کوێ؟

کوڕەکە باسی پڕۆژەی خۆی بۆ کرد.

ڕێگرەکە واقی وڕماو گوتی:

- باشە، لەمەودوا، کە خەڵك پێیان لێ بڕیت، بە چی دەژی؟

کوڕەکە پێشتر بیری لەمە نەکردبووەوە. بەڵام کە ڕێگرەکە ئەم پرسیارەی کرد، بیری کردەوە:

- بەوەی خوا بۆم دەنێرێ.

ڕێگرەکە وەڵامی نەدایەوەو ڕۆیشت.

کوڕە بیری کردەوە. (بۆچی شتێکم لە بارەی جۆری ژیانی خۆیەوە پێ نەگوت؟ نەرمو حەلیمتر دیارە. هەڕەشەی کوشتنم لێ ناکا.)

کوڕەکە لە دوورەوە هاواری ڕێگرەکەی کرد: لەگەڵ ئەوەشدا، لەسەرتە تۆبە بکەی. قەت لە سزای خوا دەرباز نابی.

ڕێگرەکە بایدایەوەو بە سواری ئەسپ گەڕایەوە. خەنجەری لەبەر زوونناری هەڵکێشاو لە سەر سەری کوڕەکەی ڕاگرت. کوڕەکە ترساو دەرپەڕی، خۆی لە ناو لێڕ کوتا.

ڕێگرەکە نەکەوتە دوایەوە، هەر ئەوەندە بوو گوتی:

- ئەوە دوو جارە دەتبوورم. لەمەودوا ڕێم لێ نەگری. جاری سێیەم دەتکوژم.

ئەمەی گوت و ڕۆیشت.

کوڕەکە لە جێگایەکی تر دامەزرا. ئێوارێ چوو کەلبە ڕەژووەکانی ئاو دا. دیتی یەکێکیان ڕواوە. بۆتە دارسێو سێوێکی داوە.

١٣

خەڵکەکە لە کوڕەکە تەکانەوە. کوڕەکە بە تەنیا دەژیا. نانی نەما. بیری کردەوە: (باشە! ڕەگی ڕووەك پەیدا دەکەم.)

کاتێ چوو لە ڕەگی ڕووەك بگەڕێ. توێشەبەرەیەکی بچووکی لەسەر چلەدارێك بینی نانی تێدا بوو. کوڕەکە نانەکەی هێناو خواردی. کە ئەو نانە تەواو بوو، توێشەبەرەیەکی بچووکی تری لە سەر هەمان چلەدار بینی.

بەم جۆرە کوڕەکە دە ساڵی تر بە ئارخەیانی ژیا. دارسێوێك ڕوا بەڵام دوو کەڵبە ڕەژووەکەی تر وەکوو خۆیان، هەر بە ڕەژوو مانەوە. ڕۆژێکیان، کوڕە زوو لە خەو ڕابوو. چووە سەر ڕووبار. گۆیی پڕ ئاو کردو ڕەژووەکانی ئاو دا. جارێکی تر هاتەوە، سەد جاری تر هاتەوەو زەوی دەوری ڕەژووەکانی ئاو دا. ماندوو بوو. دانیشت بۆ ئەوەی پشوو بدا. دانیشتبوو پشووی دەدا، گوێی لێ بوو ڕێگرەکە تێپەڕی. کفری دەکرد.

کوڕەکە گوێی لێ بوو. بیری کردەوە: (دەبێ خۆم لە پشت ئەو درەختە بشارمەوە ئەگەرنا، لە خوت‌و خۆڕایی دەمکوژێ‌و ناتوانم گوناهەکانم پاك بکەمەوە.)

که چووه پشت دره‌خته‌که بیری کرده‌وه: (تووشی هه‌ر چاکه‌یه‌ك، یان خراپه‌یه‌ك ببم، له خواوه‌یه! ده‌توانم له کێ خۆم له خوا بشارمه‌وه.)

کوڕه‌که له پشت دره‌خته‌که هاته ده‌ره‌وه‌و خۆی نه‌شارده‌وه. ڕێگره‌که‌ی دی ڕۆیشت. کابرایه‌کی ده‌ست به‌سراوه‌ی له پاشکۆی خۆی سوار کردبوو. ده‌می به‌سرا بوو. کابرا ده‌ینالاندو ڕێگره‌که کفری ده‌کرد. کوڕه‌که چووه لای ڕێگره‌که‌و له‌به‌ر ده‌م ئه‌سپه‌که‌ی وه‌ستا.

ڕێگره‌که گوتی:

- ئه‌وه هه‌ر ماوی؟ دیاره ئاره‌زووی مردن ده‌که‌ی؟

کوڕه‌که گوتی:

- ئه‌م پیاوه بۆ کوێ ده‌به‌ی؟

- ده‌یبه‌مه لێڕ. کوڕه بازرگانه. پێم نالێ باوکی پاره‌ی له کوێ شاردۆته‌وه. ئه‌شکه‌نجه‌ی ده‌ده‌م تا پێم ده‌ڵێ.

ڕێگره‌که ویستی بڕوا. کوڕه‌که جله‌وی ئه‌سپه‌که‌ی گرت‌و به‌ری نه‌دا. داوای لێ کرد کوڕه بازرگانه‌که به‌ر بدا. ڕێگره‌که عه‌نری. ده‌ستی لێ قیت کرده‌وه‌و گوتی:

- جله‌وی ئه‌سپه‌که‌م به‌رده! ئه‌گه‌ر نا خوێنی خۆت له سه‌ری خۆت! به پێڕیی تۆ ته‌فره ناخۆم.

کوڕه‌که نه‌ترسا گوتی:

من لێت ناترسم! من لە خوا نەبێ لە کەس ناترسم. خوایش ڕێم نادا بەرت بدەم بڕۆی. جلەوی ئەسپت بەر نادەم.

ڕێگرەکە بڕۆی هێنایەوە یەك. خەنجەری هەڵکێشاو پەتەکەی پچڕاندو کوڕی بازرگانەکەی بەرەڵا کردو گوتی:

- هەردووکتان بڕۆنو جارێکی تر نەیەنەوە سەر ڕێم!

کوڕە بازرگانەکە بازی هەڵداو هەڵات. ڕێگرەکە ویستی بڕوا بەڵام کوڕاوەمۆر ڕایگرتو داوای لێ کرد واز لە ژیانی گەندەڵیی بێنێ. ڕێگرەکە هیچ جوولەی نەکرد. گوێی دایە هەموو ئەو شتانەی پێی گوت. هیچ وەڵامی نەدایەوەو ڕۆیشت.

سبەینەی ڕۆژی پاشی، کوڕاوەمۆر چوو دوو کەڵبە ڕەژووەکە ئاو بدا، دیتی یەکێ لە کەڵبە ڕەژووەکان ڕوواوە: سێوێکیشی داوە.

## ١٣

دە ساڵی تر تێپەڕی. ڕۆژێکیان ، کوڕەکە دانیشتبوو. بژی هیچی نەدەکردو لە هیچ نەدەترساو شایی لە دڵدا دەگەڕا. بیری کردەوە لە دڵی خۆیدا گوتی: (ئەو خۆشییەی خەڵك هەیانە شتێکی چەند گەورەیە!!..خەڵك بە لاش یەکتر ئەشکەنجە دەدەن...پێویستە بژین، لە پێناوی خۆشیدا بژین.)

خراپەی بنیادەمی هاتەوە بیر. ئای چەند یەکتر ئەشکەنجە دەدەن چونکە خوا ناناسن!! بۆیان گریا. بیری کردەوە: (من کاتی خۆم بێ

هوروده به فیڕۆ دەدەم. دەبێ بچمە ناو خەڵك، ئەوەی دەیزانم فێری ئەوانیشی بکەم.)

کاتێ بیری لەوە دەکردەوە. گوێی لێ بوو ڕێگرەکە هات. لێی گەڕا بڕوا. لە دڵی خۆیدا گوتی: (هیچم نییە فێری ئەم پیاوەی بکەم. ئەمە لە هیچ ناگا. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ قسەی لەگەڵ بکەم. ئەویش مرۆڤە!)

ئەم بیرەی کردەوەو چوو چاوی پێبکەوی. هێمانێ ڕێگرەکەی بینی، بەزەیی پێدا هاتەوە. ڕای کرد بۆ لایەوەو جلەوی ئەسپەکەی گرت. ڕایگرت‌و گوتی:

- برای ئازیز، بەزەییت بە خۆتدا بێتەوە! ڕۆحی خوات تێدایە! تۆ ئازاری خۆت‌و ئازاری خەڵك دەدەی. لەمەیش زیاتر ئازار دەخۆی! خوا زۆری خۆش دەوێی. خوا زۆر خۆشیی گەورەی بۆ داناوی!! مەبە بە میرغەزەبی ڕۆحی خۆت. ژیانی خۆت بگۆڕە.)

ڕێگرەکە ڕووی تێکچوو. پێی گوت:

- جلەوی ئەسپەکەم بەردە!

کوڕەکە بەری نەدا. ڕۆندك لە چاوەکانی سەری کرد. گریاو گوتی:

- برا، ڕوحم پێ بکە!

ڕێگرەکە چاوی بۆ کوڕەکە هەڵبڕی. هەر تەماشای کرد، تەماشای کرد. لە ئەسپەکەی دابەزی. لەبەر دەم کوڕەکەدا چووە سەر چۆك‌و دەستی بە گریان کرد. گوتی:

- بۆڕت دام! ئەی پیر!! بیست ساڵ بەرگریم کرد، ئاخیری تۆ سەرکەوتی. من ئێستا ئاغای رۆحی خۆم نیم. چیم لێ دەکەی، لێم بکە!. کە یەکەم جار لێم پاڕایتەوە، خراپتر بووم. تا نەمدی تۆ خۆت وازت لە دونیا هێناوە، بیرم لە قسەکانت نەکردەوە. لەو کاتەوە، نانم بۆ بە لقی درەختەوە دەکردی.

کوڕەکە ژنەکەی بیر کەوتەوە کە تا پەڕۆکەکەی نەشووشت، مێزەکەی پێ پاك نەکرایەوە. ئەویش کە وازی لە خەمی خۆی هێنا، کە دڵی خۆی پاك کردەوە، ئەوسا توانی دڵی خەڵك پاك بکاتەوە.

ڕێگرەکە گوتی:

- تا تۆ بێ ئەوەی لە مردن بترسی، بۆ کوڕە بازرگانەکە نەپاڕایتەوە، من دڵم پاك نەبووەوە.

هەروەها کوڕەکە بیری کەوتەوە کە وەستاکانی گالیسکە تا بریپۆشکیان نەچەسپاند، پێچکەکەیان پێ نەچەمایەوە. ترسی مردنی نەماو ژیانی خۆی دەقەبەر خوا کردو دڵی گوناهکاریی هاتە رابێ.

ڕێگرەکە گوتی:

- تا بەزەییت پێمدا نەهاتەوەو بۆم نەگریای، دڵم نەرم نەبوو.

کوڕەکە شاد بوو. ڕێگرەکەی بردە ئەو شوێنەی دوو دارسێوەکەو کەڵبە رەژووی سێیەمی لێ بوو. نزیك کەوتنەوە. کەڵبە رەژووەکە بە رەژوو نەما بوو. دارسێوێکی سێیەمی لە جێگا روا بوو.

کوڕەکە بە بیری هاتەوە، کە تا ئاگرێکی گەورەیان نەکردەوە، دارە تەڕەکە ئاگری نەگرت. ئەویش دڵی گڕی گرتو ئاگری لە دڵێکی تر بەردا.

کوڕاوەمۆر شادو گوشاد بوو کە ئێستا لە هەموو گوناهەکان پاك بووەوە.

ئەمەی هەموو بە ڕێگرەکە گوتو مرد. ڕێگرەکە ناشتیو کوڕەکە چۆنی پێگوتبوو بەو جۆرە ژیا. ئەویش بە دەوری خۆیەوە دەستی بە فێر کردنی خەڵك کرد.

# مالاشاو ئاکولینا

## (١٨٨٥)

ئەو ساڵە، حەفتەی ئازار لە وادەی ئاسایی خۆی زووتر هات. خەڵك هێشتا بە تاخورك سەفەریان دەکردو حەوشەکان هێشتا لە بەفر سپی دەچوونەوەو جوگای هەستاو بە ناو زەوییەکاندا شۆڕ دەبوونەوە.

رۆژی جەژن، دوو کچۆڵەی دوو ماڵی بەرامبەر یەك لە دەم گۆمێك گەیشتنە یەك کە لە چەقی رێگاو لە بەینی دوو حەوشە کۆبووبووەوە.: یەکێکیان کەنیلەیەکی بچکۆڵە بوو، ئەوەی تر نەختێ فەراژیتر بوو. هەر یەکە دەسرۆکێکی لە سەر بەستبوو، کراسێکی تازەی لەبەر بوو. کراسی کچە بچووکەکە شین بوو، کراسی کچە گەورەکە زەرد بوو، وێنەی لەسەر بوو.

کە گەیشتنە سەر لێوی گۆمەکە، هەر یەکە کراسە نوێکەی پێشانی ئەوەی تر داو دەستیان بە یاری کرد. گوتیان:

- با یاری ئاوپرژان بکەین!

بچووکەکە خۆی خۆش کرد بە پێڵاوەوە بچێتە ناو ئاو، گەورەکە پێی گوت:

- (مالاشا)، ئەگەر بە پێڵاوەوە بە ناو ئاو بکەوی، دایکت لێت دەدا. وەکوو من بکە، پێڵاوت لە پێ کەوە.

دوو کچەکە پێڵاویان لە پێ کردەوەو دامێنی کراسیان هەڵکردو بە ناو گۆمە ئاوەکە کەوتنو لە ناوەڕاستی گۆمەکە گەیشتنە یەك.

کە (مالاشا) هەستی کرد ئاو گەیشتە گۆزینگی، گوتی:

- ئۆی ئاوەکە چەند قووڵە!! (ئاکولینا)، من دەترسم!

(ئاکولینا) وەڵامی دایەوە:

- خەمت نەبێ. ئاوەکە لە هیچ شوێنێکی گۆمەکە، لەوەندە قووڵتر نییە. یەکەو راست بۆ من وەرە!

کە گەیشتنە یەك، (ئاکولینا) گوتی:

- وریا بە! تەڕم نەکەی. بە هێدی بڕۆ!

بەڵام هەر هێندە قسەکەی کرد، (مالاشا) لە پڕ پێی لە ئاو هەڵداو کراسی (ئاکولینا)ی بە پڕووشکە ئاو تەڕ کرد.

ئاو پڕژاو هەموو کراسی (ئاکولینا) تەڕ بوو تەنانەت هەندێ پشکە ئاوی بە چاوو لووت کەوت. (ئاکۆلینا)، کە دیتی کراسەکەی تەڕ بوو، تووڕە بوو. لە (مالاشا) بەربوو، جوێنی پێدا. کەوتە دوایەوە ویستی لێی بدا.

(مالاشا) لە ناو گۆم دەرپەڕییە دەرێ. ترساو لە خۆی تەریق بووەوەو رایکرد بۆ ماڵەوە.

دایکی (ئاکولینا) هات. کە کراسو بەروانکەی (ئاکۆبینا)ی بینی، لێی پرسی:

- ئەوە بۆچی جلکی خۆت وا پیس کرووە، هیچو پووچ!!

- (مالاشا) بە ئەنقەس ئاوی لێ پڕژاندم.

دایکی (ئاکولینا)، (مالاش)ای گرت و لێی دا. (مالاشا) گریا. دایکی، گوێی لە گریانی بوو، بە پەلەپرووزێ هات.

- ئەوە بۆ لە کچی من دەدەی؟

لەم، قسەیەکو لەو، قسەیەك، وەرگەڕانە یەك. جوتیارەکان لە ماڵەوە هاتنە دەرێ. لە دەم گۆمەکە ئاپۆرەیان دا. بوو بە هاتو هاوار. هەر کەسە قسەی دەکردو گوێی لە کەس نەدەگرت. بوو بە جوێندان. لە زگ بوو بە مشت وەرگەڕێنە یەك، بەڵام لەو کاتەدا، پیرەژنێك هاتە دەرێ، داپیری (ئاکولینا) بوو. بە زمانی ئەقڵ قسەی لەگەڵ جوتیارەکان کرد. پێی گوتن:

- برادەرینە، ئەوە ئێوە چ دەکەن؟! لە ڕۆژی جەژنێکی ئاوهایش!! پێویستە کەیف بکەن، نەك لە یەك بدەن!

بەڵام جوتیارەکان، کە خەریك بوو لەبەر پاڵەپەستۆ پیرەژن بەربدەنەوە، هیچ گوێیان بە قسەکەی نەدا. ئەگەر (ئاکولینا)و (مالاشا) نەبوونایە، لێکیان دەدا. کاتێ کە دوو ژنە دراوسێکە جوێنیان بە یەك دەدا. (ئاکولینا) کراسەکەی وشك کردەوەو گەڕایەوە بۆ سەر گۆمەکە. دەستی دایە بەردێکی بچووکو زەوی هەڵکۆڵیو دەراوێکی لە گۆمەکە کردەوە بۆ ئەوەی ئاوی لەبەر بڕوا بۆ سەر ڕێگا. (مالاشا)یش لە لای خۆیەوە هاتە پێش. دەستی دایە دارێكو یارمەتی (ئاکولینا)ی دا بۆ لێدانی جۆگاکە.

کە جوتیارەکان بە مشت وەرگەڕانە یەك، ئاو لە گۆمەکەوە سەری کرد بۆ سەر ڕێگاو جۆگە بچووکەکە پڕ ئاو بو، گەیشتە ئەو شوێنەی

پیرەژن هەوڵی دەدا شەڕکەرەکان لە یەك بکاتەوە. دوو کچەکە لەم لاو لەولای جۆگە بچووکەکە رایان دەکردو پێدەکەنین.

- (مالاشا)، ئاوەکە پێشمان کەوت، با بیگەینێ!

(مالاشا) ویستی وەڵامی (ئاکولینا) بداتەوە. بەڵام ئەوەندە شاد بوو، قسەی بۆ نەکرا. هەردووکیان خێراتر رۆیشتن. غاریان دەداو بە نقووم بوونی دارەکە لەناو جۆگا، پێدەکەنین. گەیشتنە ناو ئاپۆرەی جوتیارەکان.

داپیرەی بە ساڵاچوو دوو کچەکەی بینی، جوتیارەکانی لێ ئاگادار کردنەوەو گوتی:

- جوتیارینە، ئێوە قەت لە خوا ناترسن؟! بە وای ئەو دوو کەنیلەیە بە شەڕ دێن. تەماشا بکەن، ئەوا شەڕیان لە بیر کردووە. زۆر بە تەباو تفاقی دەستیان بە یاری کردۆتەوە. ئەوان ئەقڵیان لە ئەقڵی ئێوە گەورەترە.

جوتیارەکان سەریان بۆ لای کەنیلەکان وەرسووڕاند. لە خۆیان تەریق بوونەوە. تێر گاڵتەیان بە یەکتر کردو هەموو گەڕانەوە ماڵی خۆیان.

(ئەگەر وەکوو منداڵ نەبن، قەت ناچنە ناو مەلەکووتی ئاسمانان!)

(٦)

# خۆشەویستی لەکوێ بێ، خوا لەوێیە

## (١٨٨٥)

پینەدۆزێك لەو شارە دەژیا. ناوی (مارتان ئەفدییێچ) بوو. ماڵەکەی لە ژوورێکی بچووکی ژێرزەمینێك بوو. تەنیا یەك پەنجەرەی تێدا بوو بەسەر جادەیدا دەڕوانی. ڕێدارەکانی لێ دیار بوو. ئەگەرچی تەنیا قاچیان دیار بوو. بەڵام (مارتان ئەفدییێچ) بە پیلاوەکان دەیناسین. (مارتان ئەفدییێچ)، ماوەیەکی زۆر بوو لەوێ دەژیا. زۆر کەسی دەناسی. بە دەگمەن پێڵاو هەبوو یەك دوو جار بە بەر دەستیدا، تێنەپەڕیبێ بۆ ئەوەی چاکی بکاتەوە: هەندێك بۆ لێنانەوەی بنو هەندێك بۆ پینە کردنو هەندێك بۆ دروونەوە، یا تازە کردنەوەی ساقی پێڵاوەکە .بە زۆری لەبەر پەنجەرە کاری دەکرد. هیچ کاتێ بێ ئیش نەبوو چونکە کارەکەی پوختە بوو، کەرەستەکەی باش بوو، نرخی هەرزان بوو، وادەی لە جێی خۆی بوو، ئەگەر بیتوانیایە ئیشێك لە کاتی خۆی تەواو بکا، وەری دەگرت، ئەگەرنا، کەسی تەفرە نەدەدا. پیشەکی وای دەگوت. بۆیە هەموو عالەم دەیانناسیو کاری وەکوو باران بە سەردا دەباری. جگە لەوەیش، (ئەفدییێچ) هەر خۆی پیاوێکی چاك بوو بەڵام کە کەوتە ناو ساڵانەوە، زیاتر بیری لە لایەنی ڕۆحی خۆی دەکردەوەو سوورتر بوو کە خۆی لە خوا نزیك

بکاتەوە. (مارتان)، کاتێ ژنەکەی عەمری خوای کرد، خزمەتی خەڵکی دەکرد. مایەوە خۆیو منداڵێکی سێ ساڵی. (مارتان)، منداڵەکەی لە کن نەدەژیا. بڕیاری دا منداڵە بچووکەکەی بە خوشکی بسپێری کە ماڵی لە لادێ بوو. بەڵام ئەمەی بێ ناخۆش بوو. لە دڵی خۆیدا دەیگوت: (کابیتۆشکا)ی بچکۆڵە بە کوێرەوەریی لای بێگانان دەژی. وام بێ باشە لای خۆم بێ.) (مارتان) خاوەن کارەکەی جێ هێشت. خانوویەکی بە کرێ گرتو خۆیو منداڵەکەی تێیدا دەژیان. بەڵام خوا وای نەکرد بە منداڵەکانی بەختەوەر نەبێ. کە بچووکەکە گەورە بوو و دەستی بە یارمەتیدانی باوکی کردو بوو بە مایەی شادی بۆ باوکی، نەخۆشی چنگی لێ گیر کردو کەوتە ناوجێ. هەشت رۆژ (تا)ی لێ بوو. ئاخیری مرد.

(مارتان)، کە منداڵەکەی شاردەوە، نائومێدی پشتی لێ سەند. زۆر دەگریا، تا وای لێ هات کەوتە پرتەو بۆڵە بەرامبەر بە خوا. لەبەر بێزاری داهێزرا. زۆر جار لە خوا دەپاڕایەوە بۆ خۆی بباتەوە. سەرزەنشتی خوای دەکرد کە منداڵە تاقانەو خۆشەویستەکەی بردو ئەمی نەبردەوە. (ئەفدییێچ) وازی لە هاتو چۆ کردنی کلێسە هێنا. هەمان رۆژ، پیرەمێردێکی کورتە باڵای گوندی خۆیان هاتە لایەوە. لە دێری سییانە دەهاتەوە. لە تەمەنی دوازدە ساڵییەوە بە دونیادا دەگەڕا. (مارتان ئەفدییێچ) قسەی بۆ کردو گلەیی لە کوێرەوەریی خۆی کردو گوتی:

- ئەی پیر، هیچ تاقەتی ژیانم نەماوە. خۆزگە بمتوانیایە بۆ خۆم بمرم! هەر ئەوەندەمان لە خوا دەوێ. من پیاوێکم هیچ ئومێدم نەماوە.

پیرەمێردی کورتە بالاّ گوتی:

باش نییە قسەی وا دەکەی! (مارتان)! ئێمە هەقمان نییە حوکم لەسەر کاری خوا بکەین. ئەوەندە زیرەك نین شتی وا بکەین. خوا خۆی بڕیار دەدا. خوا بڕیاری داوە منداڵەکەت بمریو تۆ بمێنی! چاك بوو کە ئیش وا هات. ئەو نائومێدییەی هەستی پێ دەکەی لەوە هاتووە تۆ دەتەوێ بە کەیفی خۆت بژی.

(مارتان) پرسی:

- باشە، ئەدی ژیان بۆچییە؟

پیرەمێردی کورتە بالاّ وەڵامی دایەوە:

- (مارتان)، تۆ پێویستە بۆ خوا بژی. خوا ژیانی پێ بەخشیویو تۆ دەبێ بۆ ئەو بژی! کە دەژی غەم بۆ هیچ شتێ ناخۆیو هەموو شتێکت بە لاوە ئاسان دەبێ.

(مارتان)، دوای کەمێ بێدەنگی، پرسی:

- بەڵام چۆن بۆ خوا بژین؟

پیرەمێردی کورتە بالاّ وەڵامی دایەوە:

- چۆن بۆ خوا بژین؟ مەسیح ئەمەی فێر کردووین. ئایا تۆ خوێندەواریت هەیە؟ بڕۆ ئینجیل بکڕەو بیخوێنەوە. فێرت دەکا چۆن بۆ خوا بژی. هەموو شتێکی تێدا روون کراوەتەوە.

ئەم قسەیە کاری لە دڵی (ئەفدییێچ) کرد. هەر ئەو ڕۆژە چوو پەیمانێکی نوێی کڕی بە پیتی گەورە نووسرابوو، دەستی بە خوێندنەوە کرد. نیازی وا بوو تەنیا ڕۆژانی یەك شەممە ئینجیل بخوێنێ بەڵام کە دەستی بە خوێندنەوە کرد، دڵی پێ کرایەوە. هەموو ڕۆژێ دەیخوێند. لەوساوە، هەندێ جار وا دەبوو تا چرا نەفتی تەواو دەبوو، هەر دەیخوێند. لەگەڵ ئەوەشدا، نەیدەتوانی واز لە کتێبەکە بێنێ. هەموو ئێواران ئەمە کاری بوو. تا زیاتری دەخوێند، ڕوونتر تێدەگەیشت خوا چی لێ دەوێ‌و بە دەم هەنسك‌و نزگرەوە دەخەوت. هەمیشە بیری لە (کابیتۆشکا) دەکردەوە. بەڵام ئێستا هەر ئەوەندەی دەگوت: (هەر شکۆدار بی! هەر شکۆدار بی! ئەی خودان! چۆنت ئیرادە لە سەرە، با وابێ.)

- لەو ڕۆژەوە ژیانی (ئەفدییێچ) بە تەواوی گۆڕا. جاران وا دەبوو بۆ کات بە سەر بردن دەچووە مەیخانەو چای دەخواردەوە. بەڵێ لاری نەبوو قومە شەرابێکیش بخواتەوە. لە مەیخانەدا هەندێ برادەری خۆی دەبینی. نەختێ بە سەرخۆشی لە مەیخانە دەهاتنە دەرەوە، بێ ئەوەی تەواو سەرخۆش بێ. بە پەرۆشەوە بوو هەر بۆ زمان تیژ کردنەوە قسە لەگەڵ ڕێدارێك، بکا، یان پرسیاری لێ بکا. بەڵام ئێستا ئەمەی هیچ نەماوە. دەڵێی جادووی لێکراوە. ئێستا ژیانی شادو هێمنە. لە بەیانییەوە دەکەوێتە سەر کار. کارەکەی تەواو دەکاو دەچێ چرا دێنێتە خوارێ. لەسەر مێزی دادەنێ. کتێبەکەی سەر ڕەفکە دێنێتە خوارەوەو دەست بە خوێندنەوە دەکا. تا زیاتر دەخوێنێتەوە، باشتر

تێی دەگاو دڵی پڕ شادیو ڕووناکی دەبێ. جارێکیان وا ڕێکەوت تا درەنگ خوێندبییەوە. ئینجیلی لۆقای دەخوێندەوە. لە سوورەتی شەشەم بوو. گەیشتە ئەو ئایەتەی دەڵێ: (ئەوەی لە بنا گوێی ڕاستەی دای، بناگوێی چەپەیشی بۆ ڕاگرە. ئەوەی کەوای لێ سەندی، لێگەڕێ کراسیشت ببا. هەرکەسێ داوای هەرچی لێکردی، بیدەرێ، ئەوەی شتێکی تۆی برد، داوای لێ مەکەوە. دەتانەوێ خەڵك لەگەڵ ئێوە چۆن بن، ئێوەیش لەگەڵ خەڵك وا بن!.)

دوای ئەوە ئەو ئایەتانەی خوێندەوە کە گەورەمان دەڵێ: (بۆچی پێم دەڵێن گەورە، ئەی گەورە!؟ کەچی بە قسەم ناکەن. هەر کەسێ بێتە لام‌و گوێی لە قسەم بێ‌و بە قسەم بکا، پێتان دەڵێم لە چی دەکا؟ لە مرۆڤێك دەکا خانوویەك دروست بکا. بناغەی قووڵ لێداو بە بەرد دەری بێنێ، کە ڕووبار هەڵدەستێ و دەبێ بە لافاو. لافاو لە خانووەکە دەدا بەڵام ناتوانێ بیبزوێنێ چونکە بناغەی لە سەر بەرد دارژاوە. بەڵام ئەوەی گوێی لە قسەم دەبێ‌و بە قسەم ناکا، لە مرۆڤێك دەکا خانووەکەی بێ لێدانی بناغە، لەسەر زەوی ڕۆنابێ، ڕووبار هەڵدەچێ‌و لافاو لێی دەداو یەکسەر دەڕووخێ. ڕووخانی ئەو خانووە شتێکی گەورەیە!)

(ئەفدییێچ) ئەم وشانەی خوێندەوە. خۆشی لە دڵدا گەڕا. چاویلکەی لە چاو کردەوەو کتێبەکەی نایە لاوەو ئانیشکی خستە سەر مێزو کەوتە خەیاڵات. ژیانی خۆی لەگەڵ ئەم وشانە بەراورد کردو لە ناخەوە بیری کردەوە: (ئایا خانووی من لەسەر بەرد ڕۆنراوە؟ یان

لەسەر قوم؟ من لێی دڵنیام وەك ئەوەی لە سەر بەردبێ. بگرە زۆر خۆشە کە بە تەنیا تێیدام! وا بزانم خوا هەرچی فەرمانی دابێ، من جێ بە جێم کردووە. کەچی رابواردن دەمخاتە ناو گوناه. سەرەرای هەموو شتێ رادەکشێم. ئای ژیانی ئێرە چەند خۆشە!! خودایە فریام کەوە!)

بەم جۆرە بیری دەکردەوەو دەیەویست بخەوێ بەڵام دەستی لە خوێندنەوە بەر نەدەبوو. ئیتر دەستی بە خوێندنەوەی سوورەتی حەفتەم کردەوە. ئەو ئایەتانەی خوێندەوە کە پەیوەندییان بە یوزباشیو کوڕی بیوەژنێوە هەیە، ئەو ئایەتانەی لە بارەی پرسیارو وەڵامن لە دوو شاندەکەی یۆحەنناو گەشتی ئەو شوێنەی یەکێ لە فریسییەکان داوای لە گەورەمان کرد بچێتە ماڵیو خواردنی لەگەڵ بخوا. خوێندییەوە کە سۆزانییەکە بە رۆنی بۆندار پێکانی چەور کردو بە فرمێسک تەڕی کردنو خوا لە گوناهەکانی ژنەکە خۆش بوو. گەیشتە ئایەتی چلو چوارەم کە دەڵێ: *(ئینجا ئاوڕی لە ژنەکە دایەوەو بە سەمعانی گوت: سەیری ئەم ژنە بکە. من هاتمە ماڵی تۆ ئاوی نەدامێ پێم پێ بشۆم، کەچی ئەو پێیەکانی بە فرمێسك شووشتمو بە قژی سەری سڕییەوە. ئەمە ماچێکی لێ نەکردم، کەچی ئەو لەو کاتەوە کە چوومە ژوورەوە، لە ماچ کردنی پێیەکانم نەدەوەستا. ئەمە سەری بە رۆن چەور نەکردم، کەچی ئەو پێی بە رۆنی بۆندار چەور کردم.)*

کە ئەم ئایەتانەی خوێندەوە، بیری کردەوە: (ئاوی بە پێ دانەکردم. ماچێکی لێ نەکردم. سەری چەور نەکردم.)

(ئەفدییێچ)، چاویلکەی لە چاو کردەوە. کتێبەکەی لەسەر مێز داناو جارێکی تر لە فکر راچوو.

گومانی تێدا نییە ئەو فریسییە وەکوو منە. منیش وەکوو ئەو، هەموو خەمم ئەوە بوو بە تەنیا چا بخۆمەوە. چۆن دەتوانین بە تەنیاو لە شوێنێکی گەرم پیاڵە چایەك بخۆینەوە، بێ ئەوەی خزمەتی میوانەکەمان بکەین؟ من تەنیا بیرم لە خۆم دەکردەوە. قەت بیرم لەو نەدەکردەوە. ئەم میوانە، کێیە؟ ئەگەر خودان بێتە ماڵم، ئایا ئاوها لەگەڵیا دەجوولێمەوە؟ (ئەفدییێچ) ئاگای لێ نەبوو، کە ئەنیشکی لە سەر مێزەکە بوو، وێژینگی دا.

لە پڕ گوێی لە ناوی خۆی بوو. دەتگوت دەنگێ چرپاندییە گوێی: (مارتان).

(مارتان) بە پەشۆکاوی لە خەو راپەڕی.

- کێ بوو بانگی کردم؟

سەری وەرسووڕاندو تەماشای دەرگای کرد. کەسی نەبینی. دووبارە چاوی نوقاند. لە ناکاو ئەم جارە بە روونی گوێی لێ بوو:

- (مارتان)! (مارتان)! بەیانی زۆر چاك وریای ئەو کەسانە بە کە بەکۆڵانەدا تێدەپەڕن. من دێم!

(مارتان) لە سەر مێز هەستایەوە، چاوی هەڵگلۆفت.خۆیشی نەیدەزانی ئایا بە راستی گوێی لەو وشانە بوو، یان لە خەودا گوێی لێ بوو. لەسەر چوارپاکەی پاڵی دایەوە.

ڕۆژی پاشی، (ئەفدییچ) بەیانی زوو هەستا. نوێژی کردو ئاگردانی داگیرساندو دەستی پێکرد کەرەمو ساوار لێ بنێ. ئینجا سەماوەری جۆش دا. بەروانکەی کردە بەرو لە بەر پەنجەرە دەستی بە کار کرد.

(ئەفدیێچ)، کە دانیشتبوو کاری دەکرد، هەر بیری لە ڕووداوی ڕۆژی پێشوو دەکردەوە: دوو جۆرە ڕووداو.: هەندێ جار لە دڵی خۆیدا دەیگوت خەون بوو، هەندێ جاری تر دەیگوت دەنگێکی ڕاستەقینە بوو بیستی. بە هەر حاڵ، شتی وا ڕوو دەدا.

(مارتان) لە سەر مێز دانیشت. کە ئیشی دەکرد، ئەوەندەی تەماشای دەرەوەی دەکرد، ئەوەندە کاری نەدەکرد. کە ڕێدارێکی دەدی تێدەپەڕیو پێڵاوی نەدەناسی، دادەهاتەوەو چاوی دەبڕییە خوارەوەی پەنجەرە, هەوڵی دەدا جگە لە پێڵاوی ڕێدارەکە، ڕوویشی ببینێ. بەم جۆرە کەنناسی حەوشەی بە پێڵاوی لـباد بینی، ئینجا ئاوگێڕو دوای ئەوە سەربازێکی پیری سەردەمی نیقۆلای بە پێڵاوێکی دڕاو لە ئاستی پەنجەرە دەرکەوت، خاکەناسێکی بە دەستەوە بوو. ناوی (ستیبانیچ) بوو. بە خێر، لە ماڵی دراوسێکەی، کە بازرگانێکی دەوڵەمەند بوو، دەژیاو ئەرکی ئەوە بوو دەستی یارمەتی بۆ دەرگەوانەکە درێژ دەکرد. (ستیبانیچ) بەفری کەڵەکەبووی لە بەر پەنجەرەی (ئەفدیێچ) ڕادەماڵی. (ئەفدیێچ) کەمێ تەماشای (ستیبانیچ)ی کردو دەستی بە کارەی خۆی کردەوە.

(ئەفدیێچ) گاڵتەی بە خۆی هاتو لە دڵی خۆیدا گوتی: بە راستی، بە تێپەڕینی رۆژگار، هۆشم لە دەست داوە. (ستیبانیچ) بەفر دەماڵیو من وا دەزانم رەنگە ئەمە مەسیح بێ هاتۆتە لام. ئای چەند گێلم!!

بەڵام دوای ئەوەی دە تەقەڵی لێدا، هەستی کرد شتێ لە ناخەوە پاڵی دا بۆ ئەوەی دیسان لە پەنجەرەوە تەماشای دەرەوە بکا. تەماشای کرد، دیتی (ستیبانیچ) خاکەناسەکەی لە سەر دیوار دانا. وەك ئەوەی هەوڵ بدا خۆی گەرم بکاتەوەو کەمێ پشوو بدا.

(ئەفدیێچ) بیری کردەوە: (ئەو پیاوە پیر بووەو داڕوخاوە. بێ شك، تاقەتی نییە بەفر رابماڵێ. وا چاکە پیاڵە چایەکی بدەمێ. ئەوەتا سەماوەر وەختە بکوژێتەوەەە.)

(ئەفدیێچ) درێشەکەی دانا. هەستایەوە. سەماوەری لەسەر مێز داناو ئاوی تری تێکردەوەو بە پەنجە لە مینای پەنجەرەی دا. (ستیبانیچ) ئاوڕی دایەوەو هاتە لای پەنجەرە. (ئەفدیێچ) عەشارەتی بۆ کرد بچێتە ژوورەوە بۆ لای و چوو دەرگای کردەوە.

پێی گوت:

- وەرە ژوورەوە. خۆت گەرم کەوە. قەسریت! پیاڵە چایەك ناخۆیتەوە؟

(ستیبانیچ) گوتی:

- مەسیح دەست بە باڵتەوە بگرێ. سەرەڕای ئەمە هەموو سووقانیشم وردو هەڕا بووە.

(ستیبانیچ) چووە ژوورەوەو بەفری لە جلی خۆی تەکاندو پێڵاوی وشک کردەوە بۆ ئەوەی عەردی ژوورەوە تەڕ نەکا. کە دەڕۆیشت دەلا دەهات.

(ئەفدییێچ) گوتی:

- پێویست ناکا پێڵاوەکەت وشک بکەیتەوە. من بۆت وشک دەکەمەوە. وەرە ژوورەوە. دانیشە. فەرموو چای بخۆرەوە.

(ئەفدییێچ) دوو پیاڵە چای تێکرد. یەکێکی پێشکەش میوانەکەی کردو چای خۆی لە بنە پیاڵە کردو فووی لێکرد بۆ ئەوەی سارد بێتەوە.

(ستیبانیچ) پیاڵە چای خۆی خواردەوەو دایەوە. بە زانایی پارچە لیمۆیەکی لەسەر بن پیاڵەکە دانا کە قەبی لێگیرا بووو سوپاسی (ئەفدییێچ)ی کرد. بەڵام ئاشکرا دیار بوو ئارەزووی لە چای تر بوو.

- فەرموو چایەکی تریش بخۆرەوە.

پیاڵەی خۆیو پیاڵەی میوانەکەی تێکردەوە.

(ئەفدییێچ) بە خۆشی چاکەی دەخواردەوە بەڵام چاوی هەڵنەدەبڕی بزانێ لە دەرەوە چ هەیە؟

میوانەکەی لێی پرسی:

- ئایا چاوەڕێی هیچ کەس دەکەی؟

- راستی، چاوەڕێی یەکێك دەکەم. ئاسان نییە پێت بڵێم چاوەڕێی کێ دەکەم. بێ ئەوەی چاوەڕێ بکەم، چاوەڕێ دەکەم. بەڵام قسەیەکم کەوتە دڵ : ئایا خەونە، یان شتێکی ترە؟ نازانم. گوێت لێ

بێ، برام: دوێنێ ئێوارێ ئینجیلی گەورەمان، یەسووعی مەسیحم دەخوێندەوە: چۆن ئازاری چەشتو چون هاتە دونیا. ئایا تۆ ئەمەت بیستووە؟

(ستیبانیچ) وەڵامی دایەوە:.

بەڵێ، بۆیان باس کردووم. بەڵام خۆم کوێلەوارم. خوێندەواریم نییە.

ـ باشە! مادەم وایە بزانە: دەمخوێندەوە هاتبوو لەم دونیایەدا چ بکا؟ گەیشتمە ئەو بەشەی دەچێتە ماڵی فریسییەکە کە بە چاکی میوانداریی ناکا. کاتێ، دوێنێ ئێوارێ، ئەمەم دەخوێندەوە، بیرم کردەوە: ئەوە چۆن بە چاکی میوانداری گەورەمان، یەسووعی مەسیحی نەکرد. لە دڵی خۆمدا گوتم: گریمان هاتە ماڵی من. نازانم چ بکەم بۆ ئەوەی میوانداریيەکی باشی بکەم. بەڵام فریسییەکە میوانداریيەکی باشی نەکرد. لەو بیر کردنەوەیەدا بووم، وێژینگم دا. کە نوستبووم، گوێم لێبوو یەکێ بە ناوی خۆم بانگی کردم. راپەڕیم، گوێم لێبوو وەك ئەوەی یەکێ بچرپێنێتە گوێم، گوتی: (چاوەڕێم بکە. سۆزی دێم!) دوو جار وای گوت. ئایا تۆ بڕوات بەمە هەیە؟ مێشکی خەریك کردووم. رقم لە خۆمە چونکە چاوەڕێ دەکەم. لەگەڵ ئەوەشدا، چاوەڕێی گەورەمان دەکەم.

(ستیبانیچ) سەری بادا. بێ ئەوەی متەقی لێوە بێ پیاڵە چاکەی خواردەوە. ئینجا پیاڵەکەی وەرگێڕا. بەڵام (ئەفدییێچ) دووبارە قیتی کردەوەو تێی کردەوە.

- بە کەیفی خۆت بخۆرەوە! دیتت؟ لە دڵی خۆمدا دەمگوت: (کە بە ناو خەڵکدا دەگەڕا، لە کەس بێزار نەدەبوو. برادەراتی ڕەشەوەندی خەڵکی دەکرد. سادەی وەکوو خۆی نەبوو. شاگردەکانی لە پیشەوەری وەکوو ئیمە هەڵدەبژارد، دەیگوت: ئەوەی خۆی بەرز کاتەوە، نزم دەبێتەوە. ئەوەی خۆی نزم بکاتەوە، بەرز دەبێتەوە. پێم دەڵێن گەورەو من قاچتان دەشۆم. ئەوەی بیەوێ یەکەم بێ ، دوامین دەبێ. هەروەها دەیگوت: خۆشیی لە هەژارو خاکیو ئارامو خێرەومەندان!)

(سیتابیچ) چاکەی لە بیر کرد. پیرەمێردێکی گرینۆك بوو. گوێی گرتبوو فرمێسکی لە ڕوومەت دەهاتە خوارێ. (ئەفدیێچ) گوتی:

- دە چاکەت بخۆرەوە.

بەڵام (ستیبانیچ) پیاڵەکەی پاڵ داو نیشانەی خاچی کێشاو سوپاسی کردو لە سەر مێز هەستاو گوتی:

- سوپاست دەکەم، (مارتان ئەفدیێچ)، ڕۆحو جەستەت گەرم کردمەوە.

(ئەفدیێچ) گوتی:

- تکایە! لە بیر مەکە هەموو جارێ وەرە. زۆرم پێخۆشە بێی!

(ستیبانیچ) چووە دەرەوەو (مارتان) ئەو چایەی ما بوو بۆ خۆی تێکرد. دوای ئەوەی خواردییەوە، پیاڵەکانی هەڵگرتو گەڕایەوە سەر کارەکەی لە بەر پەنجەرە بۆ ئەوەی پاژنەی پێلاوێك لێ بنێتەوە. بەڵام کە دەیدووری، چاوی هەر لای پەنجەرە بوو. چاوەڕێی مەسیحی

دەکرد. تەنیا بیری لەو دەکردەوە: بیری لە قسەو کردەوەکانی دەکردەوە.

دوو سەرباز رەت بوون: یەکێ بە پێڵاوی سەربازیو ئەوەی تر بە پێڵاوی شارستانی. ئینجا، دراوسێکەی بە پێڵاوێکی لاستیك رەت بوو. پێڵاوەکەی ئەوەندە پاك بوو دەبریسکایەوە. ئینجا نانەوا بە خۆو بە سەبەتەوە رەت بوو. هەموو تێپەڕین بێ ئەوەی بوەستن. ئینجا ئافرەتێك هات، گۆرەوی خوری ئەستوورو پێڵاوی لادێی لەبێ بوو.

لە نزیك پەنجەرە وەستاو پشتی دایە دیوار. (ئەفدیچ) داهاتەوەو تەماشای کرد. دیتی ژنێکی نەناسە، منداڵێکی لە باوەشە. پشتی داوەتە (با)و هەوڵ دەدا منداڵەکەی داپۆشی. بەڵام بە چی دایپۆشێ کە خۆی کراسێکی هاوینەی دڕاوی لەبەرە؟ (ئەفدیێچ) لە پەنجەرەوە گوێی لە دەنگی منداڵەکە بوو دەگریاو داوای شتی دەکرد. گوێی لە دەنگی ژنەکە بوو هەوڵی دەدا ژیری بکاتەوە بەڵام بێ هوودە بوو. (ئەفدیێچ) هەستایەوە، دەرگای کردەوە. لە پلیکانەوە گازی ژنەکەی کرد:

- ژنی باش، هۆ ژنی باش!

ژنەکە گوێی لێبوو، ئاوڕی دایەوە.

- بۆچی بە خۆو بە منداڵەوە لەبەر ئەم سەرمایە وەستاوی. وەرەماڵی من. بە ئاسانی لەبەر گەرما بیپێچە. وەرە، لێرە وەرە ژوورێ.

ژنەکە بە سەرسامی تەماشای کرد. کابرای پیرەمێردی بە بەروانکەو بەرچاوکەوە بینی، بانگی دەکرد بچێتە ژوورەوە. چوو.

لە پلیکانە چوونە خواریو چوونە ناو ژوورێکی بچووك. پیرەمێرد ژنەکەی بردە سەر چوارپاکەیو گوتی:

- لێرە دانیشە! ئافرەتی باش! ئێرە لە ئاگردان نزیکترە. شیر بە منداڵەکەت بدە.

ژنەکە گوتی:

- شیرم تێدا نەماوە. لە دوێنێ ئێوارێوە زادم بە زار نەکەوتووە.

لەگەڵ ئەوەشدا منداڵەکەی بە مەمکی خۆیەوە نا.

(ئەفدیچ) سەری باداو چووە سەر مێز. نانێكو لەگەنێکی هێنا. مەنجەڵێکی لەسەر سەکۆی ئاگردان هێنا. کەرەمی کوڵاوی لە لەگەنەکە کرد ئینجا مەنجەڵی ساواری راکێشا. بەڵام دیتی ساوارەکە نەکوڵاوە. تەنیا کەرەمی لە سەر سفرە، لەبەردەم دانا. ئینجا خاولییەکی خاوێنی هێناو لە تەك نانەکەی داناو گوتی:

- برۆ پێش نانت بخۆ. ئافرەتی باش! من خزمەتی منداڵەکە دەکەم. منیش منداڵم هەبوون. دەزانم چۆن نازیان بگرم.

ژنەکە نیشانەی خاچی کێشاو لە سەر سفرە دانیشتو دەستی بە خواردن کرد. لەو ماوەیەدا (ئەفدیێچ) لە سەر چوارپا، لای منداڵەکە دانیشت. هەوڵی دا بە لێو قرتەی بۆ بکا بەڵام چونکە کەلۆس بوو نەیتوانی. بۆیە بە خەیاڵی داهات بە پەنجە بیترسێنێ. پەنجەی بەرز کردەوە تا گەیشتە دەمی منداڵەکەو یەکسەر کێشایەوە. پەنجەی لە ناو دەمی نەنا چونکە لەبەر قیر رەش بوبوو. منداڵەکە، کە ئەو دەستەی بینی، بێدەنگ بوو. ئینجا مکایەوە. (ئەفدیێچ) رووی گەش

بووەوە. ژنەکە بە دەم خواردنەوە، بۆی باس کرد کە کێیە؟و خەڵکی کوێیە؟ گوتی:

من ژنی سەربازێکم. هەشت مانگە مێردەکەم گوازراوەتەوە بۆ دوور. دەنگ‌و باسی بڕاوە. من چێشتکەر بووم. کە خوا ئەم مندالّەی دا، ئەو ماڵەی کارم بۆ دەکردن، دەریان کردم. سێ مانگە بێ کارم. نازانم چیم بەسەر دێ. چیم هەبوو، هەمووم خەرج کرد. ویستم دایەنیی بکەم. خەڵك پێم رازی نەبوون. منیان بە لاوە لەڕو لاواز بوو. چوومە ماڵی ژنە بازرگانێك. داپیرم کارەکەر بوو لایان. زۆر بەڵێنی پێدام کە کارم بۆ پەیدا بکا. تەمایەکی زۆرم پێ هەبوو. بەڵام گوتی پاش هەشت رۆژی تر سەرێك بدە. ماڵی زۆر دوورە. ئازیزی بچکۆڵەم. زۆرم ئازار دا. ئازاری کوشندە! خۆشبەختانە ژنێ هەیە خانوو بە کرێ دەدا. بەزەیی پێماندا هاتەوەو دالّدەی داین!! ئەگەر ئەوە نەبوایە، راستی نەمدەزانی چی بکەم؟

(ئەفدیێچ) هەنسکێکی هەڵکێشاو پرسی:

- جلێکی گەرمت نییە؟

- جلی گەرم؟! ئێستا کاتی ئەوە نییە بیر لە شتی وا بکەمەوە. دوێنێ، دوا دەسرۆکم بە بیست کوبیك لە رەهن دانا.

ژنەکە چووە لای چوارپاو مندالّەکەی هەلگرت. (ئەفدیێچ) هەستا. لە قوژبنێك گەڕا. لێفە شڕێکی هێناو گوتی:

- بگرە! ئەگەر چی لێفێکی باش نییە. بەڵام دەتوانی لە مندالّەکەی بپێچی!. ژنەکە تەماشای لێفەکەی کردو تەماشای پیرەمێردی کرد.

لێفەکەی بردو دەستی بە گریان کرد. (ئەفدییێچ) خۆی لێ لاداو چووە ژێر چوارپاو سندووقێکی بچووکی دەرهێنا. لە ناو سندووقەکە، لە شتێك گەڕا. ئینجا گەڕایەوە بەرامبەر ژنەکە دانیشت. ژنەکە پێی گوت:

- سوپاس! بە ناوی مەسیح، ئەی پیرەمێردی مێرخاس. بێ شك مەسیح بوو وای کرد من بە لای پەنجەرەی تۆدا تێپەڕم. منداڵەکەم خەریك بوو لە سەرمان دەمرد. کە هاتمە دەرەوە گەرم بوو، لە دەرەوە، وەك پارچە شەختەی لێهات. مەسیح بوو وای کرد تۆ لە پەنجەرەوە بڕوانیتە دەرەوەو بەزەییت بە کلۆڵیی مندا بێتەوە.

(ئەفدییێچ) گرژییەوەو گوتی:

- ئەمەیش ئەو فێری کردووین...من بە ڕێکەوت لە پەنجەرەوە تەماشای دەرەوەم نەکرد، ئەی ئافرەتی خاس!

(مارتان) ئەو خەونەی دیبووی بۆ ژنە سەربازەکەی گێڕایەوە. چۆن گوێی لە دەنگێك بوو، دەنگی گەورەمان کە بەڵێنی دا ئەمڕۆ بێتە سەردانی.

ژنەکە هەستایەوە گوتی:

- هەموو شتێ دەبێ.

دەستی دایە لێفەکەو لە منداڵەکەی پێچا. جارێکی تر سوپاسی (ئەفدییێچ)ی کردو ماڵاوایی لێکرد.

(ئەفدییێچ) بیست کوبیکی دایەو گوتی:

ـ ها، بەناوی مەسیح ئەمە بگرەو برۆ ڕەهن لە سەر دەسرۆکەکەت هەڵگرە.

ژنەکە نیشانەی خاچی کێشا. (ئەفدییێچ)یش نیشانەی خاچی کێشاو تا دەرگا ژنەکەی بە ڕێ کرد.

ژنەکە ڕۆیشت، (ئەفدییێچ) شۆرباى کەرەمی خواردو کەوتە سەر کارەکەی. بەڵام کە کاری دەکرد، پەنجەرەی هەر لە بەر بوو. تەماشای دەکرد بۆ ئەوەی بزانێ کێن تێدەپەڕن. هەندێ کەس ڕەت بوون دەیناسینو هەندێکی تر نەیدەناسین بەڵام کەسێکی تایبەتییان تێدا نەبوو.

لەو ساتەدا، بینی پیرەژنێك ڕێك لای پەنجەرە وەستا. سەبەتە سێوێکی پێ بوو، مەیلەو بەتاڵ بوو, دیار بوو هەموو سێوەکەی فرۆشتبوو. فەردە دارێکی بە کۆڵەوە بوو. ڕەنگە دارەکەی لە وەرشەیەکی بینا خڕ کردبێتەوە. ئێستا بیباتەوە ماڵێ. بەڵام فەردەکە قورس بوو. ویستی لەسەر ئەم شانەوە بیگوازێتەوە سەر ئەو شان. بۆیە بەری دایەوە سەر پیادەڕۆو سەبەتە سێوەکەی لە سەر بەردێك دانا. پارچە دارەکانی لە ناو فەردەکە ڕاهەژاند. کاتێ کە ئەو خەریکی ئەمە بوو، منداڵێك چەفیەیەکی کۆنی لەسەر بوو ، لە پڕ دەرکەوت. بێ ئەوەی دیار بێ لە کوێ هات. دەستی دایە سێوێکی ناو سەبەتەکەو ویستی ڕابکا، بەڵام پیرەژن ئاوڕی دایەوەو بینی، توند قۆڵی چاکەتی گرت. منداڵەکە خۆی پچڕپیەوە بۆ ئەوەی ڕابکا. پیرەژن، بە هەردوو دەست گرتبووی، چەفیەکەی لە سەر کردەوەو توند قژی گرت.

پیرەژن لێی دەداو جوێنی پێدەدا، ئەویش هاواری دەکرد. (ئەفدیێچ) ماوەی نەبوو درێشەکەی لە پێلاوەکە رابکا. فڕێی دایە سەر زەوی‌و بازێکی هەڵدا بۆ لای دەرگا. تەنانەت بە پلیکانە کەوت‌و چاویکەکەی پەڕی. گەیشتە کۆڵانێ. پیرەژن کوڕەی رادەهەژاندو هەرو گیفی لێدەکرد کە دەیداتە دەست پۆلیس. منداڵەکە خۆی رادەپسکاندو بەرگری دەکرد. بە پیرەژنی گوت:

- هیچم نەبردووە. بۆچی لێم دەدەی؟

(ئەفدیێچ) کەوتە بەینیان. دەستی کوڕەکەی گرت‌و گوتی

- ئافرەتی باش وازی لێ بێنەو بە ناوی مەسیح لێی ببوورە.

- لیبوردنێك لێی دەبوورم تا شەش مانگ لە بیری نەکا. دەیدەمە دەست پۆلیس. ئەم منداڵە گەندەڵە.

(ئەفدیێچ) بە ئەرکی خۆی زانی ئامۆژگاری ژنەکە بکا:

- ژنی باش، وازی لێ بێنە. جارێکی تر شتی وا ناکا، بە ناوی مەسیح وازی لێ بێنە.

ژنەکە وازی لێ هێنا. کوڕەکە ویستی را بکا، بەڵام (ئەفدیێچ) رایگرت‌و پێی گوت:

- داوای لێبوردن بکە. جارێکی تریش شتی وا نەکەی! من دیم تۆ سێوەکەت برد.

منداڵەکە گریاو داوای بوردنی کرد!

- بەسیە، بەسیە! ئێستا سێوەکە بۆ خۆت ببە!

ژنەکە گوتی:

- ئەگەر شتەکە وا بێ ، قەیدی نییە، بەڵام ئێمە زیاد لە پێویست نازیان دەگرین.

(ئەفدییێچ) گوتی:

- پێویستە ئێمەی گەورەیش فێریان بکەین.

پیرەژن وەڵامی دایەوە:

- منیش وا دەڵێم. حەفت منداڵم هەبوو تەنیا یەك تاقە کچم ماوە.

پیرەژن باسی کرد لە کوێ دەژیو چۆن لای کچەکەی دەژیو چەند نەوەی هەیە:

- پێت وایە ئێستایش تاقەتی کار کردم هەیە؟ نەوەکانم لێناگەڕێن کار بکەم، زۆر لەگەڵم باشن. لە هیچ جێگایەك ئەو ڕێزەم نییە کە لای ئەوان هەمە. (ئاکسیۆسکا)ی بچکۆلە بە بێ من هەڵناکا. هەر دەڵێ: (داپیر! داپیری ئازیزو خاس!).

پیرەژن هێور بووەوە. ئەمەیش ئاساییە. ئاخر باسی خێزانە ئازیزەکەی خۆیانی دەکرد. بە منداڵەکەی گوت:

- یاڵلا، لە ڕێی خوا بڕۆ!

کە پیرەژن ویستی فەردە دارەکە بە کۆڵی خۆی دابداتەوە، کوڕەکە چووە پێشو گوتی:

- داپیر، فەردەکەت بدە بە من. من هەڵیدەگرم. ڕێگای منیش بێرەدایە.

(ئەفدییێچ) سێوێکی لە ناو سەبەتەکە دەرهێناو دایە کوڕەکەو بە پیرەژنی گوت:

- من پارەکەیت دەدەمێ، ئافرەتی خاس.

پیرەژن گوتی:

- تۆ نازیان هەڵدەگری! ئەو عیفریتانە. دەبوایە سزایەکی وای بدەی یەك حەفتە خۆی لەسەر قوون رانەگرێ.

(ئەفدییێچ) گوتی:

- هێواش! هێواش! داپیرا ئەمە شێوازی ئێمەیە. بەڵام شێوازی خودا جیایە. ئەگەر بۆ خاتری سێوێك شایەنی ئەوە بێ لە سمتی بدرێ، ئەی ئێمە لە سەر گوناهەکانمان چیمان بە سەر دێ.

پیرەژن بیدەنگ بوو.

بۆی گێڕایەوە چۆن گەورەمان ئەو پارەی قەرزی کردبوو، دایەوە خاوەن قەرزەکەو چۆن خاوەن قەرزەکە چوو قەرزارەکەی بکوژێ.

پیرەژن گوێی گرتو کوڕەکەکەیش گوێی گرت. (ئەفدییێچ) گوتی:

- خوا وای ئیرادە لەسەر بوو تۆ لێی ببووری. ئەگەر نا، ئەو لێمان نابووری. لە کەس! بە تایبەتی ئەوانەی نازانن چ دەکەن؟

پیرەژن سەری بادا. هەنسکێکی هەڵکێشا. ئاماژەیەکی رەزامەندی داو فەردەکەی لە کۆڵی کوڕەکە کرد. شان بە شانی یەك رۆیشتن.

پیرەژن لە بیری کرد داوای نرخی سێوەکە لە (ئەفدییێچ) بکا.

(ئەفدییێچ) لە جێی خۆی وەستاو تەماشای کردن. گوێی دایە قسەکانیان کە دەڕۆیشتن.

پاش ئەوەی بە چاو شوێنیان کەوت، گەڕایەوە ماڵێ. عەینەکەکەی بینی نەشکاوە.. دەستی دایە درێشەکەی‌و دەستی بە کار کرد، بەڵام

چاوی باش نەیدەدەی داوی زفتاوی پێوە بکا. فانۆسچی تێپەڕی. (ئەفدییێچ) چراکەی ئامادە کردو لە دڵی خۆیدا گوتی: (دەی، با چراکە دابگیرسێنم.) چراکەی لە سەر سەری خۆیەوە هەڵواسیو گەڕایەوە بۆ کارەکەی. پێڵاوێکی تەواو کردو هەڵگێڕو وەرگێڕی کردو پشکنی: نایابە! قالبەکەو تۆپەڵە زفتەکەی خستە لاوە. داوەکەی هەڵکردەوەو درێشەکانی کۆ کردەوە. دەستی دایە چراو لەسەر مێزی داناو کتێبی ئینجیلەکانی لە سەر تەقچکە هێنایە خوارێ. ویستی ئەو لاپەڕەیە بکاتەوە کە ئێوارەی رۆژی پێشوو بە نیشانی کردبوو. بەڵام کتێبەکە لە جێگایەکی تر کرایەوە. کە (ئەفدییێچ) ئینجیلی کردەوە، خەونەکەی بە بیر هاتەوە. هەر هێندە خەونەکەی بیر کەوتەوە، گوێی لە دەنگێك بوو دەتگوت دەنگی یەکێکە لە دواوە دێو نزیك دەکەوێتەوە. (ئەفدییێچ) تەماشای کرد بە راستی خەڵکانێکی دی لە قوژبنی تاریکی ژوورەوە وەستا بوونو نەیدەناسین. ئەوسا دەنگێك چرپاندییە گوێی:

- (مارتان)، یاڵلا (مارتان)، نامناسی؟

(ئەفدییێچ) پرسی:

- تۆ کێی؟

دەنگەکە گوتی:

- من ئەوم. من لێرەم.

(ستیبانیچ)یش بە بزە لە قوژبنە تاریکەکە هاتە دەرێو وەك هەور هەڵبرینگاو بزر بوو.

لە هەمان قوژبنی تاریکدا، ژنەکە دەرکەوت. منداڵەکەی هەلگرتبوو.

ژنەکە بزەی هاتێ. منداڵەکەیش بزەی هاتێو هەردووکیان لەبەر چاوی توانەوە. دەنگەکە گوتی:

- منیش ئەوەتام!. پیرەژنەکە لەگەڵ منداڵەکەو سێوەکە دەرکەوتن. هەردووکیان خەندەیان کەوتە سەر لێوو ئەوانیش بزر بوون.

(ئەفدیێچ) هەستی کرد دڵی سەرشار بوو لە شادی. نیشانەی خاچی کێشاو لەو شوێنەی کتێبەکە کرایەوە، دەستی بە خوێندنەوەی ئینجیل کرد. لە لای سەرەوەی لاپەڕەکە خوێندنەوە:

- *(برسی بووم، خواردتان پێدام. تینووبووم، ئاوتان دامێ، لاپیادە بووم، داڵدەتان دام...)*

لە خوارەوەی لاپەڕەکەیش خوێندییەوە:

- *(هەرچی لەگەڵ یەکێ لەو بچکۆڵانەی دەکەن. لە گەڵ منی دەکەن...)*

(ئیفدیێچ) زانی خەونەکەی تەفرەی نەداوە. بەراستی ئەو رۆژە (رزگارکەر) هاتۆتە ماڵیو ئەو میوانانەی پێشوازی کردن (ئەو) بوون.

(٧)

# شەمالۆک

(١٨٨٥)

ئەم چیرۆکە لە خاکێکی دەرەبەگایەتی رووی داوە. ئاغا دەرەبەگەکان ئەوسایش وەکوو ئێستا وا بوون: هەندێکیان بەزەییان بە هەژاراندا دەهاتەوە چونکە لە خوا دەترسان‌و بیریان لە دوا ساتی ژیانیان دەکردەوە. هەندێکی تریان دڵڕەق بوون دەتگوت تەنیا بۆ ئەوە خەڵق کراون خەڵك تووشی کوێرەوەی بکەن!! ئەوانە تەنیا یادێکی تاڵیان لە پاش بە جێ ماوە. لەم تاقمەیش خراپتر نۆکیسەکان بوون کە سەرو سامان لە ناو خزمەتکاران دەری هێنابوون‌و لەسەر ئەوانی دی بەرزی کردبوونەوە. سەرکاری ئەو کۆشکەی باسی دەکەین یەکێ بوو لەو نۆکیسانە. زەوی‌و زاری کۆشکی زۆرو بە پیت‌و بەرەکەت بوو. پڕ بوو لە لێڕو مێرگی بەراو. ئەگەر پیسی‌و محەننەتی سەرکار نەبوایە، ئەو جوتیارانەی کاریان تێدا دەکرد، بە بەختەوەری‌و تەباو تفاقی لەگەڵ ئاغاکانیان دەژیان.

سەرکار پێشتر تەنیا کۆیلەیەکی سادە بووو بەس بەڵام لەسەر خاکێکی تر، هێمانی بەرز بووەوە بۆ پایەی سەرکاری، بە بێ جوتیارە مسکێنەکانی دەپلیشاندەوە. خیزانەکەی لە ژنەکەی‌و دوو کچ پێك هاتبوو. وەك دەڵێن، دەمێ بوو، پریاسکەی خۆی پڕ پارە

کردبوو. دەیتوانی ژیانێکی ئارخەیانو خۆشگەزەرانو بێ خەم بژی، ئەگەر لەبەر ئێرەیی نەبوایە کە کردی بە دڕندەو چاوچنۆك.

یەکەم جار جەبدانی جوتیارەکانی لە بێگاری نەهێشت. بە کاری بێگاریی دەیبزاندنەوە. کارگەیەکی کەرپووچی داناو بە خورتی کاری سەختی بە پیاوو ژنان دەکرد. کەرپووچەکەی دەفرۆشتو قازانجێکی زۆری لێ دەهاتە دەست. جوتیارەکان، کە دیتیان بە شێوەیەکی دڕندانە دەچەوسێندرێنەوە، ڕاپەڕینو ویستیان لای ئاغای دەرەبەگیان شکات بکەن، بۆ ئەم مەبەستە چوونە مۆسکۆ بەڵام ئاغای دەرەبەگ گوێی بە سکاڵایان نەدا. لە باتی ئەوەی باریان سووك ببێ، زیاتر کەوتنە بەر قینو تۆڵەی سەرکار کە هەر زوو زانی چییان کردووە. زیاتر تووشی دڕندەییو خوێنمژران هاتن. ئەوەی قوڕەکەی خەستتر کردبوو ئەوە بوو هەندێ برای درۆزنیان تێدا بوو. زمانیان لە هاوڕێ کۆیلەکانیان دەدا. بە جۆرێ کەس نەما متمانە بە برادەری خۆی بکا. تۆقانو نیگەرانی، هەموو جێگایەکی گرتەوە. سەرکاریش تا دەهات زیاتر شێتی خراپەکردن دەبوو.

وەکوو چۆن لە جانەوەری دڕندە دەترسان ئاوها لە سەرکار دەترسان. ئەگەر لە گوندێك دەربکەوتایە خەڵکەکە لەبەری هەڵدەهاتن وەك ئەوەی لەبەر گورگ هەڵدێن. لە کوێ پێیان بکرایە خۆیان دەشاردەوە بۆ ئەوەی لە دڕندایەتی بە دوور بن.

سەرکار تا دەهات ترسی زیاتر دەبوو. ئەمەیش قینی دەجۆشاندو رقی قووڵی لە دڵ زیاد دەکرد. ئەوسا کاری بێگاری دووچەندان لێدەکرد. قوربانییە مسکێنەکان زیاترو زیاتر لێدانیان دەخوارد.

ئەگەر خەڵك ئەو دڕندەیە بکوژن، یەکسەر لە دەستی ڕزگار دەبن. جوتیارەکان هەمیشە بیریان لەمە دەکردەوەو زۆر جار بە نهێنی باسیان دەکرد. ئەگەر یەك دوو کەس لە شوێنێکی لاچەپ کۆبوونایەتەوە، ئەوەی ئازایان دەیگوت: (تا کەی بەرگەی زیندوویی ئەو کافرە بگرین بۆ ئەوەی ئەشکەنجەمان بدا؟ با لێیدەین و لە کۆڵ خۆمانی بکەینەوە! گوناه نییە شەیتانێکی وەها بکوژین.) ڕۆژێ لە ڕۆژەکانی حەفتەی ئازار، سەرکار جوتیارەکانی ناردە لێڕ. جوتیارەکان بە ئەڵقە دانیشتن بۆ ئەوەی فراوین بخۆن. هەمان باس هاتە پێشەوە:

هەندێ گوتیان: (براینە، وا بڕۆا چیمان بە سەر دێ؟ چیدی ناتوانین بەم جۆرە بژین. ئەو پیاوە دڕندەیە لە ژێر پێ دەمانپلیشێنێتەوە. تا مۆخی ئێسقان شەکەتمان دەکا. لە ماڵەوە ڕاحەتمان لێ هەڵگیراوە. ژنانیش وەکوو پیاوان شەوو ڕۆژ حەجمانیان نییە. ئەم کابرایە لە هەموو شتێ دوژمنداریمان دەکا. ئەگەر شتێکی بچووکی نەکەوێتە بەر دڵ، فەرمان دەدا جەڵدەمان لێ بدەن. (سیمین)ە گێلی کلۆڵ لە بن لێدان مرد. (ئەنیسیم)، ئێستایش زنجیر کراوە. چ شتێ ڕێی لێ گرتووین؟ تا کەی لە دەست ئەو شەیتانە سەبر بگرین؟ هەبزانە بە سواری ئەسپەکەی دێ و هەنجەتێك دەدۆزێتەوەو گێچەڵمان پێ دەکا. ئەگەر پیاو بین، کە هات لە سەر ئەسپ رایدەکێشینە خوارێ و بە زەبرێکی تەور لە ناوی دەبەین و لە دەستی دەحەسێینەوە . وەك سەگ لە ناو لێڕ دەینێژین، بێ ئەوەی هیچ شوونی دیار بێ. با دروشمان ئەمە بێ: ( با وەکوو یەك پیاو یەك بگرین! بمرێ خائینان!)

(ڤاسیلی میناییڤ) وای گوت. هەقی بوو لەوانی دی داخ لە دڵتر بێ چونکە بەلانی کەمەوە، حەفتەی جارێك جەلدەی لێ دەدرا. سەرکار بە تۆبزی ژنەکەی راکێشا بووو کردبووی بە چێشتکەری خۆی.

ئەمە بوو پیلانی تۆڵەسەندنەوەی جوتیارەکان.

بە راستی ئێوارێ، سەرکار دەرکەوت. سەرنجی قینەوەنی بە دەوروبەری خۆیدا گێڕا. یەکسەر ئەو کەمو کورتییەی دۆزییەوە کە چاوی لێ دەگێڕا. لە ناو درەختەکان، درەختێکی زەیزەفون بەو جۆرە نەبڕابووەوە کە ئەو داوای کردبوو.

- پێم گوتن: نابێ توخنی دار زەیزەفوونەکان بکەون! کێ ئەم دارزەیزەفونەی بڕیوەتەوە؟ ناوی چییە؟ نەوەك هەمووتان جەلدە دەخۆن. لە هەمان کاتدا، چاوی بە ناو کرێکارەکاندا گێڕا. لە تاقمێکەوە بۆ تاقمێکی تر. بۆ ئەوەی بدۆزێتەوە کێ ئەو گوناهەی کردووە. جوتیارێك هاوڕێیەکی لە هاوڕێکانی خۆی نیشان دا بە ناوی (سیدور)و سەرکار بە یەك زەبر دەمو چاوی کابرای بەسەزمانی بریندار کرد. ئینجا دەرفەتی لە دەست نەدا، جامی قینی بە سەر (ڤاسیلی)دا ڕشت! چەند جارێك بە قامچییەکەی چزەی لێ هەستاند بە بیانووی ئەوەی گیشە داری ئەو لە هی ئەوانی دی کەمترە.

جوتیارەکان لێی گەڕان بە هێمنی بگەڕێتەوە ماڵێ.

ئێوارێ، جارێکی تر کۆبوونەوە. (ڤاسیلی) بە توندی قسەی لەگەڵ براکانی کرد، پێی گوتن:

- هەی منگەلی زەلیلینە! ئێوە پیاو نین. ئێوە دەڵێن وەك برا
یەکگرتووین!... کەچی کاتێ ئەو زۆردارە دەردەکەوێ. بڕیارەکەتان
دەفڕێ! سواندووکەیش کاتێ پیلانیان لە هەڵۆ دانایەوە، وایانکرد.
هاواریان دەکردو پێشبڕکێیان لە هاوار دەکرد: (هەموو لە پێناوی
هەر یەکێك! بمرێ خائینان!). بەڵام کە هەڵۆ پەلاماری دان، هەر یەکە
بە لایەکدا هەڵات و خۆیان لە پەنا گەزگەزکە شاردەوە. بەڵام هەڵۆ
وەك برووسك هات و چرنۆکی لە یەکێ لە پاسارییەکان گیر کردو
بلندی کرد بۆ ئاسمان. ئەو کێشکانەی بەر چنگی هەڵۆ نەکەوتن لە
بەینی خۆیانەوە گوتیان: (کامەمانی رفاند؟ ئاخ! (ڤانکا) رفێنراوە!
چاکی کرد. (ڤانکا) هەر شایەنی ئەوەیە.)
ئێوەیش وا دەکەن. بە قسە دەڵێن: (بمرێ خائینان!)، کەچی
هەمووتان خیانەت دەکەن. کە میرغەزەب لە دەمو چاوی (سیدور)ی
دا، دەبوایە هەمووتان وەکوو یەك پیاو راپەڕن. ئەو حەلە کۆتایی بە
ئازارەکانمان دەهات.
بەڵام ئێوە تا تاقەتتان تێدایە هاوار دەکەن: (با یەك بگرین!...بمرێ
خائنان!!)و کە میرغەزەب دەردەکەوێ، کەس خۆی ناگرێ.
جوتیارەکان زۆر جار ئەم قسانەیان دەکرد. ئەو بیرەیان هەر لەناو
دڵدا بوو کە میرغەزەب ئیعدام بکەنو لە هەوکێ خۆی بکەنەوە.
لە دوا رۆژی حەفتەی ئازاردا، بە زمانی سەرکاری دڕندە رایانگەیاند
جزداس لە زەوی ئاغای دەرەبەگ دەچێنرێ و پێویستە هەموو
جوتیارەکان دەست بە جووت بکەن. ئەمەیش ئازارێکی ترا! رۆژی

هەیی غەمبار بوو، لای (ڤاسیلی) کۆبوونەوە. باسی پیلانەکەیان کرد. لە هەموو کاتێ تووڕەتر بوون. دەیانگوت:

- لەبەر ئەوەی سووکایەتی بە خوا کرد کە ویستی ئێمە ئەو تاوانە گەورەیە بکەین، نابێ هیچ شتێ ڕێمان لێ بگرێ.

با بە یەك زەبر کۆتایی پێ بێنین.

(پڕۆس میکیێف)یش بە دەوری خۆیەو قسەی کرد. پیاوێکی هێمن‌و بێ وەی بوو. لە بارەی کوشتنەوە، لەگەڵ براکانیدا نەبوو. کە گوێی دەدایە پڕۆژە تاوانکارەکانیان، بە خەفەتەوە سەری با دەداو پێی دەگوتن:

- گوناهێکی گەورەیە پیاو وەکوو ئێوە قسە بکا. بیێ بە هۆی کوژرانی رۆحێك. ئەمە گەورەترین تاوانە. بە لای ئێوەوە ئاسانە رۆحێك رەوانی ئەشکەنجەی ئەبەدی بکەی. بێ شك! بەڵام پاشان دەروونتان لە تۆڵەی ئەو تاوانە، چەند ئازار دەکێشی؟ ئەگەر سەرکار بە تاوانەکانی سووکایەتی بە ئاسمان کرد، چاوەڕێ بکەن. ئەمڕۆ نا، سبەی بە سزای خۆی دەگا! پێویستە ئێمە تەنیا ئازار بخۆین‌و دان بە خۆماندا بگرین.

ئەو جۆرە نەرمییە رقێکی شێتانەی لە دڵی (ڤاسیلی) بزواند. هاواری کرد گوتی:

- ورینگە ورینگی چی دەکا؟ هەمان قەوانی کۆنە لێدەداتەوە: (گوناهێکی گەورەیە مرۆڤێك بکوژین!) پیویست ناکا تۆ شتی وا بە ئێمە بڵێی. منداڵیش ئەم شتانە دەزانن! بەڵام مرۆڤ هەتا مرۆڤ هەیە! ئایا خودا قەبووڵ دەکا ئەو کافرە، ئەو برای خۆکوژە، ئەو سەگە

مەلعوونە! بە زیندوویی بمێنی؟ ئەگەر سەگێک هار بێ، خەڵک دەیکوژن بۆ ئەوەی نەیانگرێ. ئەگەر لێبگەڕێین ئەو سەگە بژی، لە ناومان دەبا. نابینن چتۆ ڕێگای دۆزییەوە بۆ ئەوەی لە ناومان ببا؟ ئەگەر تاوانێك بکەین، ئەمە بۆ ئەوەیە تا براکانمان ڕزگار بکەین. هەموو دوعا دەکەین بە خراپە دانەنرێ. حەفتو هەشتی دوورو درێژ سوودی چییە؟ دەتانەوێ چاوەڕێ بکەن تا لە ناومان دەبا؟

(میکیێڤ)، ئەو وڕێنەیە چییە دەکەی؟ ئایا تۆ پێت وایە ئەگەر لە ڕۆژی پیرۆزی هەستانەوەی گەورەمان، یەسووعی مەسیح، لە مردن، بچینە کار، گوناهمان کەمتر دەبێ؟

(میکیێڤ) وەڵامی دایەوە:

جا بۆ نەچینە کار؟ ئەگەر ڕەوانەی کارمان بکەن، من بەش بە حاڵی خۆم دەچم. خۆ بۆ خۆم کار ناکەم. خوا دەزانێ ئۆباڵی لە ئەستۆی کێ دایە؟ پێش هەموو شتێ با لە دڵەوە لە خوا بترسین. برادەران، پێم وا نییە لە خۆمەوە ئامۆژگاریتان دەکەم. ئەگەر یاسای خوا فێرمان بکا خراپە بە خراپە لە ناو دەچێ، دەهاتمە تەك ئێوە. بەڵام خوا فەرمانی شتێکی ترمان پێ دەکا. ئێوە وا دەزانن خراپە لە دڵی خۆتان ڕیشەکێش دەکەن. کوشتنی مرۆڤ کارێکی ژیرانە نییە. خوێن بەسەر بکوژەکەدا دەگەڕێتەوەو شوونێك جێ دێڵێ ناسڕێتەوە. ئێوە بە خەیاڵی خۆتان وا تێدەگەن کە بەمەوە خراپە لە ناو دەبەن، نازانن ئەوە خراپەیە ئێوە پاڵ دەدا وا بکەن. وەکوو پەندەکە دەڵێ:

(تەماشای ڕووی بکە. کوێرەوەری لە ڕوودا دیارە!)

ئەم قسەیە گوێگرانی هەژاند. هەندێکیان مەیلیان کرد بە لای وەرگرتنی ئەو ئامۆژگارییانەی (میکیڤف)ی خواپەرست کردی‌و وایان پێ باش بوو دان بە خۆیاندا بگرن، نەك ئەم گوناهە گەورەیە بکەن. هەندێکی تر گوێیان دا ئیختیخەدانی (ڤاسیلی).

کە جەژنی فەسح هات، جوتیاران، بە پێی ڕێ‌و ڕەسمی کۆن، ئاهەنگیان گێڕاو بەرەبەری ڕۆژئاوا، کوێخای دێ لەگەڵ میرزایانی شاری دەرەبەگ، ئامادە بوو، گوتی:

- (میشێل سیمینۆڤیچ)ی سەرکاری باڵامان فەرمان دەداو هەموو کەس ئاگادار دەکاتەوە کە سەر لە بەیانی، دەست بە کێڵانی زەوی ئاغام بکەن‌و جۆداس تۆو بکەن‌و دایبچێنن.

کوێخاو میرزاکان بەم جۆرە بە گوندا گەڕان‌و بۆ هەر یەکێکیان دیار کرد چ شوێنێ تۆو بدا.

جوتیارە بەسەزمانەکان ڕۆندکی خۆیان خواردەوە. کەس نەیوێرا بە ئاشکرا بەرگری بکا. بەیانی ڕۆژی پاشی، هەموو بە هەوجارەوە لەو شوێنانە ئامادە بوون کە بۆیان دیاری کرا بوو. ناچار بوون بە دڵی بریندار کار بکەن. لە کاتێکدا کە زەنگەکان بە هەموو هێزی خۆیانەوە بۆ قداسی بەیانی لێدەدران‌و لە کاتێکدا کە بڕواداران بە شادی‌و بە جلی نوێ ڕوویان دەکردە کلێسە، (میشێل سیمینۆڤیچ)ی سەرکاری بەدکار هێشتا لە خەوێکی قووڵدا بوو. درەنگ بە خەبەر هات. کە لە ناو نوێن هاتە دەرەوە، یەکسەر دەرچوو بۆ ئەوەی بزانێ لەسەر زەوی چ باسە! یەکێ بدۆزێتەوە گێچەڵی پێ بکا! ژنەکەی‌و کچەکەیشی لە ژووری خۆ خەملاندن بوون.

نۆکەر لەبەر دەرگا چاوەڕێی دەکردن. گالیسکەی دابەسراوی پێبوو. دوو ئافرەتەکە سوار بوون بۆ ئەوەی بچنە کلێسە. دوای سەعاتێك، گەڕانەوە. (میشێل سیمینۆڤیچ)یش گەڕایەوە. کارەکەر سەماوەری ئامادە کردبوو. لەسەر سفرە دانیشتن.

(میشێل سیمینۆڤیچ) پیالە چایەکی خواردەوەو قلوونەکەی داگیرساندو بانگی کوێخای کردو گوتی:

- کاروبار چۆن دەڕوا؟ ئایا فەرمانەکانی منت جێ بە جێ کرد؟ ئایا جوتیارەکان خەریکی جووتن؟

- چ فەرمانێکت پێکردم، جێ بە جێم کرد. ئەی (میشێل سیمینۆڤیچ)

- باشە. بە گوێیان کردی؟

هەموویان! هەر یەکەم بردە ئەو شوێنەی دەبێ بیکێڵێ.

- بردتن؟! بەڵام ئایا ئەو تەوەزەلانە کار دەکەن؟ برۆ بزانە چ دەکەن؟ پێیان بڵێ دوای کەمێکی تر، من دەچم بزانم چی دەکەن؟ دەمەوێ هەردوو کەس هکتارێك بکێڵن. وریا بە ئێشەکە دەبێ پوختە بێ! ئەگەر تاوانبارێك ببینم، گوێ پێ نادەم کە ئەمڕۆ ڕۆژێکی پیرۆزە.

- ئیرادەی تۆ فەرمانە.

کوێخا ویستی زوو بڕوا، بەڵام (سیمینۆڤیچ) بانگی کرد. سەرکاری ڕەقەکار ئاسایی نەبوو. شلەژا بوو. دەتگوت لە سەر دڕکانی رادەکێشن! زمانی لە بەینی ددانەکانی دەگەڕا. شتێکی لە دڵدا بوو دەیەویست بیڵێ. شتێ هەراسانی کردبوو. گوتی:

- بە راست. دەمەوێ قسەیەکت پێ بڵێم. باش گوێ لە قسەی ئەو تەوەزەلانە بگرە. هەوڵدە بزانە چی دەرهەق بە من دەڵێن. ئەگەر ئەو هیچو پووچانە غەیبەتم دەکەن، بە دروستی پێم بڵێ. ئا! من دەیانناسم! ئەو چرووکانە! هەموو خەمیان ئەوەیە خواردنی باش بخۆن. باش بخۆنەوەو لەسەر کەوڵە مەڕ پاڵ بکەون. بەڵام گوێ بە کار کارکردن نادەن. گوێ لە قسەکانیان بگرە. بەڵام خۆت مەهێنە سەر ئەو شکلە. هەر یەکە چی دەڵێ، وەرەوە پێم بڵێ. من دەبێ هەموو شتێ بزانم! تەنانەت کەمترین قسەیشیان. بڕۆ! گوێت بکەوە. نەکەی هیچیم لێ بشاریتەوە.

کوێخا گەڕایەوە. یەکسەر خۆی هەڵدایە سەر خانەی زینو رووی کردە لای جوتیارەکان.

ژنەکەی (میشێل) گوێی لە هەموو شتێ بوو، بە نەرمیو بە ناورانەوە چووە لای مێردەکەی. ژنێکی نەرمو ناسك بوو. جوتیارەکان هەر دەردێکیان بەسەر بهاتایە، ئازاری پێ دەخوارد. دەیپاراستن. زۆر جار مێردی هەڵچووی هێور دەکردەوە. بە دڵی خەفەتبار تکای لێکرد. بە لاواندنەوە، گوتی:

- ئەی هاوڕێی رۆحم، (میشێل)ی ئازیز، لە بیرت نەچێ ئەمڕۆ رۆژی جەژنی گەورەیە! ئەو رۆژە پیرۆزەی بۆ خوا تەرخان کراوە. گوناهی گەورە مەکە، هاوڕێ!! بۆ خاتری مەسیح، ئەمڕۆ لێگەڕێ جوتیارەکان ئازاد بن!!

بەڵام (میشێل سیمینۆڤیچ)، قسەی ژنەکەی بە گوێدا نەچوو. بە پەنجە هەڕەشەی کردو بە پێکەنینێکی پیس وەڵامی دایەوە:

- دەمێکە قەپرغەت چزەی قامچی نەچەشتووە. ئەمە روونە. ئەگەر بتەوێ ئامۆژگاریم بکەی، خۆت تێکەڵ شتێ دەکەی کە هیچی لێ تێناگەی!

- (میشنکا)، هاورێی میهرەبانم، ئامۆژگاری من رەت مەکەوە. دەزانی خەونێکی چەند پەرێشانم پێوە دیوی!ا خەڵك گریانیان بۆت دەهات. گریان! ئای خەونێکی ترسناك بوو! ئەمرۆ رۆژی جەژنی پیرۆزە، جوتیارەکان ناچار مەکە کار بکەن!

- تۆو هەقی شەیتان! هەقت بە سەر کاری منەوە نەبێ! گەوجە! لەوە زیاتر کێس لە سەبرو هەدارم وەرمەگرە! بێدەنگ بە! ئەگەر نا، جەڵدەت لە ورگ دەدەم ! ئەوسا ئاوازەکە شتێکی تر دەبێ.

سەرکار ئەمەی گوت و وەك شێتی هاروهاچ پری بە ژنەکەی دا کردو بە سەری قەلوونەکەی زەبرێکی زۆر توندی لە دەمی دا. ئینجا دەری کرد. بە دەنگێکی توندو تیژ فەرمانی پێکرد خواردنی بۆ بێنێ. شۆربایەکی ساردو کولیچەیەکی بە گۆشت و دوو قاپە کەرەمی بە سرکەو گۆشت بەرازو حەلوا بە نقیشکیان بۆ هێنا. وەك ئەمیران بە تامو چێژ خواردی. سەرەرای هەموو ئەمەیش یەك کاسە ئاوی ژیانی خواردەوە. کولیچەکان زۆر بەتام بوون، وەکوو شیرناتی پاش جەم. ئینجا لە دوو چێشتکەرەکەی نارد. چێشتکەرەکە بە فەرمانی ئەو، تێی هەڵکردە گۆرانییەکی خۆش. ئەویش بە شێوەی خۆی سەرپەنجەی لە چەنگەکەی دەدا.

ئەو پیاوە ئاوها بە ئارخەیانی خواردنەکەی هەرس دەکرد. گوێی نە بە خەڵك و نە بە خوا نەدەدا. وردە وردە پەنجەی لە سەر ژێی چەنگ

وەستا. لەگەل چێشتکەرەکە دەستی بە گاڵتە کردو کەوتە قسەو باسی دڵداری.

بەڵام گەڕانەوەی کت‌و پڕی کوێخا ئەو گفت‌وگۆیە دووقۆڵییەی لێ تێکدان. کوێخا تەواو داهاتەوەو چاوەڕێی کرد فەرمانی قسەکردنی بدەن.

- باشە! ئەو هیچ‌و پووچانە چ دەکەن؟ ئایا باش ئیش دەکەن؟ ئایا لە کاتی دیاریکراودا کارەکەیان تەواو دەبێ؟

- تا ئێستا نیوەیان زیاتر کردووە.

- ئایا گاسن هەموو شوێنێکی گرتووە؟ خۆ پەڵەیان نییە!؟

- هیچ پەڵەم نەکەوتە بەرچاو. کارێکی پوختە کراوە. دەترسن...

- پێم بڵێ، ئایا گاسنیان باش داگرتووە؟ زەوییەکەیان توند هەژاندووە

- زەوی ئێرە سووکە وەك تۆز بەرز دەبێتەوە.

سەرکار نەختێ بێدەنگ بوو. لە بیرکرنەوەی نیگەرانی نقووم بوبوو. دەستی پێکردەوە:

- شتی باشە، بەڵام پێت نەگوتم جوتیارەکان رایان لە بارەی منەوە چییە؟ بێ شك پاش ملە قسەی خراپم پێ دەڵێن! نەختێ باسی قسە خراپەکانیانم بۆ بکە.

کوێخا لە وەڵام دانەوە دوودڵ بوو. بەڵام سەرکار بە تووڕەیی فەرمانی پێکرد قسە بکا:

- دەمەوێ هەموو شتێکم پێ بڵێی. دەمەوێ گوێم لە قسەی ئەوان بێ، نەك قسەی تۆ! ئەگەر راستیم پێ بڵێی؟ پاداشتی خۆت

وەردەگری. بەڵام ئەگەر بە خەیاڵت دا بێ شتێ لە من بشاریتەوە، شتەکە هەرچی هەبێ، جەڵدەت لێ دەدرێ. وا دەزانی لەوانی دی، زیاتر لە تۆ دەپەنگێمەوە؟ یاللا (کاتیۆشا)، کاسەیەك ئاوی ژیانی بۆ تێکە. با گوێی زمانی بکرێتەوە.

چێشتکەرەکە بە قسەی کرد. کاسەیەکی پڕ ئاوی ژیان کردو بۆ کوێخای راداشت. ئەویش ورتە ورتێکی کرد: (لە تەندروستیت!) بە یەك فڕ، هەموو شەرابەکەی خواردەوەو لێوی خۆی سڕییەوەو خۆی بۆ وەڵامدانەوە ئامادە کرد. لە دڵی خۆیدا گوتی: (هەرچی دەبێ، با ببێ. تاوانی من نییە جوتیارەکان پێی هەڵنالێن. مادام وای دەوێ، با گوێی لێ بێ!)

کە بەم جۆرە زاتی چووە بەر، دەستی بە قسە کرد:

- جوتیارەکان بێزارن، ئەی (میشێل سیمینۆڤیچ)، بە ئاشکرا گلەیی ناخۆش دەکەن!

- دە قسە بکە.چی دەڵێن؟

هەندێکیان دەڵێن تۆ بڕوات بە خوا نییە.

سەرکار تریقایەوەو قاقا پێکەنی:

- چ خوێڕییەك وا دەڵێ؟

- هەموویان وا دەڵێن. پێیان وایە تۆ خۆت بە دەست شەیتانەوە داوە.

سەرکاردیسان قاقا پێکەنیو گوتی:

- خۆشە! زۆر خۆشە! بەڵام یەك یەك باسیان بکە. بۆ نموونە (ڤاسکا) چی دەگوت؟

- کوێخا هەندێ خزمو برادەری هەبوو، دەیەویست بیانپارێزێ. بەلام (ڤاسیلی؟) چەند ساڵ بوو دوژمنداریەکی گەورەی لەگەڵ سەرکار هەبوو.

بە بێ دوودڵی گوتی:

- (ڤاسیلی) لە هەموویان زیاتر دەنەڕێنێو کەف دەچڕێنێ.

- باشە. دە قسە بکە! دەمەوێ گوێم لە قسەکانی بێ.

- قسەکانی ترسناکن. کە بیری لێ دەکەمەوە، موچڕکم پێ دادێ. هەڕەشەت لێ دەکاو دەڵێ: پێویستە پیاوی وەکوو تۆ بە توندو تیژی کۆتایی بێ.

سەرکار بەم قسەیە شادتر بوو، گوتی:

- دەك لەعنەتی لێدا. قسەی چەند ڕەپە! ئەم (ڤاسیلی)یە پاڵەوانێکی ڕاستەقینەیە. دەك بەلای لێدا! ئەی لەسەر چی وەستاوە؟ بۆچی وەك کەودەن چاوی تێبڕیوم؟ بۆچی نایە یەکسەر سەرم هەڵکێشێ؟ ڕەنگە ئەم فیشاڵکەرە شتەکەی بە لاوە ئاسان نەبێ. نەختێ چاوەڕێ بکە. (ڤاسکا)، ئازیزەکەم، (ڤاسکا)، ئێمە ئەم دووە لە بەینی خۆمانەوە قسە دەکەین!... با بچینە سەر یەکێکی تر...

- ئەم سەگە، (تیشکا)، چ حەپە حەپ دەکا!

- هەموو بە ڕەقی قسەت دەرهەق دەکەن!

- بەڵێ، بەلام پێم گوتی دەمەوێ یەك یەك بۆم باس بکەی

- ڕووم نایە قسەکانیان دووبارە بکەمەوە.

- ئەو ناسکییەتان دیوە؟ ئاخ! دەی، ئاخیری قسە ناکەی؟

- خۆزگە دەخوازێ ورگت بدڕێو ڕیخەڵۆکت بە گۆڕێ وەر بێ!

سەرکار زیاتر شاد بو. ئەوەندە پێکەنی، خەریك بوو قەپرغەی بپچڕێ!!

- دەبینین کامەمان یەکەم جار ڕێخۆڵەی بە گۆڕێ وەر دەبێ! من، یان ئەو بۆرەپیاوانە؟! ئەوە کێ وای گوت؟ بێشك، (تیشکا) بووە!؟

- کەس قسەیەکی باشی نەکرد. هەموو جوێن‌و هەڕەشەیان لە سەر زمان بوو. یەك لە یەك زیاتر!

- ڕاست دەکەی! ئەدی (بیترۆشکا میکییێڤ)ی دووفاق؟ وا بزانم ئەویش وەکوو ئەوانی دی بە قسەی شیرین جوێنم پێ دەدا!

- نا. (میشێل سیمینۆڤیچ) هیچ قسەی پیسی لە دەم نەهاتە دەرەوە.

- ئەدی چی دەگوت؟

- لە ناو هەموویان تەنیا ئەو بێدەنگ بوو. ئەم پیاوە نموونەی نییە. تۆ نازانی چ شتێکم لێ دی! نا. بڕوام بە چاوی خۆم نەدەکرد!

- شتی چیت لێ دی؟

شتێکی سەیر!! جوتیارەکان واقیان وڕما بوو. باوەڕیان نەدەکرد.

- هەی میرغەزەب، پێم بڵێ چیت دی؟

لە قەد تەلان جووتی دەکرد. کە لێی نزیك کەوتمەوە. ئاوازێکی ناسك‌و دڵبزوێنم کەوتە بەر گوێ. ئەو پیاوە سروودێکی ئاینی دەورینگاند. ئاهەنگێکی زۆر جوان بوو. لە دوورەوە، ڕووناکییەکی کزم لە سەری مژانەی هەوجارەکەی، لە بەینی هەردوو دارخەزنە، بینی دەلەرایەوە.

- ئینجا؟

به راستی نوور بوو. تا نزیکتر دەکەوتمەوە رووناکییەکەی زیاتر دەبوو. زوو زانیم رووناکییەکە لە چییەوە دیّ... شەمالۆك...شەمالۆکێك لەوانەی لەبەر دەرگای کلێسە بە پێنج کوبیکی دەدەن. لەسەری مژانەی چەسپ کرد بوو. بلێسەی لەگەڵ کزە بادا جوان دەلەرایەوە. جوتیارەکە چاکەتی یەك شەممەی لەبەر بوو. بە کاوەخۆ لەبەر دەمی من هۆی دایەوە. هەوجارەکەی راهەژاندو گاسنی بادایەوەو کەوتە سەر دیرێکی تازە. بلێسە بچووكو رووناکەکەیش هەر دەسووتا.

- چی دەگوت؟

- تەنیا یەك قسەی دەکرد. کە منی بینی، هیوای جەژنێکی خۆشی بۆ خواستمو دەستی بە سروودی خۆی کردەوە.

- هیچ قسەی ترتان نەکرد؟

- نا، نەمزانی چی لە بارەی کارەکەیەوە پیّ بلێم؟ جوتیارەکانی تر پێی پێدەکەنینو تیزیان پیّ دەکردو پێیان دەگوت:

- هەی شێتی بەسەزمان، خۆڕا سروود دەخوێنیتەوە. ئەم سروود خوێندنەت وای نەکرد ئەمڕۆ کار نەکەی. پێویستە دوعاو نوێژو تۆبە بکەی بۆ ئەوەی لەم گوناهەت پاك بیتەوە.

ئەی (میکییێڤ) چی وەلاّم دەدایەوە:

- سروودەکەی دەبڕیو قسەی ئینجیلی دووبارە دەکردەوە: (*ئاشتی بۆ زەویو شادی بۆ خەڵك*!) ئینجا ئەسپەکەی دەهاژواو دەستی بە کارەکەی دەکردەوە. بلێسە بچووکە شادەکەیش لەبەر کزەبادا دەلەرایەوە.

سەرکار لە پێکەنین وەستاو سەری دانەواند. چەنگەکەی لە دەست بەر بووەوە. بیرێکی رەشی بۆ هات.

ماوەیەك لە بێدەنگییەکی ناخۆشدا بوو. کە کوێخاو چێشتکەرەکەی بە رێ کرد، بە پەلە چووە ناو جێ. دەینالاندو دەپێشماند، دەتگوت گالیسکەیەکی لە قورچەقیو لە ناو زەندۆڵ دەردێنێ. ژنەکەی هات. زۆر نیگەران بوو. لێی پرسی چییەتی؟ بێ هودە تکای لێکردو لێی پاڕایەوە، نەیتوانی لەو وشانە زیاتر هیچی لێ دەربێنێ کە بەردەوام دووبارەی دەکردەوە:

- بۆڕی دام! تووشی شتێ هاتووم. ئێستا نۆرەی منە!

- ژنەکەی بە ناسکی دنەی داو پێی گوت:

- زاتت بێتەوە بەر! پیاوێژگە، هەستە برۆ ئەو جوتیارە بەسەزمانانە ئیزن دە! هەموو شتێ چاك بوونەوەی هەیە! بۆچی بە شتێکی هیچ، وا رووخاوی؟! تۆ بێ دوودڵی، زۆر کاری ترسناکت دەکرد.

کابرا بە ناڵە ناڵ لە قسەکەی بەردەوام بوو:

- فەوتام! بۆڕی دام! تۆ هەوڵ دە لەمەودا بە سەلامەتی، بەبێ ئازار، لەو بەڵایە دەربچی! خەمی من زۆر گەورەیە، تۆ تێی ناگەی.

لەبەر غەم دەتلایەوەو لە ناو نوێن تلی دەداو خۆی وەردەگێرا.

رۆژی پاشی، کاری ئاسایی خۆی دەست پێکردەوە. بەڵام زۆر گۆڕا بوو. (میشێل سیمینۆڤیچ) نەدەناسرایەوە. غەم دڵی دەکرۆشت. لەو کاتەوە ژیانی غەمباری راکێشاو لێ گەڕا کارو بار بە کەیفی خۆی بڕوا. پێی باش بوو، بێ ئیش لە ماڵەوە بێ و دەرنەچێ.

که دەرەبەگەکە هات زەوییەکانی بە سەر بکاتەوە. لە دوو سەرکاری نارد. پێیانگوت نەساخە. دووبارە داوای کرد، هەمان وەڵامیان دایەوە. بەڵام زوو زانی (میشێل سیمینۆڤیچ) خووی بە خواردنەوە گرتووە. ژیانێکی بۆش دەژیو مێشکی خەریکە وردە وردە تاریک دادێ. ئەو پارەی مابووی لە شەراب چوو. کابرای بەدبەخت لە کۆتاییدا، بەربووەوە تەپانێ بنی. وای لێهات لێفەکانی ژنەکەی فرۆت بۆ ئەوەی لای خاوەنی مەیخانە بە ئاوی ژیانی بدا!

ئەو جوتیارانەی لەگەڵیان توندو تیژ بوو، بەزەییان بە کلۆڵیی دەهاتەوە. پارەیان دەدایە بۆ ئەوەی بخواتەوەو خەمی خۆی تێدا بتوێنێتەوە.

ماوەیەکی زۆر بەو ژیانەی ئاژەڵانە نەژیا. ساڵێکی بە سەردا تێنەپەڕی، ئاوی ژیان لە ناوی برد.

(٨)

# گوناهكاری تۆبەكار

ئینجا بە یەسووعی گوت: (ئەگەر هاتمە مەلەكوتت، ناوم بێنە).
یەسووع پێی گوت:
(راستیت پێ دەڵێم. تۆ ئەمڕۆ لەگەڵ من لە بەهەشت دەبی!)

***

كابرایەكی حەفتا ساڵی هەبوو. هەموو ژیانی خۆی بە گوناه كردن بردە سەر. كابرا نەخۆش كەوت، هەر تۆبەی نەكرد.
كە هات بمرێ، لە دوا هەناسەدا، گریاو گوتی:
- خوایە، لێم خۆش بە وەكوو لە سەر خاچ لە دوو دزەكە خۆش بووی؟
ئەمەی گوتو گیانی سپارد. رۆحەكە خوای خۆش دەویست. بڕوای بە روحی خوا هێناو فڕی بۆ بەر دەرگای بەهەشت.
گوناهكارەكە لە دەرگای دا. پاڕایەوە دەرگای بەهەشتی لێ بكەنەوە. لە پشت دەرگا گوێی لە دەنگێك بوو:
- ئەو مرۆڤ كێیە لە دەرگای بەهەشت دەدا؟و لە سەر زەوی چۆن دەژیا؟

کابرای گوناهکار وەڵامی دایەوەو گوناهەکانی ژمارد. باسی هیچ کارێکی باشی نەکرد.

دەنگەکە لە پشت دەرگا گوتی:

- گوناهکاران ناچنە مەلەکووتی خوا. بڕۆ رانەوەستی.

کابرا گوتی:

- گەورەم، گوێم لە دەنگتە بەڵام رووت نابیمو نازانم ناوت چییە؟

- من (پترۆس)ی تەتەرم.

گوناهکارەکە گوتی:

- ئەی (پترۆس)ی تەتەر، روحم پێ بکە! بیر لە بێهێزیی مرۆڤو روحی خوا بکەوە. ئەتۆ نەبووی شاگردی مەسیح بووی؟ نەتۆ نەبووی بڕوات لە زاری ئەوەوە وەرگرت؟ ژیانی ئەو سەرمەشق بوو بۆ ژیانی تۆ. بە بیر خۆتی بێنەوە: رۆحی ئازاری دەخوارد. سێ جار داوای لێکردی نەخەوی‌و هەر نوێژ بکەی. خەوتی، خەو پێڵووی بەستی. سێ جار بەسەر داهات تۆ خەوتبووی. ئەوەیش بە بیر خۆت بێنەوە: تۆ بە هیوای رزگاربوونی رۆحی خۆت، بەڵێنت پێدا، نکوولی لێ نەکەی‌و کە بردیان بۆ لای سەرۆکی کاهینان، سێ جار نکوولیت لێکرد. تۆ ئاوهات کرد. بانگی کەڵەشێریش بیر خۆت بێنەوە کە چوویتە دەرەوە بە کوڵ دەگریای. تۆ ئەوهات کرد. تۆ نابێ لە دەرەوە جێم بیلی.

دەنگی پشت دەرگای بەهەشت: کپ بوو. دوای چرکەیەك، گوناهکارەکە دیسان لە دەرگای داو پاڕایەوە مەلەکووتی ئاسمانی لیٚ بکەنەوە.

گوێی لە دەنگێکی تر بوو، لە پشت دەرگا گوتی:

- ئەو مرۆڤە کێیە؟و لە سەر زەوی چۆن دەژیا؟

دیسان دەنگی گوناهکارەکە وەڵامی دایەوە. هەموو گوناهەکانی کابرای ژماردو باسی یەك کاری چاکی نەکرد.

دەنگەکەی پشت دەرگا دیسان گوتی:

- بڕۆ. گوناهکاری وا گەورە ناشیٚ لە گەڵ ئێمە لە بەهەشت بژی.

کابرا گوتی:

- گەورەم، گوێم لە دەنگتە. بەڵام رووت نابینمو نازانم ناوت چییە؟

دەنگەکە وەڵامی دایەوە:

- من (داود) پاشای پێغەمبەرم.

گوناهکارەکە نائومێد نەبوو، لەبەر دەرگای بەهەشت نەڕۆیشت.

گوتی:

- ئەی (داود) پاشا رەحم پیٚ بکە! بیر لە بێهێزیی مرۆڤو رەحمی خوا بکەوە. خوا تۆی خۆش دەویست. لە سەرووی هەموو خەلکێکی دانای. هەموو شتێکی پێدای: موڵكو شکۆو زێڕو کچ‌و دۆست‌و منداڵ. بەڵام تۆ کاتیٚ لەسەر بان ژنی پیاوێکی

کلۆڵت بینی، گوناهت بەسەردا زاڵ بوو. ژنی (ئوری)ت بانگ کردە لای خۆتو کابرات خستە بەر دەمی شیری عەمورییەکان...تۆی دەوڵەمەند، تاکە مەڕی کابرات بردو کابرایشت کوشت. تۆ ئاوهات کرد. ئەوەیش بە بیر خۆت بێنەوە چۆن تۆبەت کردو گوتت: (دان بە تاوانەکەم دەنێمو لە گوناهی خۆم پەشیمانم.) تۆ ئاوهات کرد. تۆ نابی لە دەرەوە جێم بێڵی.

دوای نەختێ، گوناهکارەکە دیسان لە دەرگای داو پاڕایەوە دەرگای مەلەکووتی ئاسمانی لێ بکەنەوە.

دەنگی سێیەم لە پشت دەرگاوە هات گوتی:

- ئەم مرۆڤە کێیە؟و لەسەر زەوی چۆن ژیاوە؟

بۆ جاری سێیەم دەنگی گوناهکارەکە وەڵامی دایەوە. هەموو گوناهەکانی ژمارد. باسی یەك کردەوەی چاکی نەکرد.

دەنگەکە لە پشت دەرگا گوتی:

- برۆ. گوناهکاران نایەنە ناو مەلەکووتی ئاسمان.

کابرا گوتی:

- من گوێم لە دەنگتە، بەڵام رووت نابینمو نازانم ناوت چییە؟

- من (یۆحەننا)ی ئینجیلیی شاگردی دڵپەسەندی مەسیحم.

گوناهکارەکە کەیفخۆش بوو. گوتی:

- ئێستا نابێ لە دەرەوە بمێنمەوە. (پترۆس)و (داود) لێدەگەڕێن بێمە ژوورەوە چونکە دەزانن مرۆڤ بێهێزەو خوا بە رەحمە.

تۆیش لێم دەگەڕێی بێمە ژوورەوە چونکە هەموو گیانت خۆشەویستییە. تۆ (یۆحەننا)ی ئینجلیی نیت کە لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی:

*(خوا، (خۆشەویستی)یە! ئەوەی خەڵکی خۆش ئەوێ، خوا ئاناسێ.)* تۆ نەبووی بە پێی هەمیشە دووبارەت دەکردەوە: (براینە، با یەکترمان خۆش بوێ!) تۆ چۆن سووکایەتی بە من دەکەی‌و ئێستا چۆن رەتم دەکەیتەوە؟ یان دەبێ نکوولی لە قسەکەت بکەی، یان دەبێ منت خۆش بوێ‌و مەلەکووتی ئاسمانم بۆ بکەیتەوە.

دەرگا کرایەوەو کەوتە سەر پشت. (یۆحەننا)ی ئینجیلیی، باوەشی بە کابرای گوناهکاری تۆبەکاردا کردو رێگای دا بچێتە مەلەکووتی ئاسمان.

# یەکەم دڵۆپێن

## (١٨٨٥)

ڕۆژێ، جوتیارێکی هەژار، بێ ئەوەی هیچ بخوا، پارچە نانێکی لەگەڵ خۆی بردو چوو زەوی بکێڵێ. هەوجاڕی دابەست. پارچە نانەکەی لە ژێر بنە پرچکێك داناو کەواکەی بەسەر دادا بۆ ئەوەی بیشارێتەوە.

ئەسپ پێویستی بە حەسانەوەو جوتیار پێویستی بە خواردن بوو. جوتیارەکە ئەسپەکەی کردەوەو بەری هەڵدا بلەوەڕێ. چووە لای بەپرچکەکە بۆ ئەوەی نانەکە بخوا. کەواکەی بلند گرت، تەماشای کرد. پارچە نانەکە نەما بوو. ئەوەندەی چاوی گێڕاو ئەو ناوەی پشکنی‌و کەواکەی هەڵگێڕو وەرگێڕ کردو دایوەشاند، هیچ نان دیار نەبوو.

جوتیارەکە سەری سوڕما. بیری کردەوە:

- سەیرە! کەس نەهاتۆتە ئێرە! لەگەڵ ئەوەشدا نانەکەیان بردووم.

دزەکە شەیتانێکی بچووك بوو. کاتێ جوتیار جووتی دەکرد، نانەکەی بردو خۆی لە پەنا بنە پرچکەکە شاردەوە بۆ ئەوەی گوێی لە جوتیارەکە بێ بزانێ چۆن تووڕە دەبێ‌و بانگی شەیتان دەکا.

جوتیارەکە بێزار بوو. گوتی:

- خۆ لە برسان نامرم! بێ شك ئەوەی بردوویەتی برسی بووە. با بیخوا نۆشی گیانی بێ!

جوتیارەکە رووی کردە سەرکانی. تینوێتی خۆی شکاندو نەختێ پشووی دا. ئەسپەکەی لە هەوجارِ دابەستەوەو دەستی بە جووت کردەوە.

شەیتانی بچووك تووڕە بوو چونکە نەیتوانی گوناهی پێ بکا. چووە لای گەورەی شەیتانان بۆ ئەوەی پرسی پێ بکا چ بکا؟ بۆی باس کرد چۆن نانی جوتیارێکی دزی‌و چۆن جوتیارەکە لە باتی ئەوەی تووڕە ببێ، گوتی: (ئەوەی بردوویەتی، با بیخوا نۆشی گیانی بێ!)

سەرۆکی شەیتانان لەم چیرۆکە تووڕە بوو. گوتی:

- جوتیارەکە گەمەی پێکردووی. چونکە تۆ بە چاکی‌و بە وریایی نەجوولایتەوە. ئەگەر لێ بگەڕێین جوتیارەکان بە خۆو بە ژنەوە گالتەمان پێ بکەن، ژیانمان نامێنێ. بەلام نابێ شتەکە وا بڕوا. بڕۆ بگەڕێوە لای جوتیارەکە. ئەگەر بتەوێ نان بخۆی، دەبێ حەلالی بکەی! من سێ سالْ مۆلەتت دەدەم بۆ ئەوەی بەسەر ئەو جوتیارەدا زال ببی. ئەگەر لەم ماوەیەدا سەرکەوتوو نەبووی. لە ئاوی پیرۆزت هەلدەکێشم.

شەیتانی بچووك لەم هەڕەشەیە تۆقی. هەر رایکرد بۆ سەر زەوی جوتیارەکە. بە دوای رێگایەکدا گەڕا بۆ ئەوەی تۆلەی گەوجاتی خۆی بکاتەوە. زۆری بیر کردەوە. پاش بیر کردنەوەیەکی زۆر، رێگایەکی دۆزییەوە.

خۆی کردە پیاوێکی چاك. چوو بوو بە نۆکەری جوتیارەکە. پێشبینی وشکەساڵی دادێی کردو ئامۆژگاری ئاغاکەی کرد گەنم لە زەوی شۆرەکات بچێنێ. جوتیارەکە بە قسەی نۆکەرەکەی کرد، گەنمی لە زەوی شۆرەکات چاند. هەموو جوتیارەکانی دی، خوڕ دەغڵی سووتاندن. تەنیا جوتیارە هەژارەکە دەغڵێکی زۆری هات. تا وەرزی پاشی نانی لە بڕان بوو. بگرە نانی زۆر لە پێویستی خۆی زیاد بو، بۆ دوای ئەوەیش مایەوە.

ئەم جارە کە وەرزی تۆو کردن هات، نۆکەرەکە ئامۆژگاری ئاغاکەی کرد دەغڵ لە شوێنی بەرز بچێنێ. ئەو ساڵە بارانێکی یەکجار زۆر باری.

دەغڵی هەموو جوتیارەکان رسکاو شکایەوە ناو یەکو رزی. نەدورراوە. کەچی جوتیارەکە دەغڵی لە جێگای بەرز چاند، دەغڵێکی زۆری هات. جێی نەبوو دەغلی تێ بکا.

ئەوسا نۆکەرەکەی فێری کرد بە دڵۆپاندن ئاوی ژیان لە گەنم دەربێنێ. خۆی خواردییەوەو دەرخواری خەڵکیشی دا. دوای ئەوە شەیتانی بچووك گەڕایەوە لای سەرۆکی شەیتانانو پێی راگەیاند کە نانی خۆی حەڵاڵ کردووە.

سەرۆکی شەیتانان سوور بوو خۆی پێ بکەوێ کە ئیشەکە وایە. چووە ماڵی جوتیارەکە. دیتی پیاوە گەورەکانی داوەت کردووەو ئاوی ژیانیان پێدەدا. کابانی ماڵێ خۆی خزمەتی دەکردن، دەسووڕایەوە، لە ناکاو خۆی لە گۆشەی مێز داو کاسەیەکی پڕی رژاند. جوتیارەکە لە ژنەکەی بەر بوو، گوتی:

- ئەمەتان دیوە؟ لە هەموو شەیتانان گەوجترە! باشە، تۆ وا دەزانی ئاوی ژیان ئاوی ڕێژەو پێژەیە ئاوا بە گۆڕێی وەردەکەی!!
شەیتانی بچووك ئانیشکێکی لە سەرۆکی شەیتانان داو پێی گوت:
- تەماشات کردووە؟ دڵنیام ئێستا لە نانەکەی پەشیمان دەبێتەوە.
کە جوتیارەکە ڕقی خۆی بە ژنەکەی دارِشت، دەستی دایە شووشەو بۆ میوانانی تێکرد. کاتێ ئەوان پەرداخیان لەیەك دەدا، جوتیارێکی هەژار هات کەس چاوەڕێی نەدەکرد. سڵاوی لە ئامادەبووان کردو لە قوژبنێك دانیشت. دیتی دەخۆنەوە. حەزی دەکرد ئەویش هەندێ ئاوی ژیان بخواتەوە بۆ ئەوەی هێزو گوڕی بێتەوە بەر. بەڵام هەر لە قوژبنەکەی مایەوەو خووزی قووت دایەوە. خانەخوێ، دڵی نەهات نەختێ ئاوی ژیانی بۆ تێبکا. هەر بۆڵە بۆڵی دەکرد:
- ئەمن پێم دەکرێ بای هەموو کەس ئاوی ژیان دروست بکەم؟!
سەرۆکی شەیتانان بەمە شاد بوو. شەیتانی بچووك، شانازی بە خۆی دەهات، پێی گوت:
- هەر ئەوەندە نییە. تۆ نەختێ بوەستە!
کە جوتیارە دەوڵەمەندەکانو خانەخوێ کاسەی خۆیان خواردەوە، دەستیان بە پیاهەڵدانی یەکتر کرد. مەتحی یەکتریان دەکردو قسەی شیرینیان لەگەڵ یەك دەکرد.
لەو قسانەی کردیان، سەرۆکی شەیتانان، یەك وشەی لە دەست دەرنەچوو. دڵنیایی خۆی بۆ شەیتانی بچووك دەربڕیو گوتی:
- مادەم شەراب تا ئەو ڕادەیە کردنی بە مەراییکەر کە یەکتر تەفرە بدەن، تەواو کەوتنە ژێر دەسەڵاتی خۆمان.

شەیتانی بچووک وەڵامی دایەوە:

- تۆ راوەستە با کاسەیەکی بچووکی تر بخۆنەوە، ئەوجا تەماشایان بکە!. ئێستا دەیانبینی وەك رێوی لەنجە دەکەن و کلك با دەدەن و هەوڵ دەدەن یەکتر بخاپێنن. دوای کەمێکی تر تەماشا کە، دەبینی وەك گورگ مخەننەت و دڵپیسن.

خانەخوێ یەکەو کاسەی بچووکی تری بۆ میوانەکان تێکرد. دەستیان بە هاوارو بانگ کرد. لە باتی قسەی شیرین کەوتنە جوێندان بە یەکتری. هەڵدەچوون و بە شەڕ دەهاتن و لێکیان دەداو لووتی یەکتریان دەشکاند. کە خانەخوێ ویستی بکەوێتە بەینیان، تێرو پڕیان لێدا.

سەرۆکی شەیتانان بەم دیمەنە زۆر دڵخۆش بوو. گوتی:

- ئەوەتا ئیش بە باشی دەڕوا. بەڵام شەیتانی بچووك وەڵامی دایەوە: راوەستە با کاسەیەکی بچووکی تر بخۆنەوە. ئێستا وەکوو سەگی هارن، لەگەڵ کاسەی سێیەم، وەکوو بەرازیان لێ دێ.

جوتیارەکان کاسەی سێیەمیان خواردەوە. دەتگوت لێیان گۆڕاوە. دەستیان بە خوڕەخوڕ کرد هەموو بە یەکەوە قسەیان دەکرد، بێ ئەوەی خۆیشیان بزانن چی دەڵێن و بێ ئەوەی کەس گوێ لە کەس بگرێ. ئینجا یەك یەك و دوو دوو و سێ سێ بەم لاو بە لادا پەرت بوون و بڵاوەیان کرد. خانەخوێش چووە دەرەوە بۆ ئەوەی میوانەکانی بە رێ بکا. گلۆر بووەوە ناو گۆمیلکە ئاوێك. وەك بەراز لە ئاوەکە دەگەوزی و خوڕە خوڕی دەکرد.

سەرۆکی شەیتانان دەستی هەڵگلۆفت‌و کە ئەمەی بینی زیاتر شاد بوو. بە شەیتانی بچووکی گوت:

- هەقتە شانازی بە داهێنانی ئەم شەرابە عاجباتییە بکەی!! شایەنی ئەم شارەزاییەی! ئێستا پێم بڵێ ئەم شەرابەت لە چی دروست کرد؟ بێ شك بۆ دروست کردنی ئەم شەرابە، سێ شتت لێکداوە: یەکەم خوێنی رێوی کە فێڵی رێویی بردە دڵی جوتیارەکان. دووەم خوێنی گورگ کە وەك گورگ مخەننەت‌و دڵپیسی کردن‌و سێیەم خوێنی بەراز کە کردنی بە بەراز..

شەیتانی بچووك گوتی:

- نەخێر ئەم رێگایەم بە کار نەهێنا. هەر ئەوەندەم کرد جوتیارەکە لە پێویستی خۆی زیاتر گەنمی هەبێ. گەنمەکە خوێنی گیاندارانی تێدا بوو. بەڵام ئەگەر گەنم هەر تەنیا بای خواردن بکا ، ئەم خوێنە کاریگەری نابێ. وەکوو ئەو کاتەی کە جوتیارەکە سووی لە پارچە نانەکە نەبووەوە. بەڵام کە دەغڵ زۆر هات، جوتیارەکە بە دوای هۆیەکدا گەڕا بۆ بە کارهێنانی گەنمە زیادەکە. ئەوسا فێرم کرد چۆن بە دڵۆپاندن، ئاوی ژیان لە گەنم بگرێ. کە بۆ خۆشی خۆی، نیعمەتی خوای گۆڕی بۆ ئاوی ژیان‌و خواردییەوە، خوێنی رێوی‌و خوێنی گورگ‌و خوێنی بەراز کاری خۆیان کرد. ئێستایش هەر جارەی ئاوی ژیان بخواتەوە، یەکسەر وەکوو ئەو جانەوەرانەی لێدێ.

سەرۆکی شەیتانان جارێکی تر پیرۆزبایی لە شەیتانی بچووك کرد. پارچە نانەکەی دایەو پایەیەك بەرزی کردەوە.

# سێ پیر

(١٨٨٥)

(کورتە چیرۆکێك لە ناوچەی ڤۆلگا)

سەرەك ئوسقەفانی (ئەرکانجیلیسك) سواری کەشتییەك بوو لەو شارەوە دەچووە دێری سولەفکی. نەفەرەکان حاجیو ئەوانەشیان تێدا بوو کە پێیان دەگوترێ پیر (قدیس).(با) لە پشتەوە کەشتەکەی پاڵ دەدا. ئاسمان ساماڵ بوو. کەشتییەکە هیچ نەدەهەژایەوە.

- حاجییەکان هەندێك پاڵیان دابووەوە، هەندێك نانیان دەخوارد، هەندێکی تر کۆمەڵ کۆمەڵ دانیشتبوون. قسەیان دەکرد. سەرەك ئوسقوف لە ژوورەکەی خۆی هاتە دەرەوەو لەم سەری کەشتی بۆ ئەو سەری، دەستی بە پیاسە کرد. کە گەیشتە سەر لووزی کەشتی. تاقمە نەفەرێکی دی. جوتیارێکی قوتە بە دەست ئاماژەی بۆ شتێ دەکرد لە ناوەندی دەریاو قسەی دەکردو ئەوانەی تر گوێیان گرتبوو. سەرەك ئوسقوف وەستاو تەماشای ئەو لایەی کرد کە جوتیارەکە ئاماژەی بۆ دەکرد. تەنیا دەریای بریسکاوەی بەر رۆژ دیار بوو. سەرەك ئوسقوف نزیك کەوتەوە بۆ ئەوی باشتر گوێی لێ بێ. کە جوتیارە قوتەکە چاوی پێکەوت، کڵاوی داگرتو بێدەنگ

بوو. هەروەها ئەوانەی تریش سەریان کۆت کردو بە ڕێزەوە داهاتنەوە.

سەرەك ئوسقوف گوتی:

– خۆتان تێك مەدەن! برادەران، من خۆم هاتم بزانم تۆ چی دەڵێی، ئەی پیاوی خاس!!

بازرگان زاتی دایە بەر خۆیو گوتی:

– ماسیگر باسی پیرانی بۆ دەکردین.

سەرۆك ئوسقوف چووە نزیك مەتەرێز بۆ ئەوەی لەسەر سندووقێك دابنیشێو پرسی:

– کام پیر؟ بۆم باس بکە. گوێم گرتووە. ئاماژەت بۆ چی دەکرد؟

جوتیارەکە ئاماژەی بۆ پێشەوەی خۆی، بۆ دەستەچەپی کەشتی، کرد:

– لێرێهێ! لەو دوورگە بچووکەی لەوێ قیت بۆتەوە. چەند پیرێك بۆ رزگار کردنی رۆحی خۆیان، لەو دوورگەیە دەژین.

سەرەك ئوسقوف پرسی:

– ئەو دوورگەیە لە کوێیە؟

– فەرموو، لە کەرخی دەستم تەماشا کە! تەماشای ئەو پەڵە هەورە بچووکە بکە، باشە! لە ژێرەوە نەختێ بە لای دەستەچەپدا. شتێکی وەکوو شریتێکی باریك وایە!

سەرەك ئووسقوف تەماشای کرد. ئاو لەبەر رۆژ دەبریسکایەوە. هیچی نەبینی. چونکە رانەهاتبوو. گوتی:

– نابیم! ئەو پیرەمێردانە چین لەو دوورگەیە دەژین؟

جوتیارەکە وەڵامی دایەوە:

- پیاوی خوان! لەمێژە گوێم لێ بووە خەڵك باسیان دەکەن بەڵام تا پار رێك نەکەوتبوو بیانبینم، پار دیمن!

ماسیگرەکە گێڕایەوە چۆن پارەکە چووە راوە ماسی. گەرداو هەڵیدایە سەر ئەو دوورگەیە. بەیانی، کاتێ لەوێ دەسووڕایەوە، گەیشتە کووخێکی بچووك. پیرەمێردێکی لە سەر کۆسپەی دەرگا بینیو دوای ئەوە دوو پیرەمێردی تر لە کووخەکە هاتنە دەرەوە. خواردنیان دایەو جلیان وشك کردەوەو یارمەتیان دا بەلەمەکەی چاك بکاتەوە.

سەرەك ئوسقوف گوتی:

- شکڵیان چۆن بوو؟

- یەکێکان قوتە بوو. نەختێ پشت کۆم بوو، کەوتبووە ناو ساڵانەوە. جوببەیەکی دڕاوی لەبەر بوو. بێ شك تەمەنی لە سەدی تێپەڕاند بوو. ریشی سپی، خۆی بە کەسك دەنگاوت. لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە دەخەنییەوە. پاك دەتگوت فریشتەی ئاسمانە! دووەم، کەمێ باڵا بەرزتر بوو. ئەویش پیرەمێرد بوو. کەوایەکی کۆنی لەبەر بوو. ردێنیی سپیی بە سەر سینگدا بڵاو بوبووەوە. ریشی زەرد بوبوو بەڵام کابرا بە هێزو ڤەژەن بوو. بێ ئەوەی من یارمەتی بدەم، وەك سەتل بەلەمەکەمی وەرگێڕا. ئەویش رووی گەش بوو. سێیەمیان هەر زۆر کەڵەگەت بوو. ریشی تا سەر زرانی هاتبوو. دەتگوت رووباری

بەفرە. رووت‌و قووت بوو. تەنیا پارچە حەسیرێکی وەکوو زوننار بەستبوو.

سەرەك ئوسقوف پرسی:

- قسەیان لەگەڵ کردی؟

- بە کپ‌و بێدەنگی کاریان دەکرد. لە بەینی خۆیانەوە کەم دەدوان. تەنیا بە سەرنج لە یەك دەگەیشتن. لەوەی هەرە بە تەمەنەکەیانم پرسی داخۆ لەمێژە لێرە دەژین؟ رووی گرژ کردو چرپەیەکی کرد. هەلبەت وەك ئەوەی تووڕە بووبێ. بەڵام پیرەمێردە قوتەکە یەکسەر دەستی گرت‌و بزەیەکی بۆ کرد. پیرەمێردی باڵابەرز بێدەنگ بوو. ئەوانە تەنیا وشەی شیرین‌و خەندەیان لە نێواندایە.

کاتێ جوتیارەکە بەم شێوەیە قسەی دەکرد، کەشتییەکە لە دوورگەکە نزیك کەوتەوە.

بازرگانەکە گوتی:

- ئەوەتا ئێستا دەیبینین!

بە جوولانەوەیەك، بەردەوام بوو:

- گەورەم، فەرموو تەماشا کە!

سەرەك ئوسقوف تەماشای کرد. بە راستی شریتێکی رەشی بینی. شریتەکە دوورگەکە بوو. سەرەك ئوسقوف تەماشای کرد. ئینجا چوو بۆ ئەوەی لە کەشتیوانەکە بپرسێ:

- ئەو دوورگەیە چییە ئێستا لێرێهێ دیارە؟!

- ناوی نییە. ئەو دوورگە بچووکانە لێرە زۆرن.

ئایا راستە سێ پیرەمێرد بۆ رزگار کردنی رۆحی خۆیان، لەوێ دەژین.؟

- وا دەڵێن! گەورەم. بەڵام من هیچی لێ نازانم. ماسیگران دیویانن. بەڵام رەنگە هەر دمگۆ بێ.

ئوسقوف گوتی:

- حەز دەکەم نەختێ لەم دوورگەیە بوەستم و ئەو پیرەمێردانە ببینم. چی بکەین؟

کەشتیوان وەڵامی دایەوە:

- ئەستەمە کەشتی لە کەنار نزیك بکەوێتەوە. ئەمە بە بەلەم دەکرێ. بەڵام ئەمە روخسەتی کاپتنی دەوێ!

کاپتن هات. سەرەك ئوسقوف گوتی:

- دەمەوێ ئەو پیرەمێردانە ببینم. ناتوانن بمگەیەننە ئەوێ؟!

کاپتن بە پێچ و پەنا وەڵامی دایەوە:

- بۆ ناتوانین؟ دەتوانین. بەڵام کاتێکی زۆرمان دەڕوا. دەتوانم بە جەنابت رابگەیەنم شتەکە ئەو هەموو ماندووبوونە ناهێنێ. بیستوومە ئەو پیرەمێردانە گەوجن. لە هیچ ناگەن. وەك ماسی شەبوت لاڵن!

ئوسقوف سوور بوو:

- من حەز دەکەم بیانبینم. هەقی ماندووبوونەکەیش چییە دەیدەم. بمگەیەننە ئەوێندەر.

چار نەبوو! ئیتر فەرمان بۆ کەشتیوانان دەرچوو و بازی رۆیشتنی کەشتیان گۆڕی. کەشتیوان بەری کەشتی گۆڕی و رووی کردە

دوورگەکە. کورسییەکیان بۆ ئوسقوف بردە لای پێشەوەی کەشتی.
دانیشتو تەماشای کرد.
لەو ماوەیەدا، حاجییەکانیش لە پێشەوەی کەشتی خڕ بوونەوە. چاویان بڕییە دوورگەکە. ئەوانەی چاویان تیژ بوو، کەورو چەقەنە بەردی دوورگەکەیان بینیو ئاماژەیان بۆ کەویلێکی بچووک کرد. بگرە هەندێکیان پیرەمێردەکانیشیان بینی. کاپتن دەستی دایە دووربینەکەیو دایە بەرچاویو ڕووی کردە ئەو لا. ئینجا دایە سەرەك ئوسقوفو گوتی:
– ڕاستە. تۆ تەماشای سەرکەنار بکە! دەستەچەپی شاخە گەورەکە. سێ پیاو لەوێ وەستاون.
سەرەك ئوسقوفیش بە دەوری خۆیەوە دووربینەکەی ڕێك خستو تەماشای کرد. بە ڕاستی، سێ پیاو لەسەر کەنار وەستا بوون. یەکێکیان کەڵەگەت بوو، دووەم هێندەی ئەو درێژ نەبوو، سێیەم قوتە بوو. هەموو دەستی یەکتریان گرتبوو.
کاپتن چووە لای ئوسقوفو گوتی:
– ئێمە دەبێ ئا لێرە بوەستین! گەورەم! ئەگەر هەر سووری دابەزی، دەبێ سواری بەلەم ببی. ئێمە لێرە لەنگەر دەگرین.
یەکسەر پەتەکانیان کردەوەو لەنگەریان فڕێ داو بەلەمیان خستە سەر ئاوی دەریا. سەول لێدەران بازیان هەڵداو سەرەك ئۆسقوف بە پلیکانە چووە خوارێ. کە لەسەر کورسی بەلەمەکە دانیشت، سەول لێدەران سەولیان لێداو بەرەو دوورگەکە چوون. کە بەرداوێژێکیان

ما بگەنە دوورگەکە، سێ پیرەمێردەکەیان بینی: کەڵەگەتەکە رویس بوو تەنیا پارچە حەسیرێکی وەکوو زوننار بەستبوو، ئەوەی بەژن مامناوەنجی بە کەوای دڕاوو قوتەی پشت کوورڕ بە جوببەی کۆنەوە. هەموو دەستی یەکتریان گرتبوو.

سەول لێدەران وەستان بۆ ئەوەی بەلەمەکە ببەستنەوە. سەرەك ئۆسقوف دابەزی. پیرەمێردەکان تەواو بۆی داهاتنەوەو بەخێر هاتنیان کرد. سەرەك ئوسقوف پیرۆزی کردن. ئەوان زیاتر بۆی داهاتنەوە.

ئینجا سەرەك ئوسقوف قسەی بۆ کردنو گوتی:

- ئەی پیرەمێردانی خوای میهرەبان، بیستم ئێوە لێرەن بۆ ئەوەی رۆحتان بە نوێژو پاڕانەوە لە خودانی گەورەمان، لە گوناهی بنیادەم پاك بکەنەوە. بە نیعمەتی خوا بێرە داهاتم، منی خزمەتکاریی خاکیی مەسیح، کە چاوەدێری رەعیەتەکەی دەکا، حەزم کرد بتانبینم، ئەی پیاوانی خوا، تا شتێکتان فێر بکەم، ئەگەر بۆم بکرێ.
پیرەمێردەکان بە بێدەنگی خەنینەوەو تەماشای یەکتریان کرد.
ئۆسقوف گوتی:
- پێم بلێن چۆن هەوڵ دەدەن خۆتان رزگار بکەنو خواپەرستی بکەن.

پیرەمێردی دووەم، واتە ئەوەی مامناوەنجی، هەناسەیەکی هەڵکێشا. تەماشای پیرەمێردی کەڵەگەتو ئینجا پیرەمێردی قوتەی کرد.

پیرەمێردی کەڵەگەت مرووزی گرژ کردو تەماشای پیرەمێردی قوتەی کرد کە بە تەمەن لە هەموویان گەورەتر بوو.

ئەویش خەنییەوەو گوتی:

- ئەی بەندەی خودا، ئێمە نازانین چۆن خودا بپەرستین. ئێمە تەنیا خزمەتی خۆمان دەکەین! گوزەرانی خۆمان بەڕێوە دەبەین!

- ئەی چ دەکەن بۆ ئەوەی بگەن بە خوا؟

پیرەمێردی قوتە گوتی:

- دوعا دەکەین دەڵێین: (تۆ سێی‌و ئێمەیش سێین. رەحممان پێ بکە!)

کە ئەم وشانەی گوت، یەکسەر هەر سێ پیرەمێرد سەریان بەرز کردەوە بۆ ئاسمان‌و بە یەکەوە دووبارەیان کردەوە:

- (تۆ سێی‌و ئێمەیش سێین. رەحممان پێ بکە!)

سەرەك ئۆسقوف بزەیەکی کردو گوتی:

- هەڵبەت باسی سییانەی پیرۆزتان بیستووە. بەڵام دوعاکەتان وەکوو پێویست نییە. من ئێوەم زۆر خۆش دەوێ، ئەی پیرەمێردە میهرەبانەکان. دەبینم ئێوە حەز دەکەن خواتان لێ رازی بێ. بەڵام نازانن چۆن خزمەتی بکەن؟ دوعاتان نابێ ئاوها بێ. گوێ لە من بگرن، فێرتان دەکەم، لە خۆمەوە نا؟ بەڵکو بە گوێرەی کتێبی پیرۆز کە پێمان دەڵێ دەبێ چۆن دوعا بۆ خوا بکەین.

ئۆسقوف بۆ پیرەمێردەکانی باس کرد خودان چۆن لە خەڵك دەرکەوت. ئینجا باسی خوای باوك‌و خودانی کوڕو رۆحی پیرۆزی بۆ کردن... گوتی:

- خودانی کوڕ هاتە خوارەوە بۆ سەر زەوی بۆ ئەوەی خەڵك رزگار بکاو هەموویان فێر بکا چۆن دوعا بکەن. گوێ بگرن‌و قسەکانم دووبارە بکەنەوە.

سەرەك ئوسقوف گوتی:

- باومان.

یەکێ لە پیرەمێردەکان دووبارەی کردەوە:

باومان.

دووەکەی تریش دووبارەیان کردەوە.

- کە لە ئاسمانانە

- کە لە ئاسمانانە.

بەڵام ئەو دوو پیرەمێردەی بە یەکەوە دووبارەیان دەکردەوە، ئەوەی دووەمیان وشەکانی تێکەڵ دەکردو وەکوو پێویست دەری نەدەبڕین. پیرەمێردی دووەم نەیدەتوانی بە دروستی دەریان ببڕێ. مووی سمێڵی دەکەوتەوە ناو دەمی‌و لێوی قەپات دەکرد. بەڵام پیرەمێردە قوتەکە ورتە ورتێکی تێنەگەیشتووی لە زاری کەلۆس دەهاتە دەرەوە.

سەرەك ئوسقوف دوعاکەی دووبارە کردەوە، پیرمێردەکان لە دوویان گوتەوە. ئێنجا لەسەر بەردێك دانیشت. پیرەمێردەکان لە دەوری وەستان، تەماشای دەمیان دەکردو هەوڵیان دەدا، کە قسەی دەکرد، لاسای بکەنەوە. سەرەك ئوسقوف ئەو رۆژە تا ئێوارێ، لە کارەکەی بەردەوام بوو، هەر وشەیەکی دە جار، بیست جار، سەت جار، دووبارە کردەوە. پیرەمێردەکان لە دوای ئەو دووبارەیان

دەكردەوە. ئەگەر لێیان تێكچووبوایە، بۆی ڕاست دەكردنەوەو هەموو شتێكی لە سەرەتاوە پێ دووبارە دەكردنەوە.

سەرەك ئوسقوف، تا هەموو (باومان)ی فێر نەكردنو نەیانتوانی خۆیان بیلێن، سێ پیرەمێردەكەی جێ نەهێشت. پیرەمێردی دووەم زووتر لە بەری كرد. فێر بوو بە یەك جار دووبارەی بكاتەوە. ئوسقوف فەرمانی پێكرد چەند جار لە سەر یەك دووبارەی بكاتەوە تا دووەكەی تریش لەبەریان كرد.

ئێوارێ كە تاریك كەوتە عەردیو مانگ لە ناو دەریادا بەرز بووەوە، سەرەك ئوسقوف هەستا بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە لای كەشتی. ڕوخسەتی لە پیرەمێردەكان خواست كە هەموو لە بەر دەمیدا چۆكیان دادابوو. ئوسقوف قیتی كردنەوە. یەك یەك ماچی كردنو دنەی دان بەو جۆرە دوعا بكەن كە فێری كردن. ئینجا چووە خوارێ بۆ سەر بەلەمەكەو لە كەنار دوور كەوتەوە.

كاتێ ئوسقوف دەگەڕایەوە لای كەشتی ، گوێی لە سێ پیرەمێردەكە بوو بە دەنگی بەرز دوعایان دەكرد. كە گەیشتە كن كەشتی، دەنگیان نەما، بەڵام خۆیان لەبەر تریفەی مانگدا دیار بوون. لە هەمان شوێن لەسەر كەنار وەستا بوون: قوتەكە لە ناوەڕاست، كەڵەگەتە لە دەستەراستو ناوەنجییەكە لە دەستە چەپ. كە سەرەك ئوسقوف سەركەوت بۆ سەر كەشتی، ڕووی كردە لای لموزی. كەشتی بە رێ كەوت، بای هاتو كەشتی پاڵ داو كەشتی كەوتەوە گەشتی دەریا.

سەرەك ئوسقوف گەیشتە سەر لمووزی کەشتیو هەر تەماشای دوورگەکەی دەکرد. پیرەمێردەکان لە چاو دیار بوون بەڵام زۆری نەبرد سڕانەوەو لەوە بە دواوە تەنیا دوورگەکەی لێ دیاربوو. ئینجا دوورگەکەیش بزر بوو. مایەوە تەنیا دەریا کە لەبەر تریفەی مانگدا دەبریسکایەوە.

حاجییەکان راکشان بۆ ئەوەی بخەون. هەموو شتێ لە سەر پشتی کەشتی ئارام بووەوە. بەڵام سەرەك ئوسقوف خەوی لێنەکەوت. بە تەنیا لەسەر لمووزی کەشتی مایەوە. تەماشای دەریای دەکرد بۆ ئەو کەرخەی دوورگەکەی تێدا بزر بوو. یادی سێ پیرەمێردە خاسەکەی دەکردەوە. بیری دەکردەوە چەند شادو گوشاد بوون کە دوعاکە فێر بوون. سوپاسی خوای کرد کە گەیاندیە ئەوێ بۆ ئەوەی وشەی خوایی فێری پیرەمێردەکان بکا.

سەرەك ئوسقوف لە سەر لمووزی کەشتی دانیشتبوو. بیری دەکردەوەو تەماشای دەریای دەکرد بۆ ئەو لایەی دوورگەکەی تێدا وندا بوو. تیشکێکی گەشی لەبەر چاو بریقایەوە. شتێکی وەکوو نوور وا بوو لێرەو لەوێ بە دەم شەپۆلەوە دەهەژایەوەو کتو پڕ دەبریسکایەوەو لە شوێنی رۆیشتنی کەشتی لەبەر تریفەی مانگ سپی دەچووەوە: ئایا ئەمە باڵندەیە؟، یان نەورەسە؟، یان چارۆکەیەکە لەو پەلە سپییەدا؟ ئوسقوف چاوی هەڵگلۆفت بۆ ئەوەی باش ببینێ. لە دڵی خۆیدا گوتی: (ئەمە کەشتییە بە دوای ئێمەدا دێ. کەمێکی تر دەمانگاتێ. زۆر دوور بوو. بەڵام ئێستا زۆر بە روونی دیارە. ئەم

کەشتییە هیچی لە کەشتی ناکا. چارۆکەی بە چارۆکەی کەشتی ناچێ. بە هەر حاڵ شتێکە بە دوامانددا دێو هەوڵ دەدا بمانگاتێ.)

سەرەك ئوسقوف، نەیزانی ئەمە چییە؟: کەشتییە؟ نا. باڵندەیش نییە. ماسییە؟ نا. ماسیش نییە. دەڵێی مرۆڤە! بەڵام مرۆڤێکی زۆر گەورەیە. کێ باوەڕ دەکا مرۆڤ لەسەر ئاو بڕوا؟ سەرەك ئوسقوف لە جێگای خۆی هەستاو چووە لای کەشتیوانەکە.

سەرەك ئوسقوف بە کەشتیوانەکەی گوت:

- چاو دێ! برام، ئەوە چییە؟ ئەوە چییە لێرێهێ دیارە؟

بەر لەوەی کەشتیوانەکە وەڵام بداتەوە، سەرەك ئوسقوف بینی ئەوانە سێ پیرەمێردەکەن. لەسەر ئاو دەڕۆن. هەموو شتێکیان سپییە. ریشی سپییان دەبریسکێتەوە. لە کەشتی نزیك دەکەونەوە کە دەڵێی لە جێی خۆی رەق راوەستاوە.

کەشتیوانەکە بە تۆقاوی تەماشای دەورو بەری خۆی کرد. سوکانی کەشتی جێ هێشت تا هێزی تێدا بوو هاواری کرد:

- گەورەم، ئەوە پیرەکانن کەوتوونەتە دوامانەوە. بەسەر دەریادا دەڕۆن، دەڵێی لەسەر زەوی زوها دەڕۆن.

حاجییەکان گوێیان لێبوو، هەستانو خۆیان گەیاندە سەر لمووزی کەشتی. هەموویان پیرەکانیان بینی. دەستی یەکتریان گرتبوو بە خێرایی دەهاتن. دوو پیرەمێردەکەی ئەم لاو ئەولا ئاماژەیان بۆ کەشتی دەکرد کە بوەستێ. هەرسێکیان لەسەر ئاو دەڕۆیشتن دەتگوت لەسەر زەوی وشك دەڕۆن. دیار نەبوو قاچیان بجوولێتەوە.

هەرهێندە کەشتی راوەستا، پیرەمێردەکان گەیشتنە حەناس کەشتی. چوونە تەنیشتی، سەریان هەڵبڕیو بە یەك دەنگ گوتیان:

- ئەی بەندەی خودا، دەرزەکەی تۆمان لە بیر کرد. تا وشەکانمان دووبارە دەکردەوە، لە بیرمان بوو. کە سەعاتێك لە دووبارە کردنەوەی وەستاین، وشەیەکمان لە مێشك نەما. هەموو شتێکمان لە بیر کردو هەموو شتیّ بزر بوو. قەت هیچمان بە بیر نەماوە. جارێکی دی فێرمان بکە!

سەرەك ئوسقوف نیشانەی خاچی کێشاو داهاتەوە بۆ لای پیرەمێردەکانو گوتی:

- دوعاتان بەرز بۆتەوە بۆ ئاسمان، پیرو پیاوچاکینە، بۆ من نەهاتووە ئێوە فێر بکەم. ئێوە دوعا بۆ ئێمە بکەن، ئێمەی گوناهکاری بەسەزمان.

سەرەك ئوسقوف بەرامبەر پیرەکان چۆکی دادا. پیرەکان، وەرسووڕانەوەو لە سەر ئاو ملی رێی خۆیان گرتو رۆیشتن. رووناکی سەر دەریا، لەو لایەی پیرەمێردەکان لێی بزر بوون، تا بەیانی هەر مابوو

تەواو

وەرگێڕ: عەزیز گەردی.

بەحرکە. ١٩٩٥/٥/١٧

وەرگێڕ ئەم بەرهەمانەی (تۆلستۆ)ی کردووە بە کوردی:

١. حاجی مراد، هەولێر، ٢٠١٥

٢. خەڵك بەچی دەژی؟، هەولێر، ٢٠١٧

ئەمانەش ئامادەن بۆ چاپ:

٣. ئاغا و نۆکەر

٤. دیلێك لە قەفقاز

پێشتر دەمزانی خودا ژیانی بە خەڵک بەخشیوە و ویستوویەتی کە بژین. بەڵام ئێستا من شتێکی تر دەزانم. دەزانم خودا نایەوێ مرۆڤ بە گۆشەگیری و لاچەپی بژی، بۆیە بۆ کەس ئاشکرا ناکا پێویستی بە چی هەیە. دەیەوێ هەموو کەس بۆ خەڵک بژی. بۆیە بۆ هەموو کەس ئەوە ئاشکرا دەکا کە لە هەمان کاتدا بۆ خۆی و بۆ خەڵک بە سوودە. ئێستا دەزانم ئەو کەسانەی وا دەزانن تەنیا بە هەوڵی خۆیان دەژین، لە راستیدا تەنیا بە (خۆشەویستی) دەژین. ئەوەی لە خۆشەویستیدا بژی، لەگەڵ خودادا دەژی و خودایش لە دڵی ئەودا دەژی چونکە خودا بریتییە لە خۆشەویستی.

CAMBRIDGE
BOOKSHOP